# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٤) سێشەممە ٢٠١٠/١٢/٢٨

www.sbeiy.com

نرخ ٧٥٠ دینار


## هەزاران (نا) لە دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان



ل...٥

# ڕۆژنامە بە (ژمارە)پاشەکشەی کورد لە بەغدا ئاشکرادەکات

## جەوهەر نامیق: گۆڕان لەبەغدا، یارییەکە باش بەڕێوەبەرێت، دەبێتە داکۆکیکار لە مافی میللەتەکەمان

ڕۆژنامە

لەم خولەی حوکمڕانی عێراقدا، سەنگی کورد لە ناو حکومەت (٢١٪)ەوە بۆ (١٦,٥٪)و لە پەرلەمانیش (٢١٪)ەوە بۆ (١٧٪) کەمبووەتەوە. سیاسەتمەدارێکی کوردیش پارتی و یەکێتی بەهۆکار دەزانێت.

لەدوای هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٠/٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە سەنگو قەبارەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەرەو کەمبوونەوە چووەو بە بەراورد بە خولەکانی پێشوو، ئەوەش بەهۆی هەڵەکانی نوێنەرانی کوردەوە لە بەغدا.

**لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێکردن:** کورد لەکاتێکدا پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتووەتەوە کە تاڵەبانی ناتوانێت لەم خولەدا ڤیتۆی یاساکانی پەرلەمان بکات، لەناو کابینەی حکومەتیشدا، لە خولی پێشوودا کورد (٨) وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیران لە کۆی (٣٨) پۆستی وەزاری بەرکەوتبوو، کە دەکاتە کۆی (٢١٪)ی پۆستە وەزارییەکان، جگە لە (١١) پۆستی بریکاری وەزیرو سەرۆکی ئەرکانی سوپاو سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عەسکەرییو سەرۆکو پۆستی باڵا لە چەندین دەستەو کۆمسیۆنی سەربەخۆو باڵیۆزخانەکاندا.

بەڵام لە کابینەی نوێی حکومەتەکەی مالیکیدا، لە کۆی (٤٢) پۆستی وەزاری بە کورد، تەنیا (٧) پۆستی وەزاری بە جێگری سەرۆک وەزیرانیشەوە بەردەکەوێت، کە دووانیان وەزیری دەوڵەتنو ڕێژەکەشی بۆ (١٦٪)ی پۆستە وەزارییەکان کەمبووەتەوە.

**لە بواری دەسەڵاتی تەشریعی (پەرلەمان):** لەم خولەدا، کورد قورسایی لە ڕووی ڕێژەوە بە بەراورد بە خولی پێشوو (٢١٪ _١٧٪) دابەزیوە، لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (٢٠٠٥-٢٠١٠) لە کۆی (٢٧٥) کورسی کورد، (٥٨) کورسی هەبوو لە چوارچێوەی هەردوو لیستی هاوپەیمانییو یەکگرتووی ئیسلامیدا، کە دەیکردە نزیکەی (٢١٪)ی کۆی کورسییەکان، بەڵام لە خولی نوێدا (٢٠١٠-٢٠١٤) لە کۆی (٣٢٥) کورسی، کورد خاوەنی (٥٧) کورسین، کە دەکاتە (١٧,٥٪)ی کورسییەکانی ئەنجومەنەکەو نزیکەی (٤٪) بە بەراورد بە خولی رابردوو کەمیکردووە.

لەلایەکی دیکەوە، جەوهەر نامیق سالم سیاسەتمەداری کورد لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا هۆکاری پاشەکشەی کورد لەبەغدا بۆ نوێنەرەکانی کورد لەبەغدا گەڕاندەوە، هەروەک لە بارەی بەشدارینەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی عێراقو ئۆپۆزسیۆنبوونی وتی: «گۆڕان لەبەغدا، یارییەکە بەباشی بەڕێوەبەرێت، دەبێتە دەنگێکی زوڵاڵو داکۆکیکەر لە مافی میللەتەکەمان».

بۆل (٣و٦)



ئاراس فەتاح



مەریوان وریا قانع

## پارتی دوو ڕۆشنبیری ناوداری کورد دەداتە دادگا

ل...٣

## کاوە محەمەد: پارتی، سەرۆک کۆماری (وەک خاڵ) لەسەر یەکێتی حساب کردووە

ل...٧

## سەرۆکی وەفدی گۆڕان، وەڵامی سەرۆکایەتیی هەرێم دەداتەوە



ڕۆژنامە


سەرۆکی وەفدی دانوستانکاری بزووتنەوەی گۆڕان لەبەغدا، وەڵامی ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەداتەوەو سەرۆکایەتییەکەش بە لایەنگریی حیزبیی لەقەڵەم دەدات.

د. شاهۆ سەعید، سەبارەت بەو ڕوونکردنەوەیەی کە ڕۆژی (٢٢)ی ئەم مانگە بەناوی «سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بێبەشبوونی گۆڕان لە کابینەی نوێی عێراقدا» بڵاویکردەوە، وتی: «ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم، زۆر سەیرە بەلامەوە، لەبەرئەوەی سەرۆکی هەرێم قسەکەر نییە بەناوی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە، چونکە ئەوە ئیئتیلافێکی حیزبییە، تۆ بۆچی بەرگریی لەو ئیئتیلافە حیزبییە دەکەیت».

وتیشی: «سەرۆکایەتیی هەرێم دامەزراوەیەکی نیشتمانییە، نابێت تەرەفگیریی بکات لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕانو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، بەڵکو دەبێت ئەگەر کێشەیەک هەبوو، چارەسەری بکات.

ئەم ڕوونکردنەوەیەی سەرۆکایەتیی هەرێم،ئەوە دەردەخات کە سەرۆکایەتیی هەرێم، تەنیا بە فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان ڕادەبینێت نوێنەرایەتیی کورد بکات، واتە ئەو (٥٠٠)هەزار کەسەی لە کوردستاندا دەنگیان داوە بە بزووتنەوەی گۆڕان، خەڵکی ئەم کوردستانە نینو کورد نینو بۆیان نییە نوێنەرایەتییان هەبێت».

**لە لا(١٢و١٣)دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د.شاهۆ بڵاوکراوەتەوە**



وەزیری ڕۆشنبیریی‌ولاوان:

## زۆر کەس هەبوون توانایان لەو کەسانە زیاتر بووە کە خەڵاتیان وەرگرتووە

ل...١٩

## ئەگەری بڕینی (١)ملیارو (٣٣٢)ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم دەکرێت

ڕۆژنامە

نوێنەرە کوردەکان لەپەرلەمانی عێراق، لەهەولی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەن کە بەسەر وەزیرەکانی پارتیو یەکێتیو یەکگرتوودا لە پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا تێپەڕیکردووەو لە ئەگەری ڕاستنەکردنەوەشیدا، پێشبینی بڕینی (١) ملیارو (٣٣٢)ملیۆنو (٢٥٠)هەزار دۆلار لە بودجەی هەرێم دەکرێت.

بەپێی بڕگەی (ب) لەمادەی یەکەمی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، هەرێم پابەند دەبێت بەناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بۆ دەرەوەو داهاتەکەشی دەخرێتە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (DFI)، هەر لەو بڕگەیەدا، بەڕوونی ئەوە باسکراوە کە ئەگەر هەرێم پابەند نەبێت بەناردنی ئەو (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا لە ڕێژەی (١٧٪) ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

ئابووریناس، هاوار شێخ ڕەئوف پێیوایە: ئەم بڕگەیە، ئەوە بەرجەستە دەکات کە حکومەتی عێراق بەگومانە لەوەی، حکومەتی هەرێم لەداهاتوودا داهاتی نەوت بنێرێت بۆ ناوەندو پێشیانوایە، داهاتێک هەیە لە هەرێمی کوردستان بەناوی داهاتی نەوتەوەو نەنێردراوە بۆ ناو داهاتی گشتیی عێراق.

بە بڕوای ئەو ئابووریناسە: حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتدارانی کوردستان، ڕێگەو جێگەیان خۆشکردووە، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو گومانە لەحکومەتی هەرێم بکات، وتیشی: «ئەگەر حکومەتی عێراق گومانیان لەوەنەبێت، پارەی نەوت لەهەرێم دەشاردرێتەوە، هیچ پێویستی بەو بڕگەیە نەدەکرد لە بودجەدا».

بۆلا٤

## ڕاپۆرتی (١٠) پەرلەمانتار لەسەر چەمچەماڵ




ل...١٧

## کوردەکانی جەلەولا موڵکەکانیان دەفرۆشن

ل...٩

## کارنامەی مالیکی (١٩) خاڵەکەی کوردی خنکاند



ل...١١

## یەکێتی و پارتی هیچ کەرکوکییەکیان نەکرد بەوەزیر

ئارام جەمال- کەرکوک

جگە لە پارتیو یەکێتی کە هیچ کەرکوکییەکیان نەکردە وەزیر، سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی عەرەبو تورکمانو مەسیحی کەرکوک، پۆستی وەزارییان لە حکومەتی نوێی عێراقدا هەیە.

لەناو ئەو وەزارەتانەی کە لایەنە سیاسییەکانی کەرکوک وەریانگرتووە، پۆستی وەزارەتی پەروەردەی عێراق درا بە محەمەد تەمیمی، کە عەرەبێکی کەرکوکەو لەم خولەو خولی ڕابردووشدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، پۆستی وەزارەتی ژینگە درا بە سەرگۆن لازار، کە مەسیحییەکی کەرکوکەو ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بوو، پۆستی وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان، کە بۆ بەرەی تورکمانی بوو، درا بە تۆرهان موفتی، ئەندامی ئەو بەرەیە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک.

ئەمە لەکاتێکدایە، پێشتر ئالا تاڵەبانی ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەم کابینە نوێیەدا ڕۆڵی زیاتر بە کەرکوکییەکان دەدرێتو ئەو وەزارەتەی بەر یەکێتی دەکەوێت، دەدرێت بە د.نەجمەدین کەریم».

لەتیف فاتیح فەرەج، ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دۆخێکی وادا هەموو ئەو دروشمانەی کە باسی دەکەن، کەرکوک دڵ، یان قودسی کوردستانە، دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەزو دەبوو لانی کەم کوردی کەرکوک پۆستێکی وەزاری پێ بدرایە، بە تایبەت ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەکرا، ئەوەش دووبارەکردنەوەی ئەو سیاسەتە پڕ کەموکوڕییو هەڵانەیە کە سەرکردایەتی کورد لە ساڵی (٢٠٠٣)وە بەرامبەر کەرکوک ئەنجامی دەدات»،

هۆکارێکی دیکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ماڵی کورد یەک نییەو ئەوەندەی شەڕ لەسەر ئەوە کراوە گۆڕان پۆست بەدەست نەهێنێت، ئەوەندە لە خەمی یەکڕیزییو کەرکوکدا نەبوون: «بڕوام وایە، خەمی سەرکردایەتی کورد بۆ کەرکوک، خەمێکی سۆزدارانەیە، نەک خەمێکی واقیعبینی».

لەبارەی بەدەستهێنانی سێ پۆستی وەزاری لە لایەن عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکانی کەرکوکەوە، لەتیف فاتیح، وتی: «ئەوە دەردەخات کە ئەو لایەنانە لە واقیعدا لە خەمی کەرکوکدانو لە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی کەرکوکییەکاندان بە لای خۆیاندا، لە گرنگیی کێشەکە تێدەگەن، کە چەندێک گرنگە کەرکوکییەکان لە ناوەندی بڕیاردا بن».

## دوای سزادانی فەرهاد پیرباڵ


# مەریوان وریا قانعو ئاراس فەتاح، لە هەولێر دادگایی دەکرێن

دلێر عەبدولخالق

دوای سزادانی فەرهاد پیرباڵ، بە شەش مانگ زیندانییو پێنج ملیۆن دینار غەرامە، لەسەر داوایەکی تری پارتی سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، بە کەفالەت ئازاد دەکرێتو «وتاری سەرۆکی هەرێم چی وت؟»ی مەریوان وریاو ئاراس فەتاح، دەگەیەنێتە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر.

هەفتەی رابردوو، لەسەر ئەو چیرۆکەی ئاماژە بە گەندەڵیی دەکات لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیو لە ئازاری (٢٠١٠) لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری وێراندا بڵاوبووەتەوە، دادگای کەتنی هەولێر دوو سزای بەسەر فەرهاد پیربالدا سەپاند.

فەرهاد پیربال، بە رۆژنامەی وت: «ئەو چیرۆکەی لەسەری سزادراوم، نە نووسەریمو نە وەرگێڕیم، جگە لەوەی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە لایەن زانایەکی موسڵمان نووسراوەو (٧٠) جار لە (٧٠) دەوڵەتی عەرەبی چاپو بڵاوکراوەتەوە، بێ ئەوەی قەدەغە بکرێت، بەڵام لێرە بە حوکمی حیزبە ئیسلامییەکان، کە لە رێی پەرلەمانەوە چنگیان لە قەزاو نووسەران گیرکردووە، دووجار لەسەری سزا درام».


فەرهاد پیرباڵ


ئاراس فەتاح


مەریوان وریا قانع

هەرچەندە پیربال بەپێی مادەی (٩)ی یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەریی پەلکێشی دادگا کراوە، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات؛ بە مادەی (٤٠٣) لە یاسای سزادانی عێراقی (٦) مانگ بێ جێبەجێکردن حوکمدراوەو پێنج ملیۆن دیناریش غەرامەکراوە.

وتیشی: «شەرمە بۆ پەرلەمان، یاساکانی سەردەمی بەعس لەسەر ئێمە تاقی بکرێتەوە،ە».

لە لایەکی ترەوە، وتاری هاوبەشی مەریوان وریا قانعو ئاراس فەتاح، کە لە ژمارەی (٢٢٧)ی رۆژنامەی ئاوێنە، لەژێر ناوی (سەرۆکی هەرێم چی وت؟) داوایەکی تری پارتی دیموکراتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە یەکەم دانیشتنی سەرنووسەری رۆژنامەکە بە کەفالەتی دوو ملیۆن دینار ئازاد کراوەو سکاڵاکە هەردوو نووسەر دەگرێتەوە.

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە بە رۆژنامەی راگەیاند: «جیاواز لە داواکانی تری سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، داوایەکی ترمان لەسەرە تایبەتە بە نووسینێکی هاوبەشی مەریوان قانعو ئاراس فەتاح، لەگەڵ بابەتێکی تر بە ناوی سارا محەمەد، بڵاوکراوەتەوە».

نووسینەکەی ئەو دوو نووسەرە، تایبەتە بە وتارێکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەشیکردووەو لە پێشەکییەکەیدا هاتووە: «کە سەرۆکی هەرێم قسەیکرد، مەرج نییە هەمووومان گوێی لێ بگرین، بەڵام کە هەڕەشەی کرد، دەبێت هەمووومان زۆر بە جدیی گوێبیستی بین».

سەرنووسەری ئاوێنە، ئەوەشی ئاشکرا کرد؛ داواکە تەنیا پەیوەست نییە بە رۆژنامەکەوە، بەڵکو هەردوو نووسەری بابەتەکەش دەگرێتەوە.

لەوبارەیەوە، وتی: «چوارشەممەی رابردوو، ئێمە وەک سەرنووسەری رۆژنامەکە بانگکراینو لە یەکەم دانیشتن تۆمەتەکەمان رووبەڕوو کرایەوەو بە کەفالەت ئازاد کراین، بەڵام لە دانیشتنەکانی تردا، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، داوای نووسەرەکانیش دەکات».

لای خۆشیەوە، مەریوان وریا قانع، ئاماژە بەوە دەکات؛ لە ناوەڕۆکی نووسینەکەیان پەشیمان نین، بەوپێیەی شتێکیان نەوتووە سووکایەتی، یان تەشهیری تێدا بێت.

مەریوان بۆ رۆژنامە وتیشی: «پارتی بۆی بکرێت هەموو وشەیەک بەناو سیستمی سانسۆری ئەواندا تێنەپەڕێت، ناهێڵن بگوترێتو بنووسرێت، دوای ئەو هەموو ساڵە خەباتە دەیانەوێت ئازادیی ئێمە بکوژن، لە کاتێکدا لای ئێمە مومکین نییە بێدەنگ بین لەو شتانەی بە راستی نازانین».

ئەو نووسەرە ئەوەشی خستە روو؛ وەکچۆن لە رابردوودا بەردەوامیيان داوە بەو تەرزە نووسینە، لە ئێستاو ئایندەش بەردەوام دەبن، چونکە کۆمەڵێک سیاسەتی خراپو نالەبار دەبینینو دەزانن زیانیان بۆ کۆمەڵگەو مەسەلە سیاسییەکانو ئایندەی ئەم میللەتە هەیە، بۆیە وەک رۆشنبیر بەکاری خۆیانی دەزانن قسە لەسەر ئەو خراپەکارییانە بکەین.

# ڕۆژنامە بە ژمارەو سەلماندن پاشەکشەی کورد لەبەغدا ئاشکرادەکات

راپۆرتی: بەهادین یوسف

**سەنگی کورد لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (٢١٪)ەوە بۆ (١٦,٥٪) و لە دەسەڵاتی یاسادانانیشدا (٢١٪)ەوە بۆ (١٧٪) کەمدەبێتەوە. هەروەک لە سەرۆکایەتی لیژنەکانو چاوەڕوانیش دەکرێت لە وەرگرتنی بریکاری وەزیرو سەرۆکایەتیو ئەندامێتی دەستە سەربەخۆکانو سوپاو دەزگا ئەمنییەکاندا، ڕێژەکە بەرەو کەمبوونەوەی زیاتر بچێت.**

لەدوای هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٠/٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە سەنگو قەبارەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەرەو کەمبوونەوە چووەو بە بەراورد بە خولەکانی پێشوو، ئەوەش بە هۆی هەڵەکانی نوێنەرانی کورد لە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق بۆ پەرلەمانی عێراق. پەسەندکردنی چەند بنەمایەکی دیکە بۆ دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان لەسەربنەمای ڕێژەی کورسیو دەنگەکان لە پەرلەماندا.

د.ئەحمەد ئەنوەر، پسپۆڕی یاساییو ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەمبوونەوەی رێژەی کورد لە پەرلەماندا کاریگەریی دەبێت لەسەر هەموو بەرکەوتەکانی هەڵبژاردنو دابەشکردنی بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانو سەفارەتو دەزگاسەربەخۆکانو دەزگا ئەمنییەکانو پێکهاتەکانی سوپادا، بەو پێیەی سەرژمێرییەکی ورد نییە رێژەی پێکهاتەکانی عێراق بە روونی دەربخاتو تاکە بنەماش کە پشتی پێ دەبەسترێت، دەرەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانە».

### مافی ڤیتۆ

لە خولی پێشوودا کورد پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی وەرگرت، بە دەسەڵاتێکی گەورەی بەشدار لە ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانییو بوونی مافی ڤیتۆو رەتکردنەوەی ئەو بڕیارە یاساییانەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆی رەوانە دەکران، بەڵام لەم خولەیدا کە کورد ئەو پۆستەی وەرگرتووە، سەرۆک کۆماری عێراق مافی ڤیتۆی نییەو لەبری ئەوەش بڕیارە ئەنجومەنی فیدراڵیی پێکبهێنرێت، وەکو ژووری دووەمی یاسا دانان. لە هەموارکردنەوەی دەستووردا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە دیاریکراوەو مەترسییەکی گەورەش دەکرێت، کە ڕێژەی کورسییەکانی کورد (هەرێمی کوردستان) لە ئەنجومەنە نوێیەکەدا کەمبێتەوە، گەر لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی پارێزگاکان، یان ڕێژەی


ڕاگەیاندنی کابینەکەی مالیکی لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
فۆتۆ: AP

کورسی لە پەرلەمان، یان وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا پشکی هەبێت.

ئەو ئەنجومەنە، کە کاری پەسەندکردن، یان رەتکردنەوەی ئەو یاسایانە دەبێت، کە لە ژووری یەکەمی یاسادانان (ئەنجومەنی نوێنەران)ەوە بۆی رەوانە دەکرێت، هەروەک رۆڵێکی گەورەی تەشریعی دەبێت لە پێشنیارکردنو ئامادەکردنو هەموارکردنەوەی یاساو بڕیارەکان لە عێراقدا.

هەورەک بەپێی رێککەوتنی سیاسیی لایەنەکانی عێراقیش؛ (ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆسیاسەتەستراتیژییە باڵاکان) پێکدەهێنرێت، هەرچەندە دەسەڵاتو ئەرکو رۆڵەکانی تائێستا دیاری نەکراوە، بەڵام پێدەچێت دەسەڵاتە راوێژکارییو تەنفیزییەکانی کاریگەریی هەبێت لەسەر کەمبوونەوەی پەنجەی کورد لەسەر نەخشاندنی یاساو بڕیارەکان.

### دەسەڵاتی یاسادانان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئێستا تاکە دەزگای یاسادانانە لە عێراقداو لەم خولەدا کورد، قورسایی لە رووی رێژەوە بە بەراورد بە خولی پێشوو (٢١٪ _١٧٪) دابەزیوە، ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پێکهاتەی دەستە سەربەخۆکانی پەیوەست بە پەرلەمانو هەیئەو کۆمسیۆنەکانی دیکەوە.

لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (٢٠٠٥-٢٠١٠) لە کۆی (٢٧٥) کورسی کورد (٥٨) کورسی هەبوو لە چوارچێوەی هەردوو لیستی هاوپەیمانییو یەکگرتووی ئیسلامیدا، کە دەیکردە نزیکەی (٢١٪)ی کۆی کورسییەکان، بەڵام لە خولی نوێدا (٢٠١٠-٢٠١٤) لە کۆی (٣٢٥) کورسی، کورد بە هەر چوار لیستی (هاوپەیمانیی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) خاوەنی (٥٧) کورسین، کە دەکاتە (١٧,٥٪)ی کورسییەکانی ئەنجومەنەکەو نزیکەی (٤٪) بە بەراورد بە خولی رابردوو کەمیکردووە.

پێگەی کورد لەم بوارەشدا بە بەراورد بە خولی رابردوو، روو لە کەمبوونەوەیە. ئەوەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دابەشکردنی سەرۆکایەتی لیژنەکانو دواتریش پێکهێنانو دارشتنەوەی دەستە سەربەخۆکان لە عێراقداو پشکی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا وەک بنەمایەکی سەرەکیی لەبەرچاو دەگیرێت.

لە دابەشکردنی سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمانی عێراقیشدا، لە کۆی (٢٦) لیژنە، شیعەکان سەرۆکایەتی (١٢) لیژنەو عێراقییە (٦) لیژنەو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان (٤) لیژنەو گۆڕانیش (یەک) لیژنەی بەردەکەوێت.

پێوەری پیادەکراو بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بریتییە: لە (١٣) کورسی بەرامبەر بە سەرۆکایەتی یەک لیژنەو لیژنەکانیش بەپێی سیادییو گرنگیی بەسەر سێ گرووپی جیادا دابەشکراون.

دوو بڕیاردەرەکەی پەرلەمانیش لە تورکمانو مەسیحییەکانە، کە ئەرکیان رێکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمانو رێژەی ئامادەبووانو نیسابی یاسایی دانیشتنەکانە، لە خولی پێشوودا فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، یەکێک لە دوو بڕیاردەرەکەی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام لەم خولەدا هیچ بڕیاردەرێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەرناکەوێت.

لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا، کە (٢٤) لیژنە بوو، (١١) لیژنە بەر شیعەکان کەوتبوو، سوننەکانیش بە عێراقییەوە سەرۆکایەتی (٧) لیژنەی بەدەستەوە بوو، کوردیش سەرۆکایەتی (٥) لیژنەی هەبوو، بەڵام ئێستاو دوای زیادکردنی ژمارەی لیژنەکانیش هەروەکو خۆی (٥) لیژنەی بەرکەوتووەتەوە، کە دەستبەرداری چەند لیژنەیەکی گرنگی وەکو شەهیدانو کارو ئاوەدانکردنەوە بووە.

### دەسەڵاتی جێبەجێکردن

لەناو کابینەی حکومەتیشدا، لە خولی پێشوودا کورد پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانو وەزارەتەکانی دەرەوەو پیشەسازییو شارەوانییو سەرچاوەکانی ئاوو ژینگەو دادو وەزیرێکی دەوڵەتی هەبوو، (٨) وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیران لە کۆی (٣٨) پۆستی وزاری، کە دەکاتە کۆی (٢١٪)ی پۆستە وزارییەکان، جگە لە (١١) پۆستی بریکاری وەزیرو سەرۆکی ئەرکانی سوپاو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عەسکەرییو سەرۆکو پۆستی باڵا لە چەندین دەستەو کۆمسیۆنی سەربەخۆو باڵیۆزخانەکاندا.

لە کابینەی نوێی حکومەتەکەی مالیکیدا، لە کۆی (٤٢) پۆستی وزاری بە سەرۆکو جێگرەکانیو وەزیرەکانەوە، کورد تەنیا (٧) پۆستی وەزاری بە جێگری سەرۆک وەزیرانیشەوە بەردەکەوێت، کە دووانیان وەزیری دەوڵەتنو رێژەکەشی بۆ (١٦٪)ی پۆستە وەزارییەکان کەمبووەتەوە.

کەمبوونەوەی وەزیرەکانو پۆستە وەزارییەکان، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی پۆستەکانی بریکاری وەزارەتەکانو بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتەکانو باڵیۆزخانەکانی عێراق لەدەرەوەی وڵاتو سەرۆکی ئەرکانی جەیشو سەرکردەی فیرقەکانو هەواڵگرییو ئاسایشو دەستە سەربەخۆکانو کۆمسیۆنە فیدراڵییەکان.

بە وتەی د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: «پشکی کورد لە وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکاندا زۆر کەمبووەتەوەو هەندێک وەزارەت وەرگیراوە، کە گرنگ نینو کورد زیانی کردووە لەو دابەشکردنەدا، لەگەڵ ئەوەی کەمترین وەزارەتی بەرکەوتووە».

هاوڕا لەگەڵ ئەوە، عەبدولرەحمان سدیق، وەزیری پێشووتری ژینگەی عێراقی لە بارەی سەنگی کورد لە حکومەتی نوێی عێراقدا پێیوایە؛ بە بەراورد بە ژمارەی وەزیرە کوردەکانی کابینەی پێشووی حکومەتی عێراق، رێژەی کورد کەمیکردووە: «لە کابینەی پێشوودا لە کۆی (٣٧) وەزارەت (٧) وەزیری کورد بوو، بەڵام لە کابینەی نوێدا لە کۆی (٤٢) وەزیر، تەنیا (٧) وەزیری کوردی تێدایە، مانای وایە لە رووی پێوانەو رێژەوە ژمارەی کورد لە حکومەتی نوێی عێراقدا کەمبووەتەوە».


هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی رێژەی کورسییەکانی کوردو دواتر کاریگەریی لەسەر پۆستە وەزارییەکان، دەنگدانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی بوو لە خولی پێشوودا بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، (هەمواری یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥)، کە (٥٠) کورسی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران زیادکراو لەو زیادەیەش تەنیا (٦) یان بەر سێ پارێزگاکەی هەرێم کەوتن.

د.ئەحمەد ئەنوەر، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق، هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی سەنگی کورد لە بەغدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی: «ناهاوسەنگییەک هەیە لەنێوان رێژەی کوردو عەرەب، هەر چوارساڵ جارێک ئەو رێژەیەی کورد دادەبەزێت، ئەوە شتێکی زانستییە زیادەی (٥-٦) ملیۆن کەس لەگەڵ زیادەی زیاتر لە (٢٠) ملیۆن لە رووی ژمارەوە وەکو یەک نییە، لەبەر ئەوە رەنگە لە داهاتوودا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان زیاتربێت، زیادبوونی رێژەی کوردیش بەو زیادە هاورێژەییە نابێت».

سەبارەت بە رێژەی کوردیش لە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی عێراقو سەفیرەکانیشدا، د.ئەحمەد ئەنوەر، وتی: «سەفیرەکان لەسەر بنەمای رێژە دانراون، راستە ئەوانەی پێشوو ناگۆڕدرێن، بەڵام بۆ هەر جارێکی دیکە کە بۆشایی دروستبوو، سەفارەتی نوێ کرایەوە، سەفیرە کۆنەکان خانەنشینکران، ئەو کاتە دووبارە بەپێی رێژەکان دابەشدەکرێنو لەوەشدا بەرکەوتەی کورد کەم دەبێتەوە».

ئەگەری بڕینی (١)ملیارو (٣٣٢)ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم دەكرێت 4

# كێیە، كورد پەرت دەكات؟



سیروان رەشید

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە، پرسیارێكی راستەوخۆو راشكاوانە لە خۆمان بكەین؛ ئایا لە حەوت ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارو نوێنەرانی كورد لە بەغدا، هیچ دەستكەوتێكی نەتەوەییان بەدەستهێناوە؟ یان ئەگەر پرسیارەكە زیاتر ورد بكەینەوە، ئایا هاوڵاتیی كورد، هیچ قازانجێكی لە پێدانی پۆستی باڵاو وەزارەت بە پارتیو یەكێتی لە بەغدا كردووە؟ وەڵامەكەی لای زۆرێك لە خەڵكی كوردستان روونە، هیچ...، چونكە وەرگرتنی پۆستی باڵا بەتەنیا سەركەوتن نییە، بەڵكو سەركەوتنی سیاسیی راستەقینەی لەوەدایە، ئەوپۆستانە بۆ كاریگەریی دروستكردن لەخزمەتی دۆزە نەتەوەییەكەدا بەكاربهێنرێن.

لە حوكمڕانیی تازەی عێراقدا (پەرلەمان، حكومەت، سەرۆكایەتیی كۆمار)، ئەو پۆستانەی كە بۆ پێكهاتەی لایەنی كوردستانی دانراون لەگەڵ قەبارەی سیاسیی كورد لە عێراقو هەرێمی كوردستاندا هاوتەریب نینو ناگونجێن. ئەم پاشەكشەیەش، نەك خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان ناكات، بەڵكو ئێستا بووەتە مەترسییەكی گەورە، لە كاتێكدا چەندین كێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان هەرێمو بەغدا ماونەتەوە.

پارتیو یەكێتی كە سەببكاری سەرەكیی ئەو پاشەكشەپێكردنەی كوردن، نوێنەرایەتیی كوردیشیان لەناو حكومەتو پەرلەماندا زۆر بچووككردووەتەوە، بەجۆرێك ئێستا سەنگی كورد لە حكومەتی عێراقدا (١٦،٥٪)ە كە بەبەراورد بە كابینەی رابردوو (٢١٪)بووە، لەناو پەرلەمانیش لە (٢١٪)ەوە بۆ (١٧٪) پاشەكشەی كردووە.

بەڵێ، ئێوەن نوێنەرایەتیی كورد سووك دەكەنو ناوماڵەكەشی پەرت دەكەن، چونكە لە حەوت ساڵی رابردوو نوێنەرایەتیی كوردی لەناو حكومەتو پەرلەماندا هێندەی ئەمڕۆ لەبەغدا بچووك نەبووەتەوە!

بڕیاربەدەستانی هەرێم، لەسەروبەندی پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراقدا، لەباتی ئەوەی لەخەمی یەكڕیزیی كوردو بەهێزكردنی سەنگە سیاسییەكەیدا بن، كەچی موئامەرەی «ژێربەژێر» لە هاونەتەوەكانیان دەكەنو مەغرورانە تەنیا خۆیان بەنوێنەری كورد دەزانن!. كە بەسیاسەتی «پیلانی ژێر بەژێر»، بۆ بێبەشكردنی هێزێكی كاریگەری وەك بزووتنەوەی گۆڕان لەئیستیحقاقی نەتەوەییو هەڵبژاردن، نوێنەرایەتیی كوردیان لەحكومەتی بەغدادا بچووككردەوەو ناو ماڵەكەشیان پەرت كرد.

ئاخر ئێوە بە چ هەقێك، خۆتان بەنوێنەری هەموو كورد دەزانن؟! بەغەش و تەزویر، بەئیستبدادو خۆ سەپاندنتان، بەپەرتكردنی ناوماڵی كوردو بچووككردنەوەی نوێنەرایەتیەكەی!..

نەخێر، ئێوە بەتەنیا مەرجەعی خەڵكی كوردستان نین، بەڵكو بەشێكن لە نوێنەرایەتیی كوردو بزووتنەوەی گۆڕانیش نوێنەرایەتیی بەشەكەی دیكە دەكات، بۆیە ناتوانن بە نوێنەرایەتیی هەموو كوردەوە قسە بكەن، چونكە گۆڕان:

* نوێنەرایەتیی نیو ملیۆن دەنگدەری كورد دەكات.
* خاوەنی (٢٥) كورسی پەرلەمانی كوردستانە.
* دووەم هێزی گەورەی هەرێمی كوردستانە.
* لە پارێزگای سلێمانی گەورەترین هێزی سیاسییە.
* شەقامی كوردی لە ئەوروپا بەدەست گۆڕانەوەیە.

مەنتیقی بەتەنیا خۆ بەمەرجەع زانین لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، نەك تەنیا لەبەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵكو لەبەرامبەر هەر هێزێكی دیكەی كوردیی كە ئەگەر خاوەنی تەنیا یەك كورسی پەرلەمانیش بێت، نادروستو نارەوایە.

بزووتنەوەی گۆڕان بڕیارێكی ژیرانەی دا كە ملكەچیو پاشكۆیەتی دەسەڵاتدارانی قبوڵنەكردو سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پاراستو خیاری ئۆپۆزسیۆنبوونی هەڵبژارد، بەم بڕیارو هەڵوێستەی، كۆمەڵێك دەستكەوتی گەورە مسۆگەردەكات:

**یەكەم:** لەمێژووی عێراقدا، یەكەم لایەنی سیاسییە كە بەشێوەیەكی یاساییو دەستووریی واقیعی ئۆپۆزسیۆنبوونی چەسپاند.

**دووەم:** گۆڕان بەم هەڵوێستەی، دینامیكییەتی كورد لەبەغدا بەهێز دەكاتو دەستكراوە دەبێت لەچاودێریكردنی ئەدائی حكومەتو نوێنەرانی كورد و ئاشكراكردنی كەمتەرخەمییەكانیان بۆ خەڵكی كوردستان.

# ئەوقاف،(٢٥٠)ئەوەندەی وەزارەتی نەوت داهاتی هەیە

رۆژنامە



بینای وەزارەتی ئەوقافی حكومەتی هەرێم — فۆتۆ: ئەرشیف

وەزارەتی سامانە سروشتییەكان كەمترین داهاتی خۆی دەخاتە نێو بودجەوە بەجۆرێك كە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥٠) ئەوەندەی داهاتی وەزارەتی نەوت دەبێت.

لەچەند ساڵی رابردوودا وەك بەخشین، حكومەتی هەرێمی كوردستان (٦)ملیار دۆلاری لە كۆمپانیاكانی دەرهێنەری نەوت لە كوردستاندا وەرگرتووە، كە زیاتر لە شەش ئەوەندەی ئەو پارانەیە كە بۆ سەرجەم پرۆژە پێشنیازكراوەكانی ساڵی (٢٠١٠) تەرخانكراون.

بەپێی وتارێكی رۆژنامەنووس عەلی حەمەساڵح، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا تەنیا (٣٠)ملیۆن دیناری داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەكانی هەرێم خراوەتە ناو داهاتی كوردستانەوە، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف (٧)ملیارو (٧٤٩)ملیۆن دیناری خستووەتە ناو داهاتی كوردستان، واتە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف، (٢٥٨) ئەوەندەی داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەكانە، چ مەنتیقێك رێگا بەمە دەدات؟

بەپێی وتارەكەی عەلی حەمەساڵح، خەرجییەكانی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان، (١٢٠)ئەوەندەی داهاتەكەی بووەو دەپرسێت: «ئایا جگە لەو لۆجیكەی كە حكومەتی هەرێم كاری پێدەكات، چ لۆجیكێكو بیركردنەوەیەكی ئابوورییانە رێگا بەمە دەدات؟».

لەكاتێكدا لەماوەی رابردوودا، حكومەتی هەرێمی كوردستان (٦)ملیار دۆلاری وەكو شیرینیی نەوت لە كۆمپانیاكانی ئەو بوارە وەرگرتووە، بەڵام لەهەفتەی رابردوودا، تەنیا (٢٥٠)ملیۆن دۆلاری بەرەسمیی ئاراستەی پەرلەمانی كوردستان كردووە تا وەكو بودجەی تەواوكاریی بۆ پەرەپێدانی هەرێمەكان لە ساڵی (٢٠١٠)دا خەرجبكرێت.

**زانیاریی زیاتر لە لا(١٤)دایە.**

# (٧٠)هەزار لە مووچەی پۆلیسو ئاسایشی خانەنشینكراو، دەبڕدرێت

لاڤە بەشارەت

وەزارەتی ناوخۆ بڕی (٧٠)هەزار لە مووچەی خانەنشینانی پۆلیسو ئاسایش دەبڕێتو ژمارەیەك لەو خانەنشینانەش خۆپیشاندان دەكەن.

لەپاش ئەوەی بە بڕیارێكی وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە لە (٢٠١٠/٢/١٧)دا دەرچووە، رەزامەندیی پیشاندراوە لەسەر سەرفكردنی بڕی (٧٠) هەزار دینار وەك زیادەی مووچەی خانەنشینان بۆ ئەو كەسانەی لەنێوان (٢٠٠٨/١/١-٢٠٠٨/٧/٣١)خانەنشین كراون، بەڵام لە بڕیارێكی نوێدا، وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە، ئەو بڕەپارەیەیان لێوەربگیرێتەوە كە مانگانە لە (٢٠١٠/١/١)ەوە پێیاندراوە.

عەبدولواحید عەبدوڵڵا، كە ئەفسەرێكی خانەنشینكراوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە خانەنشین كراومو بڕی (٨٠٪)ی مووچەو دەرماڵەمان بۆ خەرج بكرێت، بەڵام لە ئێستادا ئەو مووچەیەمان لێدەبڕرێت تا ئەو (٧٠) هەزارەمان لێوەردەگیرێتەوە»و ئاماژەی بەوەشدا: «ئەوان ژمارەیان (١١٢) پۆلیسە كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بڕیاریان داوە كە رۆژی پێنجشەممەو لە بەردەركی سەرای شاری سلێمانی كۆببنەوەو داوای مافی خۆیان بكەن».

لەبەرامبەردا، جەلال شێخ كەریم، بریكاری وەزیری ناوخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین كە ئەو پۆلیسو ئاسایشانە خانەنشین نەكرێن، تا یاسایەكی تایبەتیان بۆ دادەنرێتو ئەو بڕەپارەیە لەو پۆلیسو ئاسایشانە وەردەگیرێتەوە كە لە دوومانگی رابردوودا خانەنشین كراونو ئەوانەی پێشووتر هیچ پارەیەكیان لێوەرناگیرێتەوە».

# سزادراوانی سیاسیی دەتوانن بگەڕێنەوە سەر كارەكانیان

رۆژنامە

لە دوایین هەوڵی فراكسیۆنی گۆڕان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو سزادراوە سیاسییانە، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بەڵێنی بە فراكسیۆنی گۆڕان داوە، كە ئەو سزادراوانە دەتوانن ئێستا بگەڕێنەوە سەر كارەكانیان.

پەیام ئەحمەد، رێكخەری نێوان فراكسیۆنی گۆڕانو حكومەتی هەرێم بۆ پرسی سزادراوانی سیاسیی رایگەیاند: بە پشتبەستن بە وەڵامی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو نووسراوی فەرمیی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سزادراوانی سیاسیی دەتوانن لە ئێستاوە بگەڕێنەوە سەر كارەكانیان».

پەیام ئاماژەی بەوەشدا، ئەم بڕیارە تەنیا بۆ گەڕانەوەی سەرجەم سزادراوانی سیاسییە، بەڵام بەردەوام دەبین بۆ گرتنەبەری هەموو رێوشوێنێكی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو مووچانەی كە لە ماوەی سزادراویان بۆیان هەژمار نەكراوە، بۆیان بگەڕێتەوە، چونكە بە هۆی پێداگریی ئێمە لەكاتی پەسەندكردنی بودجەی (٢٠١٠) بە یاسا كراوە، كە دەبێت سەرجەمیان بگەڕێنەوە سەر كارەكانیانو مووچە بڕدراوەكەشیان بۆ هەژمار بكرێتەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان لە نووسراوێكیدا بە ژمارە (١٤٥٣١) جارێكی تر جەخت لەسەر جێبەجێكردنی فەرمانێكی پێشتری بە ژمارە (٣٩٧٧) دەكاتەوە، كە لەو فەرمانەی پێشتریدا بڕیاریداوە بە وەرگرتنی ئیجرائاتی یاساییو ئیداریی پێویست بۆ بە پەلە هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێك، كە درابێت بە هۆكاری سیاسیی، یان بە هۆی دەنگدان بە لایەنێكی سیاسیی دیاریكراو، سەبارەت بە دوورخستنەوەی فەرمانبەرو كارمەندی حكومەت لە وەزیفەو گەڕاندنەوەی دەستبەجێیان بۆ سەر وەزیفەی پێشوویان، بە هەمان پلەو مووچەیان.

# پەرلەمان لەم خولەیدا تەنیا (٦) یاسای دەركردووە

شارا عەبدولڕەحمان



دانیشتنێكی پەرلەمانی كوردستان — فۆتۆ: ئەرشیف

دەستپێكردنی پشووی زستانەی پەرلەمانی كوردستان، تەنیا (٣) رۆژی ماوەو پەرلەمان لەم خولی گرێدانەی رابردوویدا تەنیا شەش یاسای دەركردووە.

پەرلەمانتارێكیش هۆكاری ناچالاكبوونی پەرلەمان دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرێوەچوونی كۆنگرەی یەكێتیو پارتیو چەندین هۆكاری تر.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆكەی لە چەند رۆژی داهاتوودا (٢٠١١/١/١)، پشووی زستانەی پەرلەمانی كوردستان دەستپێدەكاتو ماوەی (٢) مانگ دەخایەنێت، ئەمەش لە كاتێكدایە كە لە ماوەی چوار مانگی رابردووی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەماندا، تەنیا (٢٠) كۆبوونەوەی ئەنجامداوەو (٦) یاساشی پەسەند كردووە.

ناسك تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: كۆی ئەو یاسایانە كە پەسەند كراون، دووانیان پرۆژەیاسای وەزارەتەكانی شارەوانیو رۆشنبیرییو لاوانی حكومەتی هەرێمە، كە لە راستیدا پێویست بوو هەر لە خولی پێشووی پەرلەمانداو لە ساڵی رابردوودا ئەو دوو پرۆژەیاسایە پەسەند بكرێن، یاساكانی تریش كە پەسەند كراون بریتین: لە وەستاندنی كاركردن بە یاسای بەكرێدانی خانووبەرەو یاسای خۆپیشاندانو یاسای راگیراوانی بێ پاساوی سیاسییە».

ئەندامەكەی فراكسیۆنی یەكگرتووی ئیسلامیی، پێشیوایە؛ كە (١٩) كۆبوونەوە بۆ خولێكی چوار مانگی پەرلەمانی كوردستان كەمە، وتیشی: «جگە لە كەمیی كۆبوونەوەكان، ناچالاكیی پەرلەمان كاریگەریی كردووەتە سەر كاری لیژنەكانیش، چونكە زۆربەی ئەندامانی لیژنەكانی پەرلەمان كۆبوونەوەكانی خۆیان دەبەستنەوە بە كۆبوونەوەی پەرلەمانەوە، بۆیە ئەگەر لایەنی كەم لە هەر هەفتەیەكدا سێ دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام بدرێت، ئەوا لە مانگێكدا پەرلەمان دەتوانێت (١٢) كۆبوونەوەو بۆ خولێكی دانیشتنیش كە لە چوار مانگ پێكدێت، نزیكەی (٥٠) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامدەدرێت».

بەرێوەچوونی كۆنگرەی یەكێتی لە مانگی حوزەیرانو كۆنگرەی پارتی لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا، بە بڕوای ناسك تۆفیق، هۆكار بووە بۆ ناچالاكبوونی پەرلەمانی كوردستان، «چونكە زۆرینەی پەرلەمانتاران ئەندامی ئەو دوو حیزبەن».

هۆكارێكی تری ناچالاكبوونی رۆڵی پەرلەمان، بە وتەی ناسك، دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ؛ چونكە بەوتەی ئەو: «لەو پەیڕەوەدا سەرۆكایەتیو ئەندامانی پەرلەمان پابەندو ناچار نەكراون بە ئەنجامدانی چەند كۆبوونەوەیەك لە هەفتەیەكدا».

# رۆژنامە خەڵاتی باشترین راپۆرتەكانی عێراق وەردەگرێت

رۆژنامە

رێكخراوی (MCIT) ئەڵمانی بە هاوكاریی كۆڕبەندی ئابووریی عێراقی- ئەڵمانیو وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، خەڵاتی (چاوی كراوە)یان بە راپۆرتێكی رۆژنامەكەمان بەخشی.

دوای ئەوەی لە مانگی ئابی ئەمساڵدا، لە زۆرێك لە میدیاكاندا راگەیەندرا كە دەزگایەكی فەرمیی ئەڵمانیا خەڵاتی باشترین راپۆرتی ئابووریی دەكات، راپۆرتی «داهاتێكی ونبوو» كە لە رۆژنامەدا بڵاوكرایەوەو باس لە وردەكارییەكانی پرۆسەی بردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان دەكات بۆ ئێرانو لە ئامادەكردنی رۆژنامەنووسی ئابووریی، محەمەدی شێخ فاتح بوو، وەك یەكێك لە باشترین راپۆرتە ئابوورییەكان دەستنیشانكراو بە بڕوای لیژنەی هەڵسەنگاندنیش، ئەو راپۆرتە زۆر بە بەباشی ئامادەكراوەو زانیاریی وردی تێدایەو كاریگەریی لەسەر رای گشتی هەیە.

رۆژی (٢٠١٠/١٢/٩)، لە ئاهەنگێكی فراوانداو بە ئامادەبوونی بەرێوەبەری گشتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باكووری ئەفەریقیا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاو باڵیۆزی عێراق لەو وڵاتەو چەندین كەسایەتی، ئاهەنگێكی رێزلێنان بۆ هەرسێ براوەكانی ئەو خەڵاتە سازكرا، كە محەمەدی شێخ فاتح ئامادەكاری راپۆرتەكەی رۆژنامە یەكێك بوو لە براوەكانو خەڵاتی چاوی كراوەی بۆ ساڵی(٢٠١٠) پێبەخشرا.

# کـــورد گـــۆڵ لـــە خـــۆی دەکـــــات

دلێر عەبدولخالق

بۆ بردنەوەی کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق، دوو «تیمە کوردییەکە» فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و گۆڕان بە جیا کاردەکەن، بەڵام لە یەکەم گێمەوە بۆ بردنەوەی بەشێک لە پێگەکانی کابینەی نوێی مالیکی، تیمی یەکەم گۆڵی لە گۆڕان کردو دەسەڵاتی کوردی لە بەغدا بچووککردەوە.

هەرچەندە بڕیار بوو فراکسیۆنی گۆڕانی خاوەن (٨) کورسی، بەپێی پشکی دەنگدەرانی، دوو وەزارەت لە کابینە (٤٢) وەزیرییەکەی نوری مالیکی وەربگرێت، بەڵام دوای دەرچوونی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە فشاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم دەرگاکانی حکومەتی بەسەردا کلۆمدراو دەرگای ئۆپۆزسیۆنی بە ڕوودا کرایەوە.

ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم لە کاتێکدایە، کێشەکانی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند بە هەڵپەسێردراویی ماوەتەوەو پەرلەمانتارە کوردەکان پێیانوایە؛ کاردانەوەی ئەم دۆخە «سلبیە» لە کردنەوەی گرێکوێرەکانی کێشەی کورددایە لە بەغدا.

مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان بە ڕۆژنامەی وت: «کێشەکانی نێوان هاوپەیمانی، گۆڕانکارییەکی خراپی لەسەر یەکدەنگیی کوردو یەکلایی نەکردنەوەی پرسە نەتەوەییەکان، لەگەڵ حکومەتی ناوەند دەبێت».

ئەو سیاسییەی کورد، ئاماژەی بەوە کرد؛ مالیکی هێزی خۆی لە بێهێزیی لایەنەکانی تر وەردەگرێت‌و بەشێک لە تاکتیکەکەی ئەوەیە، بەرەکانی بەرامبەری، بە تایبەت کورد بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان سەرقاڵبکات‌و نەپەرژێنە سەر داواکانیان، تا ڕووبەڕووی کابینەکەی بکەنەوە.

واقیعی سیاسیی عێراق‌و ناکۆکییەکانی کورد لە بەغدا، سەلمێنەری سەرکەوتنی تاکتیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقە بە دوو ڕێگە، یەک: ئەوەی دەبیندرێت ماڵی کورد پڕ کێشە کراوە، دوو: پێگەی کوردی لە ئیدارەی عێراقدا بچووککراوەتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، شاهۆ سەعید، سەرۆکی وەفدی دانوستکاری گۆڕان لە بەغدا، پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردو وتی: «پیرۆزبایی ئەو گوشارەی لێدەکەم، کە سەری گرت‌و لە ڕێگەیەوە سەنگی کوردی زۆر بچووککردەوە لە حکومەتی عێراقدا».

وتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانیش، بەرپرسیارێتی هەر دۆخێک بەرامبەر کورد دروستبێت، دەخاتە ئەستۆی گۆڕان، هۆکاری ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ دەرچوونیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە ئیرادەی خۆیان.

موئەیەد تەیب، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پاساوی کشانەوەی گۆڕان بەوەی کێشەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە، ڕاست نەبوو، چونکە یەکگرتوو و کۆمەڵیش ئۆپۆزسیۆنی هەرێم‌و هەمان کێشەی گۆڕانیان هەیە، بەڵام بۆ بەغدا لەبەر ئەوەی پێویستمان بە یەک تیم هەبوو، لە ئیئتیلافەکەدا مانەوە».

هەرچەندە کارنامەی زۆربەی لایەنە کوردییەکان بە دروشمی نەتەوەیی‌و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ڕازێندرابووەوە، کەچی ئێستا ئەجێندای حیزبیی لە هەموو شوێنێکدا چەند پێیەک لە پێش ئەجێندای نەتەوەییەوەیە.

مەحمود عوسمان، دەڵێت: «لە هەرێم‌و لە بەغداش ئەجێندای حیزبیی باڵادەستەو ئەوەی دەوترێت لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان زیاتر قسەیە!».

بە پێچەوانەشەوە، وتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیی، پێیوایە؛ دوو هێزە کوردییەکە ئیئتیلافەکەو گۆڕان لەسەر چەسپاوییە نەتەوەییەکان یەک هەڵوێست دەبن، چونکە وەک ئاماژەی بۆ کرد؛ لە بەغدا ئەوان حکومەت نین، تا گۆڕان دژایەتییان بکات، لێرە یەک کێشە هەموومان کۆ دەکاتەوە.

دوای بڕیاری کشانەوەیان لە کابینەکەی مالیکی، گۆڕان نەیشاردەوە چارەسەرنەکردنی کێشەکانی کورد لە بەغدا چەند پەیوەندیی بە لایەنی عەرەبییەوە هەیە، ئەوەندە حیزبە باڵادەستە کوردییەکان بۆ زیادبوونی نفوزی خۆیان بازرگانییان پێوە کردووە.

لە دیدارێکی (KNN)دا، د.شاهۆ سەعید، وتی: «هەمیشە یاریکردن لەسەر وەتەری نەتەوەیی، جۆرێک بووە لە یاریکردن بە سۆزی خەڵک، لە ئەنجامدا هەردوولا سوودیان لە هێشتنەوەی ئەو کێشانە وەک خۆی بینیوە، واتە خۆراکیان لە چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەوە وەرگرتووە».

**شاهۆ سەعید:**

**گوشارەکەی سەرۆکی هەرێم سەری گرت**

**وتەبێژی هاوپەیمانیی:**

**»پاساوی کشانەوەی گۆڕان بەوەی کێشەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە، ڕاست نەبوو«**

**مەحمود عوسمان:**

**»مالیکی هێزی خۆی لە بێهێزیی لایەنەکانی تر وەردەگرێت‌و بەشێک لە تاکتیکەکەی ئەوەیە، بەرەکانی بەرامبەری، بەتایبەت کورد بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان سەرقاڵ بکات«**

# دەیان هەزار (نا) لە دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال




سلێمانی، خۆپیشاندانی جەماوەریی دژی پەسەنکدرنی یاسای خۆپیشاندان

فۆتۆ: ڕۆژنامە

لە هەفتەی ڕابردووەوە هەزاران «نا» دژی پەسەندکردن‌و واژۆکردنی «یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان»لەلایەن‌هاوڵاتییانی‌کوردستانەوە بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خۆپیشاندان، دەکەن‌و دەچنە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی نارەزایی‌و هەموارکردنەوەی یاساکە.

## خۆپیشاندان دژی واژۆکردنی

لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/١٣ لە پەرلەمانی کوردستان، بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠) بە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) پەسەند کرا.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بە سەر ئەو وادەیەداو بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێکی بەرچاوی هاوڵاتییان‌و ڕۆشنبیران‌و لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە (١٢/١٢)دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر یاساکە کردو بە پەسەندکراویی بۆ پەرلەمانی کوردستانی گەڕاندەوە، ئەوەش نیگەرانیی زیاتری لای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و هاوڵاتییان دروستکرد، بە شێوەیەک کاردانەوەی زیاتری لێکەوتەوەو جەماوەری کوردستان بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت (پێچەوانەی یەکێک لەو بڕگانەی کێشەی لەسەرە، لە یاساکەدا) زنجیرە خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.

جگە لەخۆپیشاندانە بەرفراوانەکەی سلێمانی لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندان و چالاکی لەشارو شارۆچکەکان ئەنجامدرا.

ڕۆژی (١٢/٢٠) لە قەزای کەلار ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ڕۆژنامەنووسان بە بەشداریی هاوڵاتییانی قەزاکە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

هەروەک ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ٢٠١٠/١٢/٢١ ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکارانی زانکۆو ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران‌و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی لە قەزای خانەقین بە دروشمی: «گەر بشمان خەنە زیندان، مۆڵەت وەرناگرین لێتان» ڕژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارەو دژی تێپەڕاندنی یاساکە خۆپیشاندانیان ئەنجامداو نارەزاییان دەربڕی.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و ڕۆژنامەنووسان‌و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی لە قەزای کفری بە بەشداریی هاوڵاتییانی شارەکە، پێنجشەممەی ڕابردوو خۆپیشاندانیان دژی پەسەندکردنی یاساکە ساز کرد.

هەروەها لەو چوارچێوەیەشدا گرووپی (٨٨)، وەک گرووپێکی فشار لە هەڵەبجە، بانگەوازی بڵاوکردەوەو ڕۆژی شەممەی ڕابردووش خۆپیشاندانی جەماوەریی ڕێکخست دژی پەسەندکردن‌و ئیمزا کردنی یاساکەو هاوڵاتییان بە وتنەوەی دروشمی: (تانکو تۆپو تەیارە، سەری شۆڕ نەکرد ئەم شارە)، نارەزاییان دەربڕی‌و داوای هەموارکردنەوەی یاساکەیان کرد، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی یەکشەممە لە قەزای سەیدسادق بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانێکی جەماوەریی سازکراو نارەزایی ڕێکخراوەکان‌و ڕۆشنبیران‌و هاوڵاتییانی قەزاکە خرایە ڕوو.

هەر هەمان ڕۆژ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و هاوڵاتییانی قەزای دەربەندیخان خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان دژی واژۆو پەسەندکردنی یاساکە سازکردو داوای هەموارکردنەوەی یاساکەیان دەکرد کە بەشێوەیەک بێت «پێداچوونەوە بەهەموو ئەو خاڵانەدا بکرێت کە ئازادییەکان دەخەنە مەترسییەوە».

دوێنێش ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی شاری هەولێر لە دژی یاسای خۆپیشاندان بە یاننامەیەکی نارەزاییان بڵاوکردەوەو تێیدا ئاماژە بەوە دەکەن کە «تێپەڕاندنی هەر یاسایەک کە لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیدا بێت، پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەخاتە دۆخی چەقبەستن‌و پاشەکشەیەکی مەترسیدارەوە».

بڕیاریشە وەک هەڵوێستوەرگرتن، دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان، زنجیرەی خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتییانی کوردستان بەردەوامییان هەبێت‌و لە چەند ڕۆژی ئایندەدا لە چەند شارو شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستان خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت ئەنجام بدەن.

ئاکۆ خەلیل، ئەندامی گرووپی (١٢/١٢) لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەولدەدرێت لە شاری هەولێر نارەزایەتییەکان چڕبکرێتەوەو لە هەر شوێنێک فەزایەک بۆ ئازادیی هەبێت، نارەزایەتییەکان بۆ ئیدانەکردنی پەسەندکردن‌و واژۆ کردنی یاساکە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەردەوامیی دەبێت».

### لە دادگای فیدراڵ یاسا تۆمار دەکرێت

دوای پەسەند کردنی یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان، کەمپەینی (سەرۆک ئیمزای مەکە) لە سلێمانی ڕاگەیەنراو لە ماوەی کارکردنیدا واژۆی زیاتر لە (٤) هەزار هاوڵاتی گەیاندە سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەوەی واژۆ لەسەر یاساکە نەکات.

لە ئێستاشداو دوای واژۆکردنی سەرۆک بۆ دووبارە دەربڕینی نارەزایەتییەکان، کەمپەینی «نـا» بۆ یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، هەڵمەتێکی واژۆ کۆکردنەوە ئەنجام دەدرێت‌و لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویان کردەوە کە: دوای خستنە ڕووی سەرجەم نارەزاییەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و کەسایەتییەکان‌و سەرجەم چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر «یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان» کرد کە تێیدا ماف‌و قەوارەی مومارەسەکردنی ئازادیی تێدا زەوت کراوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەشدا هاتووە:کە هیچ یەکێک لە هەوڵەکان بۆ واژۆ نەکردنی ئەو یاسایە سەری نەگرت، بۆیە ئێستاش لە هەوڵەکان بەردەوام دەبین بۆ هەموارکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان، لەو چوارچێوەیەشدا هەڵمەتێکی واژۆ کۆکردنەوە لە سەرانسەری کوردستان‌و عێراق‌و دەرەوە ئەنجام دەدەین.

لەلایەکی دیکە، گرووپی (١٢/١٢) لە بەرنامەیاندایە، ئەگەر هاتوو گوێ لە داواکانیان نەگیرێت لە دادگای فیدراڵیی عێراق سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن، بەوپێیەی یاساکە پێچەوانەی بڕگەو مادە دەستوورییەکانی عێراقە، ئەندامێکی گرووپەکە باس لەوە دەکات؛ کە زەمینەسازییان کردووەو گرووپی پارێزەرانی سەربەخۆش ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ئامادەکردنی دۆسیەیەک بۆ دادگای فیدراڵیی، بەڵام ئەو ڕێوشوێنانە دەخەنە کۆتایی هەوڵەکانیان بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە.

ئەندامەکەی ئەو گرووپە، وتی: «ئێمە پاڵپشتی هەر جۆرە نارەزایەتییەک دەکەین دژ بەو یاسایە، پێشتریش ئێمە زیاتر لە (٤) هەزار ئیمزامان بردە بەردەم سەرۆکی هەرێم، بەڵام گوێیمان لێ ڕانەگیرا، بۆیە چالاکی تر دەکەین‌و ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن دەکەین».

ئاکۆ خەلیل، باسی لەوە کرد؛ کە ئەگەر هاتوو فشارە مەدەنییەکان لە ناوخۆو دەرەوە دەرئەنجامی نەبوو، ئەوا ناچار دەبن لە دادگای فیدراڵ سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن، وتیشی: «گرووپی پارێزەرانی سەربەخۆ»، پشتیوانییان دەربڕیوە بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر ئامادەش نەبن، ئەوا خۆمان ئامادەین داواکە بگەیەنینە دادگای فیدراڵ، چونکە یاساکە پێچەوانەی ماف‌و ئازادییە دەستوورییەکانە لە عێراقی فیدراڵ».

### یاسایەکی واقیعی نییە

د.دانا سەعید سۆفی، سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: ئەو یاسایەی پەرلەمان بڕیاری لەسەرداوە، کەموکورتی تێدایەو «ئەوەش دەریخست یاسایەکی واقیعی نییەو ناتوانرێت لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، چونکە دیاردەی خۆپیشاندانی لەناکاوو بێ مۆڵەت هەیەو پێشتر ئەنجامدراون، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەو گرفت هەبووبێت».

«گۆڕان لەبەغدا پارییەکە بەباشی بەڕێوەبەرێت، دەبێتە دەنگێکی زوڵاڵ و داکۆکیکار لە مافی میللەتەکەمان» 6

# زۆربەی پرۆژەکانی ساڵی (٢٠١٠) نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە

**راپۆرتی: سەنگەر جەمال**

بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١١)ی کوردستان دوو مانگو نیو لە وادەی یاسایی لایداوەو تائێستا لە لایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە بۆ پەسەند کردنی.

کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە کاریگەریی‌و زیانەکانی دواکەوتنی بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١١) دەکات‌و روونیدەکاتەوە؛ کە کاتێک بودجە دوادەکەوێت، کۆمەڵێک کاریگەریی خراپی دەبێت، وەک: ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو بەدواداچوون بۆ بودجەکە بکەن‌و ئەوەش وا دەکات بە شێوەیەکی کەموکورت‌و نارێک پەسەند بکرێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتیشی: «جگە لەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر جێبەجێنەکردن‌و دواکەوتنی پرۆژەخزمەتگوزارییەکان، کە پەیوەندیی بە هاوڵاتییان‌و حکومەتەوە هەیەو وادەکات لە مانگەکانی دوایدا بەشێوەی جێبەجێکردنی راستەوخۆ (تەنفیز موباشیر) جێبەجێ بکرێت، ئەوەش وا دەکات گومان بکرێت، کە ببێتە مایەی گەندەڵیی».

ئەوەش دەخاتە روو؛ کە دوای بەدواداچوونی ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان بۆ پرۆژەکانی ساڵی (٢٠١٠)، دەرکەوتووە بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانە لە سلێمانی‌و دەوروبەری نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە «ئەندامانی پەرلەمانیش هیچ بەڵگەنامەیەک نایەتە بەردەستیان، کە پارەی گەڕاوەی ئەو پرۆژانە دەچێتە کوێی بودجەوە، ئەوانەش زیانی گەورە بە هاوڵاتییان‌و سەروەت‌و سامانی گشتیی دەگەیەنێت».

بەپێی یاسا پێویستە ساڵانە بودجەی خەملێنراو لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمەوە، لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون‌و گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا کە زیاتر لە (٢) مانگ بەسەر ئەو وادەیە تێپەڕیوە، بودجە نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، ئەوەش وا دەکات ئەمساڵیش هەمان گرفتەکانی ساڵی رابردوو دووبارە ببێتەوە.

لەوبارەیەشەوە پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی: «بە دڵنیاییەوە ئەو کێشانە بۆ ساڵی (٢٠١١)ەیش دووبارە دەبێتەوە، چونکە ئەگەر کۆتایی ئەم هەفتەیەش بودجەکە بگات، ئەوا مانگێکی دەوێت بۆ بەدواداچوونی پەرلەمانتاران‌و دوو هەفتەش بۆ پەسەندکردنی، واتە سەرەتای مانگی (٣) پەسەند دەکرێت، واتە هەمان کێشەو دواکەوتن‌و جێبەجێنەکردنی پرۆژەکان وەک ساڵی (٢٠١٠) دووبارە دەبێتەوە».

رەتیشی کردەوە، کە ناردنی بودجەکە پەیوەندیی بە پەسەند نەکردنی بودجەی عێراقەوە هەبێت‌و وتی: «ئەوە پەیوەندیی بە بودجەی عێراقەوە نییە، چونکە ساڵی رابردوو لە بەغدا بودجە پەسەند نەکرابوو، کاتێک لە پەرلەمانی کوردستان دەست بە گفتوگۆکردن کرا لەسەری، بۆیە یان ئەوەتا پار بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن پەلەی تێدا کراوە، یان هیچ پەیوەندییەکی بە بودجەی مەرکەزەوە نییە، چونکە بودجە بە خەمڵێنراویی دێتە پەرلەمان‌و دواتر زیادو کەمکردنی چارەسەر دەکرێت».

# جارێکی تر دەسەڵات پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان بۆ کاتێکی نادیار دوادەخات

**پشتیوان سەعدوڵڵا، هەنگاوهاشم**

هەرچەند بڕیاربوو لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا، گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارت‌و رێکخراوەکان بکرێت، لیستی دەسەڵات جارێکی تر پرۆژەیاساکەی دواخست‌و ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان سووربوونی ئۆپۆزسیۆن لەسەر پەسەندکردنی پرۆژەیاسەکە دووپات دەکاتەوە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: جارێکی تر دەسەڵات پرۆژەیاسای بودجەی پارت‌و رێکخراوەکانی دواخست، ئێمە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، دواخستنەکەمان رەتکردەوەو دەنگمان پێ نەدا، چونکە ماوەی یەک ساڵە بڕیار دراوە ئەو یاسایە دەربچووێنرێت، پێویستە چیتر هەموو شتێک بۆ خەڵک روونبکرێتەوەو ناکرێت حیزبەکان بە ئارەزووی خۆیان پارەی ئەم میللەتە ببەن».

لە دانیشتنەکەی دوێنێدا، گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاساکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، هەرچەند (٣٦) پەرلەمانتار دژی دواخستنەکە بوون.

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان سوورین لەسەر پەسەندکردنی یاساکە پێش ئەوەی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١) پەسەند بکرێت».

هەروەک د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی خستە روو؛ یاسای بودجەی حیزبەکان هەموو لیژنەکان رەزامەندییان لەسەر دەربڕیبوو، بەڵام ئیرادەی یەکێتی‌و پارتی لە دەرەوەی پەرلەمان پرۆژەیاساکەی دواخست‌و مەبەستیشیان لە دواخستنەکە هەبوو، چونکە ئەوان نایانەوێت یاساکە پەسەند بکرێت».

خورشید ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەبەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەماندا، پرۆژەیاسای پاڵپشتی دارایی حیزبەکان هەیە، تا ئێستاش بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بزانین چەندی بۆ دانراوە.

سەرەتای ئەمساڵ لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)دا، بڕی (٩٠)ملیار تەرخانکرابوو بۆ بودجەی حیزبەکان تا وەکو سلفە پێیان بدرێت بێئەوەی بڕی بودجەی هیچ لایەنێک دیاریبکرێت‌و ئەگەریش هەیە کە ساڵی داهاتووش بەهەمانشێوە، بڕێک بودجە بەبێ دیاریکردنی پشکی هەر حیزبێک، دیاریبکرێت تا ئەوکاتەی پرۆژەیاسای پاڵپشتی دارایی حیبزبەکان پەسەند دەکرێت.

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی، باس لەوەشدەکات؛ بەپێی پرۆژەیاساکە، پێدانی بودجە بۆ حیزبەکان لەسەر بنەمانی کورسی دەبێت‌و بۆ هەرکورسییەکیش (٢٥-٥٠)ملیۆن دیاریکراوە، بەڵام ئەم ژمارەیە یەکلایی نەکراوەتەوەو دەبێت لەهۆڵی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت‌و هەر حیزبێکیش دەنگی نیو کورسی زیاتر هێنابوو، مانگانە پارەی دەنگی نیو کورسی پێدەدرێت، هەر حیزبێکیش مۆڵەتی هەبێت‌و بەردەوام بێت لەکاردا، بڕی (١٠)ملیۆن دیناری پێدەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە، دڵشاد شەهاب، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێدانی بودجەی حیزبەکان، پەیوەستە بە بودجەی حکومەتی هەرێمەوەو لەئێستاشدا ناکۆکیی هەیە لەنێوان حکومەتی ناوەندی‌و هەرێم لەسەر بودجە، ئەگەر بێت‌و بڕێک پارەش دیاری بکەین بۆ هەر کورسییەک، ئەگەری هەیە لەکاتی پەسندکردنی بودجە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت».

جێگری فراکسیۆنی کوردستانی، ئاشکرای دەکات: «نازانین کە هەریەکە لە پارتی‌و یەکێتی چەند بودجە وەردەگرن، چونکە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا، بڕی بودجەکەیان بە کۆی گشتی هاتبوو، دیارینەکرابوو بۆ هەر حیزبێکی کوردستان چەند دیاریکراوە».



## ئابووریناسێک: دەسەڵاتدارانی هەرێم، خۆیان رێگەیان بۆ خۆشکردووە

# ئەگەری بڕینی (١)ملیارو (٣٣٢)ملیۆن دۆلار لەبودجەی هەرێم دەکرێت

**راپۆرتی: ئەلەند مەحوی**

نوێنەرە کوردەکان لەپەرلەمانی عێراق، لەهەولی راستکردنەوەی ئەو هەڵانەن کە بەسەر وەزیرەکانی پارتی‌و یەکێتی‌و یەکگرتوودا لە پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا تێپەڕیکردووەو لە ئەگەری راستنەکردنەوەشیدا، پێشبینی بڕینی (١)ملیارو (٣٣٢)ملیۆن‌و (٢٥٠)هەزار دۆلار لە بودجەی هەرێم دەکرێت.

بەپێی بڕگەی (ب) لەمادەی یەکەمی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، هەرێم پابەند دەبێت بەناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بۆ دەرەوەو داهاتەکەشی دەخرێتە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (DFI)، هەر لەو بڕگەیەدا، بەروونی ئەوە باسکراوە کە ئەگەر هەرێم پابەند نەبێت بەناردنی ئەو (١٥٠)هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا لە رێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

ئابووریناس، هاوار شێخ رەئوف پێیوایە: ئەم بڕگەیە، ئەوە بەرجەستە دەکات کە حکومەتی عێراق بەگومانە لەوەی، حکومەتی هەرێم لەداهاتوودا داهاتی نەوت بنێرێت بۆ ناوەندو پێشیان وایە، داهاتێک هەیە لە هەرێمی کوردستان بەناوی داهاتی نەوتەوەو نەنێردراوە بۆ ناو داهاتی گشتیی عێراق.

بەبڕوای ئەو ئابووریناسە: حکومەتی هەرێم‌و دەسەڵاتدارانی کوردستان، رێگەو جێگەیان خۆشکردووە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو گومانە لەحکومەتی هەرێم بکات، وتیشی: «ئەگەر حکومەتی عێراق گومانیان لەوەنەبێت، پارەی نەوت لەهەرێم دەشاردرێتەوە، هیچ پێویستی بەو بڕگەیە نەدەکرد لە بودجەدا».

جگە لەو خاڵە، لە بڕگەی چوارەم مادەی (١٤)ی پرۆژەیاساکەشدا هاتووە: وەزارەتی نەوتی عێراق، ئەو زیانانە دیاریدەکات کە هەر لایەنێک بە نەوتی وڵاتی دەگەیەنێت، لە رێگەی دەرهێنانی نەوتی خاو بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ، یان ناردنەدەرەوەی.

هاوار شێخ رەئوف، لەم بارەیەشەوە بۆ رۆژنامە وتی: «لەم بڕگەیەشدا حکومەتی عێراق دەریدەخات کە گەیشتووەتە یەقین کە لە هەرێمی کوردستان‌و هەندێک ناوچەی تر نەوت دەفرۆشرێت‌و داهاتەکەشی دەشاردرێتەوەو ناخرێتە ناو بودجەی گشتیی عێراقەوە».

ساڵی(٢٠٠٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رەزامەندیی حکومەتی فیدراڵی عێراق، ناردنەدەرەوەی (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی ئەزموونکرد، ئەگەر لەساڵی (٢٠١١)شدا ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لە (١٠٠)هەزار بەرمیل رۆژانە تێنەپەڕێت، بودجەی هەرێمی کوردستان کەمدەکرێتەوە.

پاش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بودجەی (٢٠١١) لەپەرلەمانی عێراق، نوێنەرانی کورد هۆڵی دانیشتەکانی پەرلەمانیان لەبەر مەترسییەکانیان لەو بڕگانە بەجێهێشت، چونکە لەپێشتردا هەرێم توانای (١٠٠)هەزار بەرمیلی رۆژانەی هەبووەو لە ئەگەری نەناردنەدەرەوەی (٥٠)هەزار بەرمیلەکەی تر، هەرێمی کوردستان رۆژانە (٣)ملیۆن‌و (٦٥٠)هەزار دۆلار لە بودجەکەی دەبڕدرێت. کە نرخی هەر بەرمیلێک (٧٣)دۆلارەو لە ساڵیکدا دەکاتە (١)ملیارو (٣٣٢)ملیۆن‌و (٢٥٠) هەزار دۆلار.

دوای کەمکردنەوەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی(٢٠١١) لە (١٠٢)ترلیۆن دیناری عێراقییەوە بۆ (٩٢)ترلیون، پشکی هەرێمی کوردستانیش کە (١٧٪)ی عێراقە، دەکاتە (١٠)ترلیۆن‌و (٧٠٠)ملیار دینار، واتە: (٩)ملیاردو (٢١٥)ملیۆن‌و (١٢٦)هەزار دۆلار. بەڵام پێناچێت ئەم رێژەیەش بۆ هەرێم وەک خۆی بمێنێتەوە.

نوێنەرە کوردەکانی پەرلەمانی عێراق، لەهەولی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەدان کە حکومەتی ناوەندی لەپڕۆژە بودجەی (٢٠١١)دا بۆ هەرێمی دروستکردوون‌و بەهۆیانەوە شێوە گەمارۆیەکی ئابووریی لەسەر هەرێم دروست دەبێت، بەڵام وەزیرە کوردەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، بێئەوەی هیچ وەزیرێکی کورد تێبینیی لەسەر ئەم خاڵانە هەبووبێت.

د.رۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، تەنیا تێبینیی لەسەر ئەو بڕگەیە هەبووە، کە باس لە قەرزەکەی بانکی ناوەندیی دەکات، هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەو د.عەبدوللەتیف جەمال رەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، عەلی محەمەد، وەزیری دەوڵەت، بەبێ هیچ تێبینییەک واژۆیان لەسەر بودجەکە کردووە، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگە تەنیا تێبینیی لەسەر ئەو بەشە هەبووە، کە پەیوەندیی بە وەزارەتەکەیەوە هەبووەو دواتر بودجەی ئیمزا کردووە، بەڵام هەرچەندە فەوزی فرانسوا حەریری، وەزیری پیشەسازیی‌و کانزاکان، دارا نوری، وەزیری داد ئیمزایان لەو بەشەدا کردووە، کە نووسراوە: (ئیمتناع)، واتە: رازی نین میزانییەکە بەو شێوەیە بڕوات‌و داوای چاکسازیی دەکەن، بەڵام ئەو خاڵانەی تایبەتە بەکورد دیارییان نەکردووە، تا گۆڕانی تێدا بکرێت‌و تەنیا بەیان دژەیی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون ئیمزای لەسەر بودجەکە نەکردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە سەفەر بووە.

> «حکومەتی عێراق بەگومانە لەوەی، حکومەتی هەرێم لەداهاتوودا داهاتی نەوت بنێرێت بۆ ناوەندو پێشیان وایە، داهاتێک هەیە لە هەرێمی کوردستان بەناوی داهاتی نەوتەوەو نەنێردراوە بۆ ناو داهاتی گشتیی عێراق»

دوای ئاشکرابوونی ئەو هەڵەیەش کە بەسەر وەزیرە کوردەکانی یەکێتی‌و پارتی‌و یەکگرتوودا تێپەڕبووە، لیستی گۆڕان‌و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تێبینییان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی بڕی هەناردەی نەوتی کوردستان بە (١٥٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

بورهان محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، (١٤)تێبینی لەسەر بودجەی (٢٠١١)ی عێراق هەیەو داوامانکردووە کە پڕۆژە بودجەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ گۆڕانکاریی تیایدا».

ئەو پەرلەمانتارە، وتیشی: «ئەو بڕگەیەمان رەتکردووەتەوە کە هەرێم پابەند دەکات بەهەناردەکردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، پێمانوایە دەبێت حکومەتی عێراق‌و حکومەتی هەرێم بەیەکەوە ئالیەتێک بۆ هەناردەکردنی نەوت بدۆزنەوە، چونکە پێشبینی دەکرێت هەرێمی کوردستان لەو بڕە زیاتر، یان کەمتر نەوت هەناردە بکات».

وتەکانی ئەم پەرلەمانتارە لەکاتێکدان کە لەچەندین بۆنەدا ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، توانای هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی بەزیاتر لە (١٥٠)هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا دیاریکردووەو وەزیرەکانی لیستەکەشی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئیمزایانکردووە.

# ـــیکار لە مافی میللەتەکەمان

بەپێی ئەزموونی ئەم (٧)ساڵەو سروشتی پێکهاتەو لایەنەکانی عەرەبی عێراقو دەستێوەردانی دەرەکی، بە هۆشیارانە دەقی تەماویی‌و پڕ لە کەمین‌و فرە ئیجتیهادهەڵگر دادەڕێـژن. باوەڕ ناکەم نوێنەرانی لیستی کوردستانی بەم گەمەیە نەزانن، وەلێ قبوولکردنی دەقی وەها، هەندێک جێگای پرسیارە.

**رۆژنامە: لەم رۆژانـەدا، میدیای کوردی بەگشتیی، ئەوەیان بڵاوکردەوە کە لەپرۆژەی یاسای بودجەی (٢٠١١)دا وەزیرە کوردەکان لە ئەنجومەنی وەزیران، پیلانێکی مەرکەزییان سەبارەت بە بوجەی عێراق بەسەردا تێپەڕیوەو واژۆی پرۆژەی بودجەشیان کردووە کە ئێستا لە پەرلەمانە. چۆن لەم کەمتەرخەمیی‌و لامووبالاتییەی وەزیرە کوردەکان، دەڕوانن؟**

* لە وردەکـاریـی ئەو پیلانە بێئاگام، لەگەڵ ئەوەش بۆچی ئەمە یەکەم جارە کە نوێنەرانی کورد لەبەغدا، نەخشەو پیلانی ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد بەسەریاندا تێدەپەڕێت‌و (فێلیان) لێدەکرێت، یان خۆیان غافڵ دەکەن لێی! هۆکار مەعلومە کە هەندێکی قابیلی موناقەشەیەو زۆری دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردیی‌و نەبوونی بەدواداچوونەوەو ردبینی‌و لێپرسینەوەو حیسابو کیتاب، هەر چۆن ئەوانەی کۆن، باز بەسەریاندا دراو قوتدران، ئەوەی ئێستایش هەر وەها. وابزانم دوور نییە کە لای هەندێک لە ئەمانە ئەو پرەنسیپە بەڕێوەدەچێت: تەنیا زەرەریان بۆ پەزەکان نەبێت، باقی دیکە موشکیلە نییە!!

**رۆژنامە: پێتانوایە لە پەرلەمانی ئەمجارە، هەروا ئاسان بێت، ئەو هەڵانە چارەسەربکرێن، یاخود رێـژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم بەئاسانی بە دەستبهێنینەوە؟**

* ئەگەر کێشەکە گشتی (پارە)و ئیمتیازات بێت، بەڵێ، ئاسانە چارەسەریان بۆ دەکرێت. لـەم خولەش بـاوەڕ ناکەم (١٧٪) ببێتە گرفتێکی بنبەست، ئەگەر مەبەست پرسە چارەنووسسازەکانە، ئەوە زەحمەتر دەبێت، هۆکاریش زۆرە، لە نێوانیاندا:

١. سـروشـتو ئەولەویاتی لوتکەی دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمو نەبوونی ئیرادەی مواجەهەو حەسم.

٢. ئەداو میکانیزمو سروشتی زۆرێک لە نوێنەرانی لیستی دەسەڵات لە ناوەندو ئەزموونی (٧)ساڵو نەبوونی مەرجەعیەتێکی جیدیی‌و کاریگەرو بەتواناو خاوەن بڕیاری سەربەخۆ.

٣. عەقلیەتی نوێنەرانی عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەیانەوە سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرسی کوردو دەسەڵات بە گشتیی.

٤. فاکتەرە دەرەکییەکان‌و رۆڵی دەسەڵاتی کوردی‌و قایلبوون بەوەی کە هەندێکجار پرسی کورد وەک کارتی فشارو سازش بەکاربهێنرێت بۆ پێکهاتنی لایەنەکانی عەرەبی

> لۆجیک نییە کە دەسەڵاتدارانی فەرمیی کورد، کارئاسانیی بۆ بەشداریی کەسایەتی دژ بە کوردو شۆڤێنی بکەن‌و مامەڵەی بێشەرتو شروتیان لەگەڵدا بکەن لەمەڕ وەرگرتنی پۆستە سیادیی‌و فەرمییەکان، کەچی وا مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی کوردستانیی بکەن کە لە ئاستی پرسە نەتەوایەتییەکاندا پێشەنگ و هاوکارو پشتگیریان بن

عێراقو بەهێزکردنیان‌و بەردەوامبوونی ئەجێنداکانیان .... تاد

**رۆژنـامـە: چـۆن دەڕوانـنـە مەسەلەی بەشدارینەکرنی گۆڕان لە حکومەتدا؟**

* گـۆڕان وەک هێزێکی سیاسیی کوردستانیی‌و عێراقی، ئـازادە لە جۆری پەیوەندیی‌و هاوپەیمانێتیی‌و هەڵوێست لە ئاستی کوردستان‌و لە سەرتاسەری عێراق. وەک فراکسیۆنێک لە پەرلەمانی عێراق، گۆڕان ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی هەیە (٨) کورسی، لە هەرێمیش (٢٥٪)ی وەدستهێناوە (بەدەر لە کوتا)، پارتی‌و هاوپەیمانانی (٣٠٪) و یەکێتی‌و هاوپەیمانانی(٢٩٪). بەم پێیە مافی رەوای خۆیەتی، پاش ئەوەی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشایەوە، بەشی لە حکومەتی ناوەند بەپێی ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردن‌و ئیستیحقاقی نەتەوایەتی هەبێت. دیـارە مامەڵەی (مالیکی) واتـە ئیئتیلافی عەرەبی شیعە، دەرحەق بە گۆڕان، بەدەر بووەلەو پرەنسیپانە. ئەوەی لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتە، جێگای داخە، ئەگەر وابێت، نەدەبوو لیستی دەسەڵات بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی کوردستانیی بکات. هەڵوێستی راگەیەنراوی گۆڕان سەبارەت بە ناهەقی‌و پێشێلکردنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و نەتەوایەتی، دەبێت پشگیریی لێبکرێت، چونکە ئەو دوو ئیستیحقاقە لە نەتیجە یەک لە مافەکانی کوردە. بە هەموو حیساباتێک مافی رەوای گۆڕان بوو (٢)پۆستی وەزاریی‌و پۆستێکی سیادیی پەربکەوێت.

**رۆژنامە: مامەڵەی لایەنی دەسەڵاتداری کورد بۆ مەحرومکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پێدانی وەزارەت، بەو مەرجەی کە داوایان لە گۆڕان کردووە، بچێتە ناو ئیئتیلافەکەوە، چۆن لێکدەدەنەوە؟**

* لە وردەکارییەکان بێئاگام، وەلێ بەپێی راگەیاندنەکەی گۆڕان‌و لێدوانی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی لیستی دەسـەڵات، دیاردەیەکی مەترسیدارە. بە پێچەوانەوە دەبوایە لیستی دەسەڵات، هەر چۆن گۆڕان لە ئاستی چەند پرسێکی نەتەوایەتی لە تەک هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، هەڵوێستی مەسئولانەی لە بەغدا وەرگرت، ئاوەها هاوکارو پشتیوانیی گۆڕان بوونایە. لۆجیک نییە کە دەسەڵاتدارانی فەرمیی کورد، کارئاسانیی بۆ بەشداریی هەندێک لایەن‌و کەسایەتی دژ بە کوردو شۆڤێنی بکەن‌و مامەڵەی بێشەرتوشروتیان لەگەڵدا بکەن لەمەڕ وەرگرتنی پۆستە سیادیی‌و فەرمییەکان، کەچی وا مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی کوردستانیی بکەن کە لە ئاستی پرسە نەتەوایەتییەکاندا پێشەنگ‌و هاوکارو پشتگیریان بن.

**رۆژنامە: پێتانوایە، هەڵبژاردنی خیاری ئۆپۆزسیۆن بوون بۆ گـۆڕان، دەتوانێت چ قازانجێک بە خەڵکی کوردستان بگەیەنێت؟**

* لە ئاستی یاساو بڕیارو سیاسەت‌و هەڵسوکەوتی دەزگا رەسمییەکانی ناوەندی بەغدا، باوەڕ ناکەم لە پراکتیکدا بە تەنیا (٨) دەنگ زۆر لە هاوکێشەکان بگۆڕێت، وەلێ وەک رۆڵو هەڵوێست‌و رەنگ‌و دەنگێکی کوردستانیی‌و بـەدەر لە بەرژەوەندیی تایبەتی‌و حیزبیی‌و لە رووی مەعنەویی کوردایەتییەوە، ئەگەر یارییەکە بەباشی بەڕێوەببرێت، ئەوە دوور نییە کە ببنە بنکەو دەنگێکی زوڵاڵو رەسـەن‌و داکۆکیکار لە سەر مافی میللەتەکەمان. دوور نییە کە لە ئاستی عێراقیشدا بۆ هەندێک پرسی گرنگ، هاوڕاو هاوهەڵوێستیان هەبێت. پێداگرتن لەسـەر مافەکانی کــورد کە (تەعریب‌و حەسمکردنی سنووری باشووری کوردستان جەغەزەکەیەتی)و پاراستنی سەربەخۆیی ئیرادەو بڕیاری کوردستانیی‌و سووربوون لەسەر بەرنامەکەیان کە گوزارشتە لە ویست‌و خواستی دەنگدەرانی‌و سازشنەکردن لەسەر پرسە نەتەوایەتی‌و نیشتمانییەکان‌و لەقاودانی ئەو لایـەن‌و لێپرسراوانە کە کەمتەرخەمی‌و سازش دەکەن، وزەو هێزو متمانەیەکی دیکەی زیاد بە گۆڕان دەدەن‌و ئەمەش بە تەئکید لە قازانجی خۆیان‌و خەڵکی کوردستان‌و هەنگاوە سەرەتاییەکانی دیموکراتییەتە.

کاوە محەممەد:

# پارتی، بوونی مام جەلالی بە سەرۆک کۆمار (وەک خاڵ) لەسەر یەکێتی حساب کردووە

سازدانی: رۆژنامە

**سەبارەت بە بەشداریی کورد لە حکومەتی عێراق‌و پشکی یەکێتی لەو حکومەتە بەراورد بە پارتی‌و هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەشدارینەکردن لەحکومەت، رۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کاوە محەممەد، چاودێری سیاسیی، سازداوە**

**رۆژنامە: ئێوە وەک چاودێرێکی سیاسیی، بۆچوونتان لەبارەی بەشداربوونی کورد لەحوکمڕانیی نوێی عێراق (پەرلەمان‌و حکومەت) چییە، کورد قورسایی سیاسیی بەرزبووەتەوە یان لەپاشەکشەدایە؟**

* مەسەلەی بەشداریکردنی کـورد لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا، قەدەری ئەم قۆناغەی کوردە کە هەلومەرجە سیاسییەکە سەپاندوویەتی، قورساییەکەیشی بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەوەی کە یەکێکە لەدوو نەتەوە سەرەکییەکەی عێراق، ئەم ناونیشانە سەرەکییەش کۆمەڵێک لـقو پۆپی لێ دەبێتەوە کە یەکێک لەوانە، رێژەو ئاستی بەشداریکردنیەتی لە پەرلەمان‌و حکومەتی عێراقدا بۆئەوەی ئەو ئیستیحقاقە نەتەوەییەی بەرجەستە بکات، بۆیە بە رای من، زیادبوون‌و کەمبوونەوەی قورسایی کـورد لەبەغدا، جارێکی دیکە بەپلەی یەکەم، بەئاستی کارایی سیاسیی سەرکردایەتیی کورد بەستراوەتەوە کە تاچەندە دەتوانێت ئەو ئیستیحقاقە نەتەوەییە لەبەغدا بەهێز بکات. ئەوە راستە کە بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان‌و وەزارەتەکان بێت، ئەمجارەیان بەهۆی کەموکورتییەکانی یاسای هەڵبژاردن‌و بەشداریکردنی سوننەوە، کورد لەکەمیی داوە، بەڵام سەرکردایەتیی کورد دەتوانێت بە وەبەرهێنانێکی حەکیمانەی پێگە نەتەوەییەکە، بەشێکی ئەوەش قەرەبوو بکاتەوە.

**رۆژنامە: پێتانوایە، بە کۆنکرێتی لەم خولەدا، نوێنەرانی کــورد هیچ گرەنتی‌و دەستکەوتێکی نەتەوەییان بەدەستهێنابێت؟**

* پێموایە، هێشتا زووە حوکم لەسەر ئەوە بدەین کە ئاخۆ لەم خولەدا، نوێنەرانی کورد چ دەستکەوتێکیان بەدەستهێناوە، بۆ زەمانەتی کۆنکرێتیش، لەڕاستیدا ئەزموونی حەوت ساڵی رابردوو، ئەوەی بۆ سەلماندووین کە هیچ زەمانەتێک نییە بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد، جگە لەهێزو گوشارە سیاسییەکانی خۆمان. نازانم لە دەستوور کۆنکرێتیتر دەبێت چ دۆکیومێنتێکی دیکە هەبێت کە بەهێزتربێت بۆ زەمانەت، کەچی ئەوەی کورد بەدەستیهێناوە، زۆربەیان پێش پەسەندکردنی دەستووری عێراق‌و جەوهەریترین خاڵ کە لەدەستووردا هاتووەو بۆ کورد چارەنووسسازە، مەسەلەی مادەی(١٤٠)ە، کە شتێکی ئەوتۆیان لێ جێبەجێ نەکردووە، لەکاتێکدا ئەویش وەک مافێکی کورد تۆمارنەکراوە، بەڵکو وەک کێشەیەکی عێراقی باسکراوە، کە یەکێک لەئەگەرەکانی ئەوەیە، لەئەنجامی ریفراندۆمدا (قۆناغی سێیەمی مادەکە)، ناوچەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێم، بۆیە ئـەوەی وادەکـات کورد یاریکەرێکی بەهێز بێت لەعێراقدا، ئەوەیە کە بەرەی پشتەوەی (ناوخۆی هەرێم) پتەو بێت، ئەویش بە یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی، بوونی ئیدارەیەکی حکومیی کاراو خزمەتگوزاریی خەڵک، فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادیی، بەهێزکردنی ئابوورییەکەی‌و دەستەبەرکردنی پشتیوانیی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم‌و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەی. ئەمانە دەبنە کارتی بەهێزی دەستی نوێنەرانی کورد لەبەغدا بۆ بردنەوەی گرەوە سیاسییەکان‌و بەدەستهێنانی زۆرترین ماف‌و دەستکەوت بۆ خەڵکی کوردستان.

**رۆژنامە: تا ئێستا (١٩)خاڵەکە نەچەسپاوەو بەڕێز سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی نەماوە، هیچ زەمانێکی نەتەوەیی بۆ کورد مۆرنەکراوە، ئایا بەبۆچوونی ئێوە ئەمجارە نوێنەرانی کورد، تاچەند لەبەردەم بەرپرسیارێتی‌و کەمتەرخەمیدان؟**

* پێموایە، شـەڕی ئەمجارەی کورد لەبەغدا، لەخولەکانی پێشوو قورستر دەبێت، بۆیە هاوکات بەرپرسیارێتیی نوێنەرانیشمان قورسترە، ئەویش بەحوکمی ئــەوەی کە ژمـارەی کورسی پەرلەمان‌و وەزارەتمان کەمتر بوونەتەوە، سوننەکان بەشدارێکی سەرەکیی حکومەتەکەن کە بەشی هەرەزۆری رەوت‌و کەسایەتییە عەرەبییە شۆڤینییەکان لەخۆدەگرن، هەروەها نزیکەکانی کوردیش لەناو شیعە (ئەنجومەنی بـاڵا) تووشی پاشەکشە هـاتـوون‌و یەکێک لەهۆکاری ئەوەش پشتیوانیکردنیان بوو لەسیستمی فیدراڵی، بۆیە لەدوای هەڵبژاردنی (٣/٧)وە خیتابەکەیان بەرامبەر فیدراڵی خاوبووەتەوە، لەبەرامبەردا ئەوانەی پێداگرییان لەسەر مەرکەزێکی بەهێز لەبەغداو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم‌و پارێزگاکان دەکرد (حیزبی دەعوە-لیستی دەوڵـەتـی یاسا) توانییان ببنە هێزی یەکەم لەناو شیعەکاندا، بە رای من، ئەمانەن کۆسپەکانی بەردەم کوردن لەم خولەدا. بۆ (١٩)خاڵەکەش، وەک لە راگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، جگە لەخاڵی هەژدەمین (بەکشانەوەی کورد، حکومەت بەهەڵوەشاوە حساب بکرێت)، هەموویان لەلایەن مالکییەوە ئیمزاکراون، بەپێی ئەوەش بێت، سـەرۆک کۆمارو جێگرەکانی مافی ڤیتۆیان دەمێنێت، تا ئەنجومەنی فیدراڵی لەساڵی یەکەمی دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی نوێنەراندا پێکدەهێنرێت (خاڵی چوارەم لە نۆزدە خاڵەکە).

**رۆژنـــامـــە: بـۆچـوونـت سـەبـارەت بە دەستکەوتەکانی یەکێتی لەم خولەی حوکمڕانی لە بەغدا، چۆنە، ئایا بەپێی قورسایی خۆی دەستکەوتی بەدەستهێناوە یان کەمتر؟**

* بەپێی زانیارییەکانی من، رێککەوتنی یەکێتی‌و پارتی، سەرەتا وابوو کە سەرۆک کۆماری عێراق‌و سەرۆکی هەرێم، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و وەزیری دەرەوە، جێگری سـەرۆکـی پەرلەمانی عێراق‌و سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانیی لەئەنجومەنی نوێنەران، بەرامبەر یەک بوون، وەک چۆن لەهەرێمیش سەرۆکی حکومەت‌و سەرۆکی پەرلەمان بەرامبەر یەک دانراون، بەڵام دواتر پارتی، دوای ئـەوەی داوایکرد، سەرۆکی هەرێم بەهەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، نەک پەرلەمان، ئیتر سەرۆکی هەرێم لە ئیستیحقاقی رێککەوتنی هەردوولاوە بوو بە ئیتسحقاقێکی هەڵبژاردن‌و دواتر لـە هـــەردوو هـــەڵــبـــژاردنـــی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و (٢٠١٠/٣/٧)دا یەکێتی دەنگەکانی کەمی کرد، بۆیە تەرازووەکە بەلای پارتیدا لاسەنگ بوو، ئیتر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم لەلایەن یەکێتییەوە کەوتە ئەگەرو مەگەرەوە، لەبەرئەوە دوای وەرگرتنی پۆستەکە لەلایەن د.بەرهەم‌و چۆڵبوونی کورسییەکەی لەبەغدا (جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق)، یەکێتی دەستبەرداری ئەو پۆستەی بەغدا بوو بۆ پارتی‌و د.رۆژ جێگەکەی گرتەوە، هەربۆیە پێموایە، ئێستا پارتی، بوونی مام جەلالی بە سەرۆک کۆمار، (وەک خاڵ) لەسەر یەکێتی حساب کـردووە، بۆئەوەی لەبەرامبەردا پۆستەکانی جێگری سـەرۆک وەزیـران، وەزیری دەرەوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ببێتە هی خۆیان‌و تەنیا دوو وەزارەت بۆ یەکێتی بمێنێتەوە، لەکاتێکدا لەخولی پێشوودا، سەرۆک کۆمارییەکەی مام جەلال‌و سەرۆک هەرێمییەکەی کاک مەسعود هاوتای یەک کـرابـوون‌و هۆکاری سەرەکیی ئـەوەش، لاسەنگبوونی تەرازووەکەی نێوان یەکێتی‌و پارتییەو بە رای مـن، ئەوکاتە یەکێتی دەتوانێت پۆستی زیاتر بەدەستبهێنێت کە بەخۆداچوونەوەیەکی جدیی بەخۆیدا بکات‌و کێشەو کەموکوڕییەکانی خۆی دەستنیشان‌و چارەسـەر بکات، بـۆئـەوەی وەک جـاران بگەڕێتەوە ناو خەڵک‌و ئاستی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە.

> گۆڕانیش بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستی هێناوە، نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە بەغدا



کاوە محەممەد

**رۆژنامە: پەراوێزخستنی گۆڕان، لەلایەن پارتی‌و مالیکییەوە، چۆن لێکدەدەنەوە، ئایا بیانووی بەڕێز بارزانی بە دروست دەزانن کە داوای کــردووە، بەمەرجی هاتنەناو ئیئتیلافەکەوە وەزارەت بدەن بە گۆڕان، لەکاتێکدا ئەو ئیئتیلافە بە ئارەزوومەندانە دوای هەڵبژاردن پێکهات؟**

* بۆ کورد وا باشتر بوو (گۆڕان)یش بەشداریی لەحکومەتی عێراقدا بکردایە، ئەگەرچی لەدەرەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیشن، بـەڵام لە راستیدا بەنووسینیش ئەمەم وتـووە کە (گـۆڕان) هەڵەی کرد، لە ئیئتیلافەکە کشایەوە، لەکاتێکدا نەرمینواندنێکیش لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە سـەبـارەت بە پـرۆژەیـاسـای کۆمسیۆنی هـەڵـبـژاردن هەبوو. سـەرەڕای ئـەوەش، مادام ئیئتیلافێکی ئارەزوومەندانەیە، هەر لایەنێک بۆی هەیە بەهەر هۆیەکەوە بێت لێی بکشێتەوە، بەڵام نابێت ئەمە سزای بەدواوە بێت. لەبارەی وەزارەتەکان لەبەغدا، ئیئتیلافەکە مافی خۆیەتی ئەو بەشەی بۆی تەرخانکراوە چۆن‌و بە چ شێوەیەک لەنێو ئەندامەکانیدا دابەشی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی خراوەتە بەردەستی، بەشی هەموو کورد بووە، ئەوا ئەوکاتە ئەو مافەی نابێت هەمووی بۆخۆی ببات‌و هێزی کوردی دەرەوەی ئیئتیلافەکە (جا گۆڕان بێت، یان هەر هێزێکی دیکە) لەو پۆستانە بێبەش بکات، چونکە ئەو دەتوانێت تەنیا نوێنەرایەتیی ئەو بەشە لەکورد بکات کە لەناو ئیئتیلافدان. ئەوەی لەڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم تێبینیم کرد، ئەوە بوو کە مـادام (گـۆڕان) لە ئیئتیلافەکە نەماوە، هیچ مافێکیان لەپشکی کورد نەماوەو ئەگەر لەدەرەوەی ئەوەش بەدەستیبهێنن، دەبێت بە پۆستی ئیزافی بۆ کورد، چونکە بەدەق هاتووە: (...دواجار وەزارەتێک بۆ هەرێمی کوردستان زیادی دەکردو ...).

**رۆژنامە: پێتانوایە، گۆڕان کە نوێنەرایەتیی نیوملیۆن دەنگی دەکـرد، بێبەشکردنی لە وەزارەت، واتـەی بێبەشکردنی بەشێک لە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بێت، ئایا ئێستا مەرجەعیەتی خەڵکی کوردستان‌و نوێنەرایەتییەکەی لەبەغدا، دابەشبووە کە بەشێکی ئیئتیلافەکە نوێنەرایەتی دەکات‌و بەشێکیشی گۆڕان؟**

* بەڵێ، (گۆڕان) بەقەدەر ئەو دەنگانەی لەهەڵبژاردندا بەدەستیهێناون، نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش نوێنەرایەتیی بەشە زۆرەکە دەکات. من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەگەر (گۆڕان) بەشداریی حکومەتی نەکرد، ئیتر ئەوانەی دەنگیان پێداوە، بێبەشکراون، چونکە مەرج نییە کە نوێنەرایەتیی تەنیا بە وەرگرتنی پۆست بکرێت، خۆ (گۆڕان) هەمیشە ئەوەی لەسەر زارانە کە شەڕ لەسەر پۆست ناکەن‌و ئامانجیان مافەکانی خەڵکی کوردستانەو بوون بە ئۆپۆزیسیۆن دەنگەکان بە با نادات.

«ئیئتیلافی کوردستانیی، حسابی بۆ پەرلەمانی کوردستان نەکرد» 8

## جەوهەر نامیق:

# گۆڕان لەبەغدا یارییەکە بەباشی بەڕێوەبەرێت، دەبێتە دەنگێکی زوڵاڵو داکۆک

سازدانی: رۆژنامە

**جەوهەر نامیق، سیاسەتمەداری کورد، پێیوایە: لەم خولەی حوکمڕانیدا لەعێراق، پێگەی کورد بەبەراورد بە رابردوو، لاواز بووەو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە نوێنەرانی کورد هۆکاری ئەو پاشەکشەیەی سەنگی کوردن «ئەزموونی (٧)ساڵی نوێنەرایەتیی ئەمانە، گەواهیدەرە».**

**ئەو سیاسەتمەدارەی کورد، سەبارەت بە رێککەوتنی ژێربەژێری دەسەڵاتدارنی کورد لەگەڵ مالیکی بۆ بێبەشکردنی گۆڕان لە ئیستیحقاقی نەتەوەییو هەڵبژاردن لە حکومەتی نوێی عێراق، وتی: «ئەوەی لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، جێگای داخە، نەدەبوو لیستی دەسەڵات بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی کوردستانیی بکاتو دەبێت پشتگیریی لە هەڵوێستی راگەیەنراوی گۆڕان بکرێت».**

**رۆژنامە: بەڕێزتان وەک سیاسەتمەدارێک، بۆچوونتان سەبارەت بە هاوکێشەی نوێی حوکمڕانیی عێراق چییە؟**

* دوای (٢٠٠٣)، حوکمڕانیی عێراق، بەپێی نەخشەو چەند ئەجێندەیەکی دەرەکی لە پێش هەموویان ئەمریکا، لەسەر بنەمای تایەفەگەرییو موحاسەسەی حیزبییو بەرژەوەندیی لوتکەی نوخبەیەکی کەمی کەسایەتییە بەرچاوەکانی پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەدەچێت، بۆیە سەبارەت بە خولی نوێی حوکمڕانیی عێراق، واتە کابینەی چوار، وەک پرەنسیپ، گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر هاوکێشەکەدا نەهاتووە، ئەوەی سەرنجڕاکێش بێت لەم بوارەدا، جۆرە ریزبەندییەکی پاشو پێشی لایەنەکانی هاوکێشەکەیەو زەقیی دەستێوەردانو رۆڵی دەرەکیی بوو (ئەمریکا، ئێران، تورکیاو سعودیە..تاد)، هۆکاریش زۆرەو لە پێش هەموویان لاوازیی لایەنەکانو کێبڕکێی شەخسیو بەرژەوەندیی تایبەتیو خۆبەستنەوە بەئەجێندەی دەرەکییەوە. ئەمەش یەک لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەزموونی بەنـاو (دیموکراتی) ال(عێراقی هیواو ئاشتی)یە یان (الفوضي المنظمة)ی وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا (رایس)ە!

**رۆژنـامـە: توانستی سیاسیی کابینە نوێیەکەی مالیکی، ئەوەندە بەهێزە بتوانێت ئەدایەک پێشکەش بکات، لانیکەم گەندەڵییو کێشە ئەمنیو سیاسییە ناوخۆییەکان چارەسەربکات؟**

* ئـەم کابینەیە، جـۆرە پینەوپەڕۆ وەسـفـەیـەکـی دەرەکـیـیـە، پینەکەرو وەسفەنووسەکەی زیاتر ئەمریکاو ئێرانن، مەخلوقێکی هەجیبنە. (مالیکی) کابینەی پێشووی بە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیی وەسف دەکاتو ئەمەی نوێی بە حکومەتی شـەراکـەت، کەچی لە واقیعدا، نە ئەوەی پێشووی نیشتمانیی بوو، نە ئەمەی ئێستایش (شەراکەت)، بەڵکو کابینەکەی سازشێکی دەرەکییەو گردکردنەوەیەکی پێکهاتەو هێما ناتەباکان بوو لە سەر ئەساسی (تەرزییە). لیستی زۆرینە شیعە لە ناوخۆیاندا تەبا نیینو ململانێو کێبڕکێیان لەسەر دەستکەوتو پۆستو پلەیە، لیستی (العراقیە) چێشتی مجێورە، لیستی کوردستانیش ئەزموونی (٧) ساڵ لە نوێنەرایەتیی کورد لە ناوەند، خۆی باسی خۆی دەکات.

ئەم کابینە نوێیە، نەک گەندەڵیی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو زیاد دەکات، کێشەی ئاسایش لە دەرەوەی توانـاو ئیرادەیەتی، گرفتە سیاسییەکانی ناخۆ روو لە قوڵبوونو گرژتر دەکەن.

**رۆژنـامـە: پێتانوایە، لەناو دەسەڵاتی تـەشـریعییو تەنفیزیی (پەرلەمانو حکومەت)دا قورسایی کورد دابەزیوە، یان لاواز بووە؟**

* هەردوو. بە بەراوردکردنی ئەم خولە لەگەڵ خولەکانی پێشتر، لە ئاستی تەشریعیی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، کورسییەکانی لایەنی کوردستانیی کەمبوونەتەوە، لە ئاستی کارگێڕیی (حکومەتی ناوەندی بەغدا)، ئەگەرچی سەرانی لیستی دەسەڵات باسی (شـەراکـەت) و (تـەوافـوق) دەکـەنو گوایە بەشی کورد لە پۆستەکانی ناوەند، نەک هەر لەسەر ئەساسی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە، بەڵکو لەسەر ئەساسی نەتەوایەتیشە. ئەگەر بە تیۆریو بۆ ئیستیهلاکی ناوخۆ وابێت، لێ بە ئەزموونو واقیع وانییەو لەمەش قورسایی نوێنەرایەتی کورد لە ناوەند لاوازبـووە. بۆ نموونە، لەمەڕ پۆستە سیادییەکان کە (هەر سێ سەرۆکایەتیو جێگرەکانیانو سەرۆکی ئەنجومەنی ستراتیجی پێشنیازکراو)و وەزارەتەکانی: بەرگرییو ناوخۆو دارایيو نـەوتو دەرەوەو ئاسایشی نیشتمانییو پلاندانان)ەو (تا ئێستا)، هەروەکو راگەیەنراوە دەکاتە (١٨) پۆست، لەمە تەنیا (٤)ی بەر کورد کەوتووە، واتە رێژەکەی (٢٢,٢ ٪)ە، هەرچەوار پۆستەکەش دیسان لە واقیعداو بەپێی ئەزموون، پرۆتۆکۆلیو بێدەسەڵاتنو هەندێکیشیان بوونەتە بارگرانیی لە سەرپرسی کورد. پرسی هەر کوردێکی هۆشیار بکەیت، قەناعەتی وایە کە رێـژەی کورد زۆر لەو رێژەیە زۆرترە.

بەرزە لێپرسراوانی لیستی کوردستانیی، هەروەکو وتمان، خۆیان جەخت لەسەر ئـەوە دەکـەن کە (شەریکن) لە ناوەندو ئـەم (شەراکەتە) تەنیا لەسەر ئەساسی

> **لە بەرنامە (٤٢)خاڵییەکەی مالیکیدا، هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆ نییە بە رێکەوتنی نێوان لایەنی کوردستانیو حکومەتی ناوەند لەمەڕ پرسە هەڵپەسێرراوەکانی کورد**

ئیستیحقاقاتی هـەڵـبـژاردن نییە، بەڵکو نەتەوایەتیشە کە لایەنی کوردستانیی بە کورسی کەمی کردبێت، بە ئیستیحاقاقی نەتەوایەتی هەم بە رێـژەو هەم بە گرنگی پۆستو دەسەڵاتیان، پەراوێز کرابێتو بە کاروکردەوەی (٣)کابینەو بە ئیعترافی خودی سەرانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە نوێنەرانی لیستی دەسەڵات لە ناوەند تا رادەیەک کەمتەرخەم بوون لە ئەرکەکانیانو بـە دەلـیـل جگە لـە هـەنـدێک پۆستو بەرژەوەندیی تەسکی حیزبییو شەخسیو پاش زیاتر لە (٧)سـاڵ، هەر وەک بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بۆ کردووە، (دۆزی رەوای گەلی کوردستانو یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسە چارەنووسسازانەی هێشتا بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە لە بەغدا..)! ئێمە باسی سڕینەوەی (قەزای بەدرەو ناحیەی جەسانو قەزای تەلەعەفەر ناکەین لە مادە دووی پرۆژەی دەستووری هەرێم لە لایەنی لیستی دەسەڵاتەوە، کە یەک لە خاڵە گەرمەکانی مادەی ١٤٠)ە، یان تەوژمی تەعریبو تیرۆر دژی کـوردی ناوچەتەعریبکراوەکانو چارەنووسی کەرکوکو گشت دەڤەرەکانی دیکە کە لیستی کوردستانیی پێشتر نەیتوانی وەکو پێویست قورسایی بەهێزبوونی خۆی بەکاربهێنێت، لە واقیعی ئێستایدا نابێت چاوەڕوانی قورساییو بەهێزبوونی لێبکرێت بەدەر لەوەی هەیە.

**رۆژنـامـە: لـەم دابـەزیـنو لاوازیـیـەدا، نوێنەرانی کورد چەند هۆکاربوون؟**

* بە پلەی یەکو لە پێش هەموو لایەنەکانی تـر، ئـەوان بەرپرسیارن. ئەزموونی (٧) ساڵی نوێنەرایەتیی ئەمانەو مانەوەی کێشە سەرەکییەکان بە هەڵپەسێردراوییو ئاڵۆزبوونی لایەنێکی زۆریـانو تەوژمی تەعریب، گەواهیدەرن. سەیر لەوەدایە کە پەنجە رادەکێشرێت بۆ ئەو کەمتەرخەمییانە، یان چارەسەرنەکردنی کێشە سەرەکییەکانی کورد لە ناوەندو ئاڵۆزبوونی رەوشەکە، هەندێک لەو نوێنەرانە دەیخەنە پاڵی لوتکەی لیستی دەسەڵات.

**رۆژنامە: ئێوە کامیان زیاتر بە هۆکار دەزانن؟**

* هەردوو، وەلێ بەشی شێر بۆ لوتکەیە، ئەگەر کەمتەرخەمن بۆ حیسابیان لەگەڵدا ناکرێتو ئەگەر وانییە بۆ گوناهباربکرێن، ئەگەر پێیان ناکرێتو فـەرز دەکرێت لە سەریان، بۆ قبوولی دەکەن.

**رۆژنامە: کورد، ئەم جارە هیچ یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی نێوان بەغداو هەولێریان یەکلاییکردەوە؟**

* پێشەکی، پێم باش نییە بڵێین (کورد). کورد، دەیەوێتو دەشتوانێت شت یەکلایی بکاتەوە ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێت. ئەوە نوێنەرانیەتی (لیستی دەسەڵات بە تەحدید) کە ئیرادەی یەکلاییکردنەوەی نییە، تا ئێستا نەخێر، شتی جیدیی بەدی ناکرێت. کێشەکە لەوەدا نییە کە یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵکو لە زۆر بوارییاندا ئاڵۆزتربووە. ئەوە راوبۆچوونی ئێمەمانان نییە بەتەنیا، بەڵکو ئەوە قەناعەتی بەڕێز سەرۆکی هەرێمە هەر وەکو ئاماژەمان بۆ دا. لێتان ناشارمەوە خەریکە لای بەندەو ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی ئێمە، قەناعەتێک دروست دەبێت کە پێمان وایە، لای دەسەڵاتی فەرمیی ئەمەی کە هەیە، بۆ ئەوان ئیدیاڵو نایابە کە بۆ ئەوان وابێت، ئیدی بۆ میللەتی کوردیش دەبێت وا نەبێت..!!

**رۆژنامە: پێتانوایە، نوێنەرانی کورد لـەم دەورەیـــەی حوکمڕانیدا لە عێراق، هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەییان زامنو بەدەستهێنابێت؟**

* تەمەننا دەکەم بەدەستیانهێنابێت، یان بەدەستیبهێننو وەکو خولەکانی دیکە نەبێت، وەلێ سەرەتای دەستپێکی ئەم دەورەیە ئەو خۆزگەیەی زۆرێـک لە ئێمەمانان گەشبین ناکات. ئاخر مەنتیق نییە دەستەیەک (٧)ساڵ لە بەغدا نوێنەری کورد بێت، دوای (٣)کابینە حوکمڕانیی (پرسەچارەنووسازەکانی کورد لە بەغدا هێشتا هەڵپەرسێردراو بن)و بگرە زۆرێکی ئاڵۆزترە بووە، هەر دەبێت ئەم تاقمە مفاوزو شاندو نوێنەری کورد بن. لە سەرەتای کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، لە راگەیاندنەکانەوە هەواڵێک بڵاوکرایەوە، گوایە شاندی مفاوز لە بەغدا، لەوانە پێک نایەن کە بەتەمای پۆستی ناوەندن وەکو نوێنەری کورد وەربگرن. لە واقیعداو پاش ئەو ئەزموونە، هەواڵێکی وەها مەنتیقی بوو، وەلێ دواتر دەرکەوت وا نییە. ئەمە گومان نییە لە تواناو هەوڵی هەندێک لەو کەسایەتییانە، بەڵکو مانەوەی کەسانێک لە پۆستو نوێنەرایەتی بۆ زیاتر لە سێ چوار خولو سەرنەکەوتنی جهودەکانیان لەمەڕ ئەو پرسانەیو مانەوەی ئەوپرسانە بە موعەلەقیو ئاڵۆزبوونی لایەنێکیشی، دوور نییە گومان دروستبکات. بـەرژەوەنـدیـی شەخسی دەوروژێنێت، چونکە ئەو ماوە دووروودرێژەو بەو دەرئەنجامانە هەر هیچ نەبێت جۆرە گەواهییەکە لە سەرنەکەوتنیان. لە سیستمی ناچەقبەستوو بە دواداچوونەوەو پیاچوونەوەو لێپرسینەوەو لادانی ئەو کەسانە کە بەرپرسو نوێنەرایەتیی دەکـەن، سروشتییە. گۆڕین سیمەتی ژیانەو موراعاتکردنی هەستو خواستی شەقامی کوردستانی پێویستە. ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان (١٩) خاڵیان ئامادە کردبوو وەک پێشمەرج بۆ بەشداری لە حکومەتی نوێ کە ناوەڕۆکی جەختکردنە لەسەر ئیلتیزامکردنی پێکهاتەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراقو سەرۆک حکومەتی ئایندەو کابینەکەی بە جێبەجێکردنی خاڵە هەڵپەسێردراوەکانو گەرەنتیە. (١٧)خاڵی کێشەکان بوو، خاڵی (١٨) گەرەنتی، ناوەڕۆکی گەرەنتییەکەش بریتیبوو لە بە دیکۆمێنتکردنی ئەو پێکهاتنە لە نێوان ئیئتیلافی کوردستانییو سەرۆک حکومەتی ناوەندو دەبێت بخرێتە بەرنامە کاری حکومەت..تاد، ئەگەر حکومەت کەمتەرخەمیی کرد لە جێبەجێکردنیان، ئەوە مافی ئیئتیلافی کوردستانییە لە حکومەت بکشێتەوەو بە کشانەوەیان حکومەت (مستقیل)ەو هەر هەموو ئەم پرۆسەیە دەبێت



جەوهەر نامق

پێش راگەیاندنی حکومەتی نوێ ئەنجام بدرێت. سەرانی لوتکەی لیستی دەسەڵات ئێژن، مالیکیو پێکهاتەکان ئەو مەرجانەیان قبولکردووەو هەندێک ئێژن، واژۆکراوەو هەر لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش هەن ئێژن، زارەکییەو واژۆ نەکراو. ئەگەر بەفەرمیی پێکهاتەکانی عەرەبی عێراقی پرۆسەی سیاسییو حکومەتی مالیکی قبوولی کردبێت، ئەوە تا ئێستا رای گشتی بێئاگایە لەو رێککەوتنامەو سەقفی زەمەنیو میکانیزمی جێبەجێکردنی خاڵەکانو دەقی گەرەنتییەکەی.

بەهەر حـاڵ، حکومەتی نوێ دامـەزرا، ئەوەی سەرنجی ئێمە رادەکێشێت دوو خاڵە: یەکەمیان: پرەنسیپو بنەمای (بەرنامەی سیاسیی حکومەتی نوێی عـێـراق)ە، کە سەرۆک وەزیران دایە ئەنجومەنی نوێنەرانو لەسەر ئەو ئەساسە بە زۆرینەی دەنگ متمانە بە کابینەو بەرنامەکەی درا. لەو بەرنامەیەدا کە (٤٢) خاڵە، هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆ نییە بە رێککەوتنی نێوان لایەنی کوردستانیو حکومەتی ناوەند لەمەڕ ئەو پرسانە. ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بە پرسی کوردو کێشە هەڵپەسێردراوەکانییەوە دووپاتکردنەوەی بەڵێنەکانی کابینەکانی دیکەیە. خۆ پێش کابینەی جەعفەری، لایەنی کوردستانیی لە ئێستا بە (هێز)تربوون، پێکهاتەکانی عەرەبی عێراق لە ئیستا لاوازتربوون، ئەودەم هەم سەرۆک وەزیرانی حکومەت (ئەیاد عـەلاوی)و هەم سەرۆکی کۆمەڵەی نوێنەران، فوئاد مەعسوم (پەرلەمان)و هەم سەفیری ئەمریکاو سەفیری بەریتانیا بە دۆکیۆمێنتی فەرمیی بەڵێنیان دا کە مادەی (٥٨) (کە ١٤٠)ی ئێستایە، بە تایبەتیو باقی مافەکانی دیکە دوای هەڵبژاردنو دەستووری هەمیشەیی عێراق جێبەجێبکرێنو لە پەرلەمانی کوردستان خوێنرانەوە، کەچی ئەوە چوارەمین کابینەیە، پرسەکان ئاڵۆزتر دەبن. دووەمیان: گەرەنتییەکەیە، دیارە خاڵی (١٨)، یان هەڵوەشاوەتەوە، یان هەموار کراوە. هەواڵەکانی میدیاکانی عێراق وادەگەیەنن کە دەستکاری کراوەو لە جیاتی دەقی ئیئتیلافی کوردستانیی: **(١٨- تعد الحكومة الائتلافية مستقيلة حال انسحاب الطرف الكوردستاني بسبب خرق دستوري واضح او عدم تنفيذ البرنامج المتفق عليها.)** ئەم دەقە دانـراوە: **(انة في حالَ وجود أي انتهاك للدستور من قبل الحكومة العراقية يجب اولا اللجوء الي اللجنة العليا المشكلة من الطرفين (الحكومة العراقية وكتلة الائتلاف) فاذا تعذر الحل علي اللجنة احالة الموضوع الي المحكمة الفيدرالية (الاتحادية) وفي حال فشل المحكمة في حل الخلاف فان من حق الطرف المعني الانسحاب من الحكومة وعندها يتعين علي الاطراف الاخري ايضا الالتزام بذلك الانسحاب من الحكومة العراقية الذي ستكون في حكم المستقيلة.)** جیاوازیی لە بەهێزیو ناوەڕۆکی هەردوو دەقەکە روونە، ئەمەی کە گوایە رێککەوتنی لەسەرکراوە، دەقێکی بێماناو بێناوەڕۆکو چەواشەکارە لەچەند لایەکەوە:

یەکەم: بڕیاردان لەسەر لادان یان پێشێلکردنی دەستوور، مافی پێکهاتەو لایەنێکی سیاسیی نییە. بەپێی دەستوور ئەو مافە دراوە بە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق مادەی (٩٣- دووەم)ی دەستوور، لەوەش زیاتر لە دەقی یەکەم، نەک تەنیا لادان لە دەستوور پێش مەرج بوو، بەڵکو جێبەجێنەکردنی ئەو بەرنامەیەی کە رێککەوتنی لهسەر کراوە مەرجە، کەچی لە دەقی هەموارکراو باسی جێبەجێنەکردنی بەرنامە ناکات. دووەم: کە درا بە دادگای باڵای فیدراڵی، دادگا بڕیار دەداتو بڕیارەکانی بۆ گشت لایەنەکان مولزەمە. (مـادەی ٩٤ دەسـتـوور: «بڕیارەکانی دادگـای باڵای فیدراڵی، یەکلاییکەرەوەیەو دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن»، پێکهاتەی ئەو دادگایە لەسەر ئەساسی موحاسەسەی حیزبییو تایفەگەرییە، لە حاڵەتی پرسە چارەنووسازەکانی پەیوەندار بە کورد، باوەڕ ناکەم لاینگیری لیستی کوردستانیی بن، ئەودەم قبووڵ نەکردنی بڕیاری دادگا لە لایەنی فراکسیۆنی کوردستانیی، بە پێشێلکردنی دەستوور لە قەڵەم دەدرێـت. سێیەم: ئەو رستەیەی کە تایبەتە بۆ لایەنەکانی غەیری کوردستانیی ناو حکومەت، تەماوییو قابیلی ئیجتیهادە: **(فان من حق الطرف المعني الانسحاب من الحكومة وعندها يتعين علي الاطراف الاخري ايضا الالتزام بذلك الانسحاب من الحكومة العراقية..)** ئیلتیزامکردن **(بذلك الانسحاب)** مەرج نییە بۆ کشانەوەیان، یان دەکرێت وا تەفسیر بکرێت. چـوارەم: هەتاکو ئەگەر هاتوو، لایەنی کوردستانی ئینسحاب بکات، حکومەتەکە موستەقیل نییە، بەڵکو **(ستكون في حكم المستقيلة).**

# کەرکوک، بووەتە مەیدانی چالاکی دەزگا سیخوڕییەکان



راپۆرتی: رێباز محەمەد

بە وتەی بەرپرسانی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک، لە شاری کەرکوک چەندین دەزگای سیخوڕیی وڵاتانی دراوسێ هەیە کە رۆڵیان لە تێکدانی بارودۆخی ئەمنیی کەرکوکدا هەیە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «بە هۆی ئەوەی کەرکوک وەکو عێراقی بچووک وایە، هەموو جۆرە ئایینو نەتەوەو مەزهەبێکی تێدایە، بۆیە وڵاتانی دراوسێ چاویان لەسەر ئەوەیە بارودۆخی کەرکوک ناسەقامگیر بێت، چونکە پێیانوایە؛ بە تێکچوونی بارودۆخی کەرکوک بارودۆخی عێراق تێکدەچێت، بۆیە موخابەراتو ئیستخباراتی وڵاتانی دراوسێ لە کەرکوک بوونیان هەیە، بەڵام شوێنێکی رەسمییان نییە، چونکە ئەو دەزگا سیخوڕییانەی لە کەرکوکدان، رەسمیی نین».

عەمید سەرحەد قادر، ئەوەشی بۆ رۆژنامە خستە روو: ئەگەر هەر وڵاتێکو لایەنێک بە ناوی کۆمپانیاوە، یان بە ناوی هەر شتێکی ترەوە کەسی ناردبێت بۆ کەرکوک بۆ جاسوسی، بە دڵنیاییەوە دەستگیر دەکرێتو دەدرێتە مەحکەمە».

بە گوێرەی زانیارییەکانی رۆژنامە لە ئێستادا پـارێـزگـای کـەرکـوک، لە لایەن (١١) هەزار پۆلیسو (١٠) هەزار چەکداری سەحوەو چوار لیوای عێراقی، کە هەر لیوایەک (٢٠٠) پۆلیسی هەیە، بـەڕێـوەدەبـرێـت، سـەرەڕای بوونی دوو لیوای تری (فیرقەو مەغاویر)و دەزگای موخابەراتی عێراقیو دەزگای لێکۆڵینەوەی نیشتمانییو ئیستخباراتی کاروباری ناوخۆ کە سەر بە حکومەتی عێراقین، جگە لە لیوای یـەکو دووی وەزارەتی پێشمەرگەو دەزگای زانیارییو ئاژانسی پاراستنو دژەتیرۆر، کە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

بەرپرسێکی ئەمنیی پارێزگای کەرکوکیش، پێیوایە؛ بوونی زۆری ئەم دەزگایەنە لە لایەن هەردوو حکومەتی عێراقو هەرێمی کوردستان، هۆکارێکە بۆ کاراکردنی ئەو دەزگا سیخوڕییانەی تر کە لەناو کەرکوکدانو بارودۆخی کەرکوک دەشێوێنن.

ئەو بەرپرسە ئەمنییە، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەندین دەزگاو لیوای سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو عێراق هەیە، کە زۆرترین کاتێک تەنسیق لەنێوانیاندا نەبووە، هەریەکەو بۆ دەستکەوتێکو راگەیاندنێک چالاکییەکی ئەنجام داوە، هەرچەندە کات هەبووە زانیاریی ئاڵوگۆڕ کراوە، بەڵام لە ئێستادا پێویستمان بە رێکخستنی ئەو دەزگایانە هەیە».

هەروەها ئەو بەرپرسە ئەمنییەی کـەرکـوک، وتیشی: «رێکخستنی ئەو دەزگـاو لیوایانە دەردەکـەوێـت کامەیە دەزگـــای سـیـخـوڕیـیو کـامـەیـە ئەو دەزگـایـەی هاوکاریی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پۆلیسی کەرکوک دەکـات، بۆ ئارامییو سەقامگیریی شارەکە، چونکە تائێستا ئەگەر وڵاتی دراوسێ بیانەوێت ئاستی توانای دەزگا سیخوڕییەکانیان تاقی بکەنەوە، ئـەوا دێنە کەرکوک، چونکە کەرکوک بووەتە شوێنێک بۆ تاقیکردنەوەی دەزگا سیخوڕییەکان».

لای خۆیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوکیش، هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی ئەو ئەفسەرە ئەمنییەو روونـیـدەکـاتـەوە؛ «زۆریــــــی ئـەو دەزگایانەی لە کەرکوک هەیەو سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقن، بە دڵنیاییەوە پێویستیان بە رێکخستن هەیە، ئەگەر دەزگاکانی هەرێمو عێراق لە چەند دەزگایەکدا کۆبکرێنەوە، بارودۆخەکە باشتر دەبێتو کارەکان باشتر بەڕێوەدەچێت.

بـەڕێـوەبـەری پـۆلـیـسـی قـەزاو نـاحـیـەکـانـی کەرکوک، وتیشی: «ئەو دەزگایانەی کــە هــەیــە زیـاتـر دەزگـای کـۆکـردنـەوەی زانــیــاریــن لـەسـەر گرووپە تیرۆریستییەکان».

# «ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکە مادەی (١٤٠)ی کردە قوربانیی پۆست»

راپۆرتی ،پشتیوان سەعدوڵڵا

**بەپێی کارنامەی حکومەتی عێراق، مالیکی پابەندنەکراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و هاوکات ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوە دەخاتە روو؛ «ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان مادەی (١٤٠)ی کردە قوربانیی بەدەستهێنانی پۆستو پلەو پایەو لەبیری کرد.**

لە پـەیـڕەوی نـاوخـۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکوردستانییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە؛ کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئیئتیلافەکە بریتییە، لە کارکردنو بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، هەروەک لە خاڵی(٩)ی داواکارییە (١٩)خاڵییەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا هـاتـووە: «کـە دەبێت مـــادەی(١٤٠)ی دەستوور جێبەجێبکرێتو بودجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت، لە ماوەیەکدا کە لە دوو ساڵ تێپەڕ نەبێت».

هــــــروەهـــــا بـــــە وتـــــەی پەرلەمانتارێک؛پێشتر هەموو لایەنە کوردستانییەکانی نێو ئیئتیلافەکە لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ماوەی ساڵێکدا رێککەوتوون.

حاکم لەتیف مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لەسەرەتاوە ئومێدمان بە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەبوو، چونکە ئـەو ئیئتیلافە هەموو لیستە کوردستانییەکانی لەخۆگرتبوو، هەروەها یەکەمجارە کە کورد بەرنامە دابنێت، هەمووومان لەسەر ئەوە رێککەوتین، کە دەبێت مادەی (١٤٠) لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێ بکرێت، تەنانەت سەرۆکی هەرێمیش جەختی لە جێبەجێکردنی مادەکە لە ساڵێکدا کـردەوە، چونکە پێمانوابوو؛ ئەگەر لە ساڵی یەکەمدا ئەو کێشەیە یەکلایی نەکەینەوە، ئەوا ئەو ناوچانەمان لەدەست دەچنو مادەکەش جێبەجێ ناکرێت، بەڵام نەک ساڵی یەکەم، لە چوار ساڵی داهاتووشدا ئەو مادەیە جێبەجێ ناکرێت.

پێش پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، کورد وەفدی دانوستکاری پێکهێناو وەرەقەیەکی (١٩) خاڵیی پێشکەشی لایەنە عێراقییەکان کردو هەروەها بەرپرسانی کورد بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان دا، بەشداریی هیچ حکومەتێک ناکەن، تا زەمانەتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد وەرنەگرن، بەڵام رۆژی (١٢/٢١) بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی حکومەتی عێراق پێکهێنراو تائێستاش داواکارییەکانی کـورد ئیمزا نەکراونو حکومەتەکەی مالیکیش پابەندنەکراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

هــەروەک لە کارنامەی حکومەتە نوێکەی نوری مالیکیدا بەشێوەیەکی رووکەشی ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) دراوەو بەپێی خاڵی یەکەمی تەنیا باس لە بەدواداچوونی لیژنەکانی ئەو مادەیە دەکات، بەبێ ئەوەی وادەیەکی دیاریکراو هەبێت.

بە بۆچوونی حاکم لەتیف، هەموو ئەو قسانەی کە بەرپرسانی کورد لە ماوەی رابـردوودا لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا کردوویانە، بەتایبەتی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، تەنیا دروشمنو وەکو بڵقی ئاو رۆیشتنو دەڵێت: ئێمە ئێستا بۆمان دەردەکەوێت، کە بۆچی لە رابـــردوودا ئەو کێشانە چارەسەرنەکراون، چونکە بەرپرسانی کورد لە بەغدا لە پێناو بەدەستهێنانی پۆستو پلەو پایەدا مافەکانی کوردیان لەبیرکردووەو ئێستاش هەمان سیناریۆ دووبارەبووەوە».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بەوە دەکات؛ «ئـەوەی بـەلای ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە گرنگ بوو، بەتایبەتی یەکێتیو پارتی، ئـەوەبـوو کە چەند پۆستو وەزارەت وەردەگرن، لەپێناوی پۆستەکاندا هەموو مافەکانی کوردیان لەبیرکرد،لەم قۆناغەشدا کورد هەموو شتێکی بەلایەنە عێراقییەکان بەخشی، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان لێ وەربگرێت، ئـەوان جگە لـەوەی کە توانییان ماڵی عێراقی یەکبخەنەوەو جگەلەوەی کە توانییان رێبکەون لەسەر لێخۆشبوونی بەعسییەکانو ئەو کەسانەی کە دژایەتی مافەکانی کورد دەکەنو چەند پۆستێک وەربگرن، هیچ شتێکی تریان بەدەست نەهێناوە».

وتیشی: «تائێستا هیچ کـەسو لایەنێک ئیمزای لەسەر وەرەقـە (١٩) خاڵییەکەی کورد نەکردووەو کوردیش هیچ گرەنتییەکی بۆ داواکارییەکانیو مادەی (١٤٠) وەرنەگرتووە، بۆیە مادەی (١٤٠) لەگۆڕنراو بوونی نەماوەو تەنیا دروشمەو باسکردنی ئەو مادەیە تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی کوردستانو کەرکوکە، چونکە حکومەتەکەی مالیکی هیچ ئیلتیزامێکی لەسەر نییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و کوردیش ناتوانێت هیچ فشارێک بکات».

حاکم لەتیف، یەکلایی نەکردنەوەی کێشەکانی نـێـوان هـەرێـمو بەغدا دەبەستێتەوە بە سیاسەتی نوێنەرانی کورد لە بەغداو رایدەگەیەنێت: «جێبەجێنەکردنی مـادەی (١٤٠)و داواکارییەکانی تری کورد لە ئەستۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندایە، بەتایبەتی یەکێتیو پارتی، جگە لـەوان کۆمەڵو یەکگرتووش بەرپرسن لەو مەسەلەیەو ئەوان شەرعەیەتییان بە هەنگاوەکانی ئیئتیلافەکە داوە، دەبـوو یەکگرتوو و کۆمەڵ لە ئیئتیلافەکە بهاتنایەتە دەرەوەو قبووڵیان نەکردایە، بەڵام ئەوانیش لەپێناو وەرگرتنی پۆستدا مافەکانی کوردیان، بەتایبەتی مادەی (١٤٠) لەبیرکرد».



دیمەنێک لە شاری کەرکوک

# کوردەکانی جەلەولا موڵکەکانیان دەفرۆشنەوە

راپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور

**لەگەڵ چۆڵکردنی ناوچەکەدا بەشێک لە کوردەکانی جەلەولاو سەعدییە خانووموڵکەکانیان بە عەرەبەکان دەفرۆشنەوەو لە ماوەی رابردووشدا زیاتر لە (١٠٠٠) خێزانی کورد ناوچەکەیان بەجێهێشتووە**

چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکانی سنووری پارێزگای دیالە، لە لایەن خێزانە کوردەکانو کۆچکردنیان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستانو خانەقین، لەژێر هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکانی سنوورەکەو پاشماوەکانی بەعسو خراپیی مامەڵەکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو سنوورە بەردەوامە.

ئەنوەر ئەحمەد، کە هاوڵاتییەکی کوردی ناحیەی جەلەولایە لە سنووری پارێزگای دیالەو ئێستا لە خانەقین دەژی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «مـاوەی چوار ساڵە جەلەولام چۆڵکردووە، نزیکەی (١٥) کەس لە خێزانو کەسە نزیکەکانم لە کەلارو سلێمانیو خانەقین نیشتەجێین، خانوو موڵکەکانمان فرۆشتووەو هەموویشی عەرەب لێی کڕیوین».

ئەو هاوڵاتییە ئاشکراشیکرد؛ فرۆشتنی موڵکو خانوو لەلایەن کوردەوەو کڕینەوەی لە لایەن عەرەبەکانەوە لە ناحیەی جەلەولا، بووە بە دیاردەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە: «کورد ناتوانێت خانوو و ماڵ بکڕێت، چونکە ئاسایش بەرقەرار نییە. ئێستاش ئەو خێزانە کوردانەی کە لە جەلەولاوە روو دەکەنە کەلارو سلێمانی، ماڵو موڵکیان بە عەرەب دەفرۆشن.

لەلایەن خۆشیەوە، زیاد ئەحمەد، ئەندامی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر پشکی یەکگرتووی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو دیاردەیە تەعریبی لەسەر خۆی پێدەوترێت، واتە بە شێوەیەکی نائاگا ناوچەکە دەبێت بە موڵکی عەرەبو لە دەست کورد دەچێت».

داواشیکرد، کە کوردەکان دان بە خۆیاندا بگرن لە بەرامبەر ئەو شەپۆلە توندوتیژییەی بەرامبەریان گیراوەتە بـەر، لە بەرامبەردا کوردەکانی جەلەولاش رەخنە لە بەرپرسانی کورد دەگرن لە ناوچەکە، کە هاوڵاتییانیان داوەتە دەستی قەدەرو خۆیان یەک شەو لە جەلەولا نامێننەوە.

ئەنوەر ئەحمەد، کـوردی جەلەولا لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی وت: «کە کات گەیشتە ئێوارە، یەک بەرپرسی کورد لە جەلەولا نامێنێتو هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ کەلار، ئیتر ئاگایان لەو خەڵکە نامێنێت، کە چیان پێدەکرێتو چۆن تیرۆر دەکرێنو دەستدرێژییان دەکرێتە سەر».

لە ناحیەی سەعدییەش، کە بەشێک لە خێزانە کوردەکان بە تایبەت کوردانی عەشیرەتی زرگوش، کاتێک بەر شاڵاوی لەناوبردن کەوتن، فریای فرۆشتنی موڵکەکانیان نەکەوتنو لەلایەن عـەرەبو پاشماوەکانی بەعسەوە، کە ئێستا دەسەڵاتی تەواویان لە ناوچەکە هەیە، دەستی بەسەردا گیراوە.

عەباس عەبدوڵڵا زرگوشی، هاوڵاتییەکی ناحیەی سەعدییەیە بە رۆژنامەی وت: «کاتێک لە لایەن تیرۆریستانەوە بەر هەڕەشەو کوشتنو لەناوبردن کەوتین، کاتی ئەوەمان نەبوو کە موڵکەکانمان بفرۆشین بە عەرەب، یان تورکمان، هەر فریای ئەوە کەوتین ناحیەکە چۆڵ بکەینو دواتر لە لایەن عەرەبو تیرۆریستانەوە موڵکو ماڵەکانمان تاڵان کرانو باخەکانمان لەناوبران.

ئەوەشی وت: کە ئەوان لە لایەن پاشماوەکانی بەعسەوە بە نامەی هەڕەشەئامێز داوایان لێ کراوە، کە ناسنامەی خۆیان بۆ عەرەب بگۆڕن، ئەگەرنا بەر شاڵاوی لە ناوبردن دەکەون.

وتیشی: «لە بەرامبەردا تیرۆریستان دەستیان بە جێبەجێکردنی هەڕەشەکانیان کردو لە یەک رۆژدا دەیان کەسیان لێ کوشتین، تا ناحیەکەمان چۆڵکرد، ژمارەی کوژراوانمان بۆ زیاتر لە (٣٠٠) کەس بەرزبووەوە».

»

**کە کات گەیشتە ئێوارە یەک بەرپرسی کورد لە جەلەولا نامێنێتو هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ کەلار**

«

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەش، حکومەتی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانێت لە بەرامبەر ئەو پرسەداو دەڵێت: «دەبوایە کورد هێزی ئەمنییو سەربازیی خۆی لە سنوورەکە جێگیر بکردایە، چونکە ئەگەر کورد هەستی بە بوونی پشتیوانیی بکردایە، بەو شێوەیە ناوچەکەی چـۆڵ نـەدەکـرد، بۆیە پێویستە کورد ئەندامی هەبێت لەنێو هێزە ئەمنییو سەربازییەکانی عێراق لە ناوچەکە، هێزی پێشمەرگەش لە سنووری پارێزگای دیالە جێگیر بکات، بۆ ئەوەی ناوچەکە بە تەواوی لە کورد چۆڵ نەبێت».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، تائێستا زیاتر لە پێنجسەد خێزانی کورد لە ناحیەی جەلەولاو نزیکەی شەشسەد خێزانی دیکەش لە ناحیەی سەعدییە ناوچەکەیان چۆڵکردووەو روویان لە شارەکانی کـەلارو سلێمانیو خانەقین کـردووە، بەشێکیش لەو خێزانانە موڵکو ماڵەکانیان بە عەرەب فرۆشتووەتەوە، دیاردەی چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالە بەردەوامەو تائێستاش هیچ هەنگاوێک بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو پرسەدا هەڵنەگیراوە.

تائێستا هاشمیو عەبدولمەهدی پۆستە کۆنەکانیان بەکاردەهێنن 10

## دوای چوار مانگ، حکومەت هیچ شەفافیەتێک لە بواری نەوتدا ناخاتە ڕوو

# ئۆپۆزسیۆن لەسەر ناشەفافبوونی نەوت، پەرلەمان جێدێڵێت

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

**بە گوێرەی بۆچوونی پەرلەمانتاران، حکومەت بەردەوامە لە چەواشەکردنو شاردنەوەی داهاتی نەوتی هەرێم، ئۆپۆزسیۆنیش ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی بچووک بۆ شاردنەوەی ملیۆنەها دۆلار لە داهاتی نەوت ڕەتدەکەنەوەو جەختی لەوە دەکەنەوە؛ کە قبوولی بێدەنگبوون ناکەن لە داهاتی نەوتو هۆڵی پەرلەمان جێدەهێڵن.**

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٢ پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی بۆ ساڵی (٢٠١٠) خستە ڕوو؛ کە بودجەکەی بە ناوی بودجەی تایبەتەوە بۆ دانراوەو (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە، ئەویش بۆ دروستکردنی (٢٠٠٠) خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، (٣٠٠) پرۆژەی خزمەتگوزاریی، ئەم بودجە نادیارەش، کە بە ناوی بودجەی تایبەتەوە هاتووەتە پەرلەمان، بووە جێگەی نارەزایی ئۆپۆزسیۆنو لە هۆڵی پەرلەمان هاتنە دەرەوە.

عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەم بارەیەوە دەڵێت: «دەرچوونی ئێمە لە هۆڵی پەرلەمان، هۆکارەکەی ناشەفافبوونی داهاتی نەوت بوو، ئەو بێدەنگبوونەی حکومەتی هەرێمە، کە تائێستا ئامادە نییە لەگەڵ پەرلەمان ئەو داهاتە یەکلایی بکاتەوە، ئەمەش ئەنجامەکەیەتی، کە دیارنەبوونی داهاتی نەوتو خەرجکردنی بەشێکی بە ناوی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە بووەتە کێشەیەکی موزمن، لەنێوان حکومەتو ئۆپۆزسیۆندا».

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەکردەوە؛ کە دەسەڵات سیاسەتی شاردنەوە بەکاردێنو دەیانەوێت لە داهاتەکەو خەرجکردنی ناشەفاف بنو کەسیش قسە نەکات، ئەمەش قابیلی قبووڵ نییە، چونکە قبووڵی بێدەنگبوون ناکەین لە داهاتی نەوت، کە پارەی ڕەشو ڕووتی میللەتە، نەک حیزب.

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی دەسەڵاتیش، بەشێکیان پشتگیریی لەم داوایانەی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، کە داهاتی نەوت شەفافانە باسی لێوە بکرێت، بەڵام پاساویشی بۆ دەهێننەوە.

جەلال عەلی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانیی وتی: ئەو پارەیەی خرایە ڕوو بە ناوی وەجبەی یەکەمی داهاتی نەوتەوە هاتووەو وەجبەکانی دیکەش دواتر دەهێنرێتە پەرلەمانو بەپێی ژمارەی دانیشتووان دەکرێتە پرۆژە بۆ پارێزگاکانی هەرێم، داهاتی ساڵانی ڕابردووش خولی پێشووی پەرلەمان لێی بەرپرسن.

هاتنە دەرەوەی پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان بە بۆچوونی بەرزان عەبدوڵڵا، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانو شارەزا لە بواری نەوتیش؛ دەکرا دوا بخرێتو سوود لەم پارەیەی حکومەت وەربگیرێت، کە دەیکاتە پرۆژە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی بێتە دەرەوە لەسەر ئەوەی، کە بزانێت داهاتی نەوت چی لێدێت لەم وڵاتە، بیکاتە هەرا تا ڕاستیی ئەو داهاتە بزانێت، چونکە ئەو دەڵێت: (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە، کوا بەڵگەکان تا ئۆپۆزسیۆن قەناعەت بکات، ئەمە مافی خەڵکو ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام ئەمە دەکرا لە دانیشتنێکی تایبەتدا ئەوە بکرایەو وەزیری داراییو سامانە سروشتییەکانو سەرۆکی حکومەت بانگبکرێنو لێپێچینەوەیان لێ بکرێتو پرسیاریان لێ بکرێت، ئەگەر وەڵام نەدەنەوە وەک پیشەی خۆیان، کە بە تایبەت وەزیری سامانە سروشتییەکان «بە هیچ شێوەیەک حساب بۆ پەرلەمانتاران ناکات، تا وەڵامیان بداتەوە»، ئەوکات پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەلویستی دیکەی هەبێت.



پەرلەمانتارانی گۆڕان لەبەردەم بینای پەرلەمانی کوردستان — فۆتۆ: ڕۆژنامە

هەلوێستی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە بۆ ئەوە بووە، کە داهاتی نەوت لەژێر ناوی پرۆژەی بچووک نەشارێتەوە، چونکە وەک ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان ئاماژەی پێکرد؛ هەرچەندە سەرچاوەی داهاتەکە نادیارە، کە ناویان ناوە بودجەی تایبەت، ئەگەر داهاتی نەوت بێت، ئەوا زۆر لەوە زیاترەو تەنیا (٢٥٠) ملیۆن دۆلار نییە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتووی ئیسلامیی جەختیشی کردەوە، کە ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەن، بەڵام با لە بودجەی گشتیی هەرێم ئەنجام بدرێن، نەک لە داهاتی نەوت، چونکە پێویستە ئەو داهاتە بۆ پرۆژەی ستراتیژیی بەکاربهێنرێت، بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنو کۆمپانیای پترۆکیمیاییو داخستنی دۆسیەی کێشە گەورەکانی وەک؛ کێشەی کارەبا، کە ئیتر باس نەکرێتەوە.

ئەم پاساوەی حکومەت بە وتەی بەرزان عەبدوڵڵا، زۆر قەناعەتپێکراو نییە، چونکە ئەو (٢٥٠) ملیۆن دۆلارەش هەر داهاتی نەوتەو ئێستا بێت، یان ماوەیەکی دیکە حکومەتی عێراقی وەریدەگرێتەوە لە هەرێم.

بەهۆی ئەم جۆرە هەڵوێستانەی حکومەتەوە، ئۆپۆزسیۆن پێیوایە؛ کە نە لێپێچینەوە لە حکومەتو وەزیرەکانی، نە یاداشتو نە پرسیار ئاراستەکردن چارەسەری کێشەکان ناکات، چونکە حکومەت نایەوێت داهاتی نەوت ئاشکرا بکرێت، وەک عەدنان عوسمان، خستیە ڕوو؛ کە لە پەرلەمان زۆرینە بێدەنگە لە ئاست ئەم مەسەلە گرنگەو دەیەوێت قسە لەسەر (٢٥٠) ملیۆنەکە بکات، نەک داهاتە کولییەکە چی لێهاتووە؟ هەولیش دەدەن بیخەنە دەنگدانەوە، هەرچەندە ناچارین ئەو زۆرینەیە، گەر بە لایانەوە پەسەندبێتو دەنگی بۆ بدەن ڕازی بین، بەڵام لە گوشارەکانمان بەردەوام دەبینو بۆ خەڵکیش دەسەلمێت کە ئەو زۆرینەیەی دەنگتان بۆ داون، یاریی بە چارەنووسو بژێویی ئێوە وە دەکەن.

لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکانیش چەندین مانگە چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتن لەسەر ئەو پرسیارانەی ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکانو حکومەت کراوە، دەربارەی داهاتی نەوت، بەڵام وەک ناسک تۆفیق، ڕایگەیاند؛ هیچ وەڵامێکی تایبەت بە پارە نەگەیشتووە بە پەرلەمانو لیژنەکەیانو ئەوەی تائێستا هاتووەتە لیژنە زانیارییە لەسەر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەرێمایەتی تایبەت بە نەوتو گاز، کە بەپێی یاسای نەوتو گازی هەرێم، دەبوو لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە کۆبوونەوە بکرایە، نەک کۆبوونەوەیەک لە مانگی تەممووزو کۆبوونەوەیەک لە مانگی ئەیلولی (٢٠١٠)، کە کۆنووسەکانیان لە مانگی کانوونی یەکەمدا هاتووەتە پەرلەمان، ئەمانەش هیچ ئەنجامێکیان تێدا نییەو داوای بڕیار دەرکردن دەکەن بۆ ئەو پرسانەی ئێمە داوای ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەکەین.

بەرزان عەبدوڵڵا، شارەزای بواری نەوتو ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان پێیوایە؛ کە ئۆپۆزسیۆن لەبری داواکردنی ئاشکراکردنی داهاتی نەوتو یاداشتو نووسراو، پێویستە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی یاسای نەوتو دروستکردنی سندووقی داهاتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانو کۆمپانیای بە بازارکردنی نەوت بکەن، کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانو ئەو کات یاریکردن بە داهاتی نەوت، گەر بە تەواویش کۆنترۆڵ نەکرێت، بەڵام «دزی» کەمدەکاتەوە.

ئیسماعیل گەڵاڵی، لە فراکسیۆنی گۆڕان جەختی کردەوە؛ کە کاتی ئەوە هاتووە، ئۆپۆزسیۆن دان بەوەدا بنێت حکومەت بە نووسراو و یاداشت وەڵام ناداتەوەو پێویستە بە دوای بەدیلێکدا بگەڕێت، تا حکومەت گوێی بۆ بگرێتو کار بە یاساکەش بکات، ئەویش بە مانگرتنی پەرلەمانتاران لە هۆڵی پەرلەمان، یان بایکۆتکردنی دانیشتنەکان بۆ ماوەیەک، یان داخستنی خاڵە سنوورییەکان لە ڕێگەی مانگرتنی پەرلەمانتاران لەو خاڵانەو ڕێگرتن لە هاتوچۆی تانکەرە نەوتییەکان، تا حکومەت وەڵام دەداتەوەو خەڵکیش دەگاتە یەقین، کە ئەم حکومەتە تا چەند بێ منەتە لە بەهەدەردانی سەروەتو سامانی ئەم میللەتەو شاردنەوەی ڕاستییەکان.

کە بە بڕوای بەرزان عەبدوڵڵا، پێویستە حکومەتی هەرێم تێبگات لەو ڕاستییەی، کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو بتوانرێت لە پشت پەردەوە پارەی ئەم میللەتە بدزرێت، خەڵک هوشیارەو ئۆپۆزسیۆن هەیە.

---

## لە ڕێککەوتنی کورد لەگەڵ لایەنە عەرەبەکان

# «ئیئتیلافی کوردستانیی، حسابی بۆ پەرلەمانی کوردستان نەکرد»

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ڕێککەوتنی لەگەڵ مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەت نەبردە پەرلەمانی کوردستان، بەمەش پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیو یاساکانی پەرلەمانی کوردستانی کرد.**

بەپێی کارنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، پێویستە شاندی دانوستانکاری کورد، پاش ئەوەی دەگاتە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانو بەرنامەی ئیتیفاق لەسەرکراوو چۆنێتی دابەشکردنی پۆستەکان بگەیەننە پەرلەمان بۆ ئەوەی موسادەقەی لەسەر بکات، بەڵام ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەوەی نەکرد.

موحسین سەعدون، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بەو ڕێککەوتنەی کوردو نەگەڕانەوەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، وتی: «پەرلەمانی عێراقی تایبەتمەندە لەسەر ئەو بابەتانە، پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، نەک هەموو عێراق، ئەم مەسەلانە لە بەغدا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، نەک لە کوردستان».

هەروەها نەجیب باڵەتەیی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەندامی شاندی دانوستانکاری کورد لە بەغدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە بەگرنگمان دەزانی، گەڕانەوەمان بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان لەکاتی ڕێککەوتنەکانماندا، بەڵام ئاشکرایە کە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز بوو، ئەمە جگە لەوەی کە لە زۆربەی کۆبوونەوەکانماندا سەرۆکی هەرێمو حکومەتو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەبوون، بۆیە ئیکتیفامان کرد بەو دانیشتنانە بە حوکمی ئەوەی کە نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدابوو، لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی کوردستان».

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستان، دامەزراوەی پەرلەمان لە کوردستاندا مەرجەعە بۆ پرسە چارەنووسسازەکانو پێویستە پەرلەمان دوابڕیار لەسەر ئەو پرسانە بدات، کە پەیوەندیدارن بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە، هەر بۆیە پەرلەمانتارانی کوردستان ئەم پێشێلکارییە بە حسابنەکردن بۆ پەرلەمانی کوردستان دەزانن.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری کوردستان لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە دواو وتی: «هۆکاری نەگەڕانەوەی ئەو ئیئتیلافە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئاشکرایە، کە پەیوەستە بەحسابنەکردن بۆ پەرلەمانی کوردستانو دانەنانی پەرلەمانی کوردستان بە مەرجەعی کوردستان بۆ ئەو مەسەلانە، جگە لە یاسای هەڵبژاردنەکانو بڕیاری پەرلەمان بۆ بەمەرجەع دانانی پەرلەمانی کوردستان بەو مەسەلانە، ئەو ئیئتیلافە خۆشی بەستووەتەوە بەو مەرجەی کە لەکاتی ڕێککەوتنەکانیدا بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو ڕێز لەو پەرلەمانە بگیرایە، بەڵام حسابی بۆ نەکرا، چونکە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە پەرلەمانی عێراق کرا، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە سەرپەرشتی کران، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان».



ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەر لە کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان

ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەپێی بڕگەی چوارەم خاڵی هەشتەم، لە پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، تەنیا ڕاوێژ بە سەرۆکی هەرێم دەکرێتو بڕیار پەرلەمانی کوردستان دەیدات، بەو پێیەش دەبوو بەر لەوەی حکومەتی عێراق تەشکیل بکرێت، کارنامەی حکومەتەکەی مالیکی بچووایەتە پەرلەمانی کوردستانو بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام ئەو ئیئتیلافە لە کاتی گفتوگۆو ڕێککەوتنەکانیدا نەگەڕایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیو بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی کرد، پەرلەمانی کوردستانیش لەو ئاستەدا بێدەنگیی هەڵبژاردو لێپرسینەوەی لەو بارەیەوە نەکرد.

لەوبارەیەوە عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە وەک فراکسیۆنی خۆمان لە سەرەتادا پێمانوابوو؛ کە بە حوکمی ئەوەی هەردوو لیستی دەسەڵاتو یەکگرتوو و کۆمەڵیش، کە چوارینە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان پێکهێناوە، زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستانو بەو پێیەش ئەو پەرلەمانە ناتوانێت ڕێگربێت لە کارەکانی ئەو ئیئتیلافە، بۆیە پێشبینیمان دەکرد کە ڕێککەوتنەکان بهێننەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەوەیان نەکرد».

سەبارەت بە هەولیشیان لەو بوارەدا عەدنان عوسمان، وتی: «ئێمە ئێستا لە گفتوگۆداین لەگەڵ نوێنەرانی گۆڕان لە بەغدا، بۆ ئەو مەبەستە، ئەمەش مەبەست لێی پەیوەستکردنی لایەنە کوردییەکانە بە بڕیارو یاساکانی پەرلەمانو بەو پەیڕەوی ناوخۆیەشەوە کە ئیئتیلافەکە دایناوە، بۆ ئەو مەبەستەش بە نیازین هەفتەی داهاتوو ڕاوێژی تەواوەتی لەسەر بکەین، چونکە لایەنی کەم دەبوو ئەو ئیئتیلافە پرسە گورگانەیەکی بە پەرلەمانی کوردستان بکردایە.

فراکسیۆنی گۆڕان بە نیازیشە بۆ داوای ڕوونکردنەوە لەو مەسەلەیەدا گفتوگۆ لەگەڵ فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ بکەن لەپەرلەمانی کوردستاندا، عەدنان عوسمان، وتیشی: «هەرچەندە قسەکردنی ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەبێتە قسەکردنی ڕاگەیاندن، چونکە ئەوان زۆرینەن لە پەرلەمان، واتە ئەگەر نەیانەوێت ناتوانرێت بخرێتە بەرنامەی کاریشەوە، بەڵام ئێمە وەکو مەسەلەیەکی ئسولیو مەبدەئی قسەی لەسەر دەکەین.

### هەندێکیان لەکاتی دانوستاندنەکاندا پێشێلکراون

# کارنامەکەی مالیکی، (١٩) خاڵەکەی کوردی خنکاند

راپۆرتی: رۆژنامە

**لە کارنامەی حکومەتە نوێکەیدا، نوری مالیکی خۆی لە پابەندبوون بە (١٩) داواکارییەکەی ئیئتیلافە کوردییەکە لاداوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی ئیئتیلافەکە ئاماژە بەوە دەکەن: «مالیکی، ئیمزای کردووە»، هاوکات ژمارەیەک لەو (١٩)خاڵەی ئیئتیلافە کوردییەکە بەر لە پێکهێنانی حکومەتو لە کاتی دانوستاندنەکاندا پێشێلکراون.**

## مادەی (١٤٠)

لە خاڵی(٩)ی داواکارییە (١٩)خاڵییەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا هاتووە، کە دەبێت مادەی(١٤٠)ی دەستوور جێبەجێبکرێتو بودجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت لە ماوەیەکدا کە لە دوو ساڵ تێپەڕ نەبێت.

هاوکات، لە بنەماو میتۆدی حکومەتە نوێکەی‌نوری‌مالیکیدا،بەشێوەیەکی‌رووکەشی ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) دراوەو تەنیا باس لە بەدواداچوونی لیژنەکانی ئەو مادەیە دەکات، بەبێ ئەوەی وادەیەکی دیاریکراو هەبێت وەک ئەوەی لە (١٩) خاڵی ئیئتیلافە کوردییەکەدا هاتووە، ئەمەش ئەگەرەکانی دووبارەبوونەی ئەزموونی رابردووی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقدا سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی مادەی(١٤٠) دووبارەدەکاتەوە کە لە دواقۆناغدا، ئەو مادەیە جێبەجێ ناکرێتو کاری لیژنەکانیش لە جێگەی خۆیان دەسوڕێنەوەو حکومەتو سەرۆکایەتیی کۆماریش لە جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیەدا تۆپەکە دەخنە گۆڕەپانی ئەوی تریانەوە، ئەمە جگەلەوە کە مادەی(١٤٠)، لەوپەڕی هێزی کوردا لە بەغداو لە خولی رابردوودا جێبەجێ نەکرا، کە چوار ساڵی بۆ دانرابوو، تەنانەت قۆناغی یەکەمیشی کە قەرەبووکردنەوەیە، هێشتا کۆتایی نەهاتووەو کێشەی هاوردەکردنی عەرەبو ئاوارەبوونی کوردی ناوچەدابڕاوەکانیش بەردەوامە، ئەمەش لە رووی لۆژیکییەوە ئەگەری جێبەجێکردنی تەواوی قۆناغەکانی ئەو مادەیە لە ماوەی دووساڵدا بێهێز دەکاتو هاوکات لەگەڵ باسکردنی مادەی(١٤٠)دا لە میتۆدی حکومەتەکەیدا، مالیکی باسی لە وەش کردووە کە پێویستە هەموو هەموارکردنە دەستوورییەکانیش لە چوارچێوەی مادەی(١٤٢)ی دەستوور بکرێنو ناوهێنانی ئەو مادەیەش مەترسیی ئایندەیی بۆ کورد دروست دەکات، بەتایبەت کە زۆربەی لایەنە سوننییەکان داوای هەموارکردنی دەکەنو کوردیش کە دەستوور بەدەستکەوتێکی گەورەی خۆی دەزانێت لەلایەنی بەدەستهێنانی مافەکانییەوە،مەترسیی‌گەورەی‌هەموارکردنی هەیە.

## پێشمەرگە

لە خاڵی (١٢)ی داواکارییەکانی ئیئتیلافە کوردییەکەدا، ئاماژە بەوە دراوە کە پێویستە پرۆسەی پڕچەککردنو ئامادەکردنو پارەدارکردنی پاسەوانی سنووری هەرێم (پێشمەرگە) وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی نیشتمانیی عێراق لێبکرێت، بەڵام لە میتۆدی حکومەتە نوێکەیدا، مالیکی ئاماژەی بە هەنگاوێکی لەو جۆرە نەکردووە کە تایبەت بێت بە پێشمەرگەو ئاماژەی بەوەداوە کە کاردەکات بۆ بونیادنانەوەی هێزە چەکدارەکان لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵی بەدوور لە ئینتیمای بەرتەسکو جەختی لەسەر ئەوەشکردووەتەوە کە دەبێت چەک تەنیا بەدەستی دەوڵەت بێتو رێگە بە هیچ چالاکییەکی ئەمنیی نادرێت لەلایەن هەر لایەنێکەوە ئەنجامبدرێتو رێگەش نادرێت دەزگا ئەمنییەکان بە سیاسیی بکرێن، لێرەشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە مالیکی لە چوار ساڵی داهاتوودا، ژمارەی هێزی پێشمەرگە کە پێشتریش بە رێژەکی زۆری لەقەڵەم دەدا، وەک خاڵێکی ناپرۆفیشناڵی بیهێڵێتەوەو کارکردنی هەردوو دەزگای ئاسایشی پارتیو دژە تیرۆری یەکێتیش لە کەرکوک، بە چالاکیی دەرەوەی هێزە ئەمنییەکان لەقەڵەمبدات بۆ قایلکردنی شەقامی عەرەبی سوننی لە ناوچەدابڕاوەکاندا.



کورد دەتوانێت حکومەتەکەی مالیکی چۆڵ بکات

## نەوت

هەرچەندە لە (١٩)خاڵی ئیئتیلافە کوردییەکەدا باس لەوە کراوە، کە لەماوەی ساڵی یەکەمی حکومەتو پەرلەمانی نوێدا، دوایین رەشنووسی پرۆژەیاسای نەوتو گاز کە رێککەوتنی لەسەرکراوە، پەسەند بکرێت، بەڵام مالیکی لە میتۆدی حکومەتەکەیداو بەشێوەیەکی سەرپێییش، ئاماژەی بەوکێشەیەی نێوان هەرێمو ناوەند نەداوەو تەنیا بەڵێنی ئەوەی داوە، کە کاربکات بۆ دەرکرنی یاسا گرنگەکانی وەک یاسای نەوت، ئەمە جگەلەوەی کە لە خاڵی (١٦)ی میتۆدی حکومەتەکەیدا، مالیکی ئاماژەی بۆ بەدواداچوونی ئەو گرێبەستانەی نەوت کردووە کە حکومەتەکەی پێشووی ئیمزای کردوون لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکاندا بۆ زیادکردنی رێژەی وەبەرهێنانی نەوت لە عێراقدا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو گرێبەستانە بکات کە حکومەتی هەرێم لە بواری نەوتدا ئیمزای کردوون، ئەمە جگەلەوەی کە هاوکات لەگەڵ دانوستاندنی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا لەگەڵ کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانیی پێکهێنەری حکومەت لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو بە بەرچاوی جێگرە کوردەکەی سەرۆک وەزیرانو وەزیرە کوردەکانەوە، پشکی هەرێمی بەستەوە بە تەسلیمکردنی (١٥٠) هەزا بەرمیل نەوتی هەرێمەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی‌ئەو رێککەوتنەی‌کە‌ئیئتیلافە‌کوردییەکە بانگەشەی بۆ دەکات لەسەر (١٩)خاڵەکەی لەگەڵ مالیکیدا، بەر لە ئیمزاکردنیو دواتریش پێشێلکراوەو ئەگەری پێشێلکردنیشی لە داهاتوودا زۆرترە.

## خاڵە لەبیرکراوەکان

چەند خاڵێک هەن لەناو داواکارییە (١٩) خاڵییەکەی ئیئتیلافە کوردییەکەدا کە مالیکی لە میتۆدی حکومەتەکەیدا ئاماژەی پێنەداون. ئەنجامدانی سەرژمێریی لەکاتی خۆیدا کە ئیئتیلافی کوردییەکە لە (١٩)خاڵەکەیدا داوای کردبوو، لە میتۆدی حکومەتەکەی مالیکیدا باسی نەکراوەو تا ئێستاش نازانرێت چارەنووسی‌ئەنجامدان‌یان‌نەدانی، چی‌دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە لە برگەی (ب)ی خاڵی (٣) داواکاریی ئیئتیلافە کوردییەکەدا، باس لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان کراوە لە ئەنجومەنی وەزیراندا لە نێوان سەرۆک وەزیرانو جێگرەکانیدا، بەڵام شرۆڤەکەی ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە شەرعییەتی سەرۆکی سێ دەستەکەی سەرۆکایەتیی عێراق (حکومەت، پەرلەمان، سەرۆکایەتیی کۆمار) لەبری دەستەکان، ئەو بیرۆکەیە هەڵدەوەشێنێتەوەو هاوکات لە (١٩)داواکارییەکەی ئیئتیلافە کوردییەکەدا، ئاماژە بەوە دراوە کە پێویستە لەساڵی یەکەمی پەرلەمانی نوێدا، ئەنجومەنی فیدراڵی دابمەزرێتو تا ئەو کاتەش سەرکۆمار مافی ڤیتۆی هەبێت، بەڵام دادگای فیداڵی بەهەمانشێوە بوونی مافی ڤیتۆی رەتکردەوە، بەمەش داوایەکی تری ئیئتیلافە کوردییەکە بەر لە لەدایکبوونی مرد.

---

### سامی عەسکەریی:

# بەشدارینەکردنی گۆڕان، بەهۆی کێشەی نێو ماڵی کوردەوە بوو

راپۆرتی: عەلی ناجی- بەغدا

**سامی عەسکەریی، سەرکردەی دەوڵەتی یاساو کەسایەتیی نزیک لە مالیکی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانن بۆ بەشداریکردن لە حکومەتداو بەشدارینەکردنیشیان، بەهۆی کێشەی نێو ماڵی ئیئتیلافە کوردییەکەوە بووە.**

**عەسکەریی، ئاماژە بەوەش دەدات: مالیکی، هەندێک لە پاڵێوراوەکانی وەزارەتەکانی بەناچاریی‌و لەبەر نەبوونی کات قبوڵکردووە کە وەک ئەو دەڵێت: «مالیکی، پێیان قایل نییە».**

لەپاش پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو بەشدارینەکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لەو حکومەتەدا، چەمکی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی، خستووەتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەت کە مالیکی بەر لە پێکهێنانی حکومەتەکەی، بانگەشەی بۆ ئەو جۆرە حکومەتە دەکردو دوای ئەو قەیرانەش، بەرپرسانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئۆباڵی بەشدارینەکردنی گۆڕانیان خستە ئەستۆی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران، بەڵام سامی عەسکەریی، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساو کەسێتیی نزیک لە مالکییەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو کێشەیە پەیوەندیی بە دەوڵەتی یاساوە نەبووەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەوڵی چڕوپڕ هەیە بۆ ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان هەڵوێستی خۆی بگۆڕێتو بەشداریی لە حکومەتدا بکاتو بەشدارینەکردنیشی، پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبووەو پەیوەست بووە بە کێشەکانی نێو ماڵی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە».

سامی عەسکەریی، ئاشکراشی کرد: «تا ئێستا وەک دەوڵەتی یاسا، چاوەڕوانی ئەوەن کە فراکسیۆنی گۆڕان هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت تا وەزارەتی پێبدەن، ئەوەش بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ ئیئتیلافە کوردییەکە چارەسەر بکات».



سامی عەسکەری

لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەی حکومەتەکەی بەبێ (٩)وەزارەت ئاشکراکرد، تێبینیو رەخنەکان‌لەسەر پیادەنەکردنی پرۆفیشناڵی لە لایەن نوری مالیکییەوە لە حکومەتدا ئاراستەکراو لەوبارەیەشەوە، عەسکەریی ئاشکرای کرد: «مالیکی بە پاڵاوتنی هەندێک لە پاڵێوراوەکان، قایل نەبووە، بەڵام لەبەر کەمیی کات لەبەردەمیدا بۆ پێکهێنانی حکومەت، قبووڵی کردوون».

---

# لایەنە کوردستانییەکان لەسەر (٤٠) دەستەو دامەزراوە دەست بە دانوستان دەکاتەوە

راپۆرتی: عەلی ناجی- بەغدا

**دوای پێکهێنانی حکومەت، خولی دووەمی دانوستانی نێوان کوتلە سیاسییەکانی عێراق دەستپێدەکات بۆ دابەشکردنی سەرۆکایەتی (٤٠) دەستەو دامەزراوەی عێراقی، کە لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسیی دابەشدەکرێت.**

لەپاش ئەوەی دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەتی نوێی عێراق کۆتاییهات، بڕیارە خولی دووەمی گفتوگۆو دانوستانی نێوان کوتلە سیاسییەکان دەستپێبکات، بە مەبەستی دابەشکردنی سەرۆکایەتی (٤٠) دەستەو دامەزراوەی عێراقی.

لەوبارەیەوە ئەحمەد مەساری، سەرۆکی کوتلەی حەل لە ئیئتیلافی عێراقییە تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دابەشکردنی دەستەو دامەزراوەکانی عێراق لە خولی دووەمی دانوستانەکاندا، دەستپێدەکاتو ئەو دابەشکردنەش لەسەر بنەمانی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنو تەوافوقی سیاسیی دەبێتو هەموو کوتلەیەک داواکاریی خۆی بۆ وەرگرتنی ئەو دەستانە پێشکەش دەکات».

هاوکات، هەندێکی تر پێیانوایە؛ کە بەر لە دابەشکردنی ئەو دەستەو دامەزراوانەی عێراق یاسای هەندێکیان هەموار دەکرێنەوە، لەیلا حەسەن، ئەندامی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە بەر لە دابەشکردنو پاڵاوتنی سەرۆکایەتی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی سەرۆکی دەستەو دامەزراوەکانی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، یاسای هەندێکیان هەموار دەکرێت.

بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، (٤٠) دەستەو دامەزراوە لە عێراقدا بونیادی یاساییان هەیە، کە کەسێتییەکی مەعنەوییان هەیەو لە رووی ئیدارییو دراییەوە سەربەخۆنو بە شێوازێکی تایبەت پەیوەندیدار دەبن بە وەزارەتەکانەوەو هەندێکیان سەربەخۆو هەندێکی تریشیان نیمچە سەربەخۆن.

لەلایەکی ترەوە، پەرلەمانتارێکی ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی ئاماژە بە میکانیزمێک دەکات بۆ دابەشکردنی دەستەو دامەزراوەکانی عێراق.

عەبدولحسێن عەبتان، ئەندامی ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی لە پەرلەمانی عێراق وردەکاریی ئەو میکانیزمەی بۆ رۆژنامە روونکردەوەو ئاشکرایکرد؛ کە ئەو (٤٠) دەستەو دامەزراوەیە دەکرێن بە دوو بەشەوە بە مەبەستی دابەشکردنیان بەسەر کوتلە سیاسییەکاندا.

بەپێی وتەی ئەو پەرلەمانتارە بەشی یەکەمی دەستەو دامەزراوە عێراقییەکان، بەپێی تەوافوقی سیاسیی دابەش دەکرێت، لەوانە: دەستەی حەجو عەمرەو دامەزراوەکانی زیندانییانی سیاسییو شەهیدانو تۆڕی راگەیاندنی عێراقو چەند دەستەو دامەزراوەیەکی دیکە، هەندێکی تریشیان بەپێی رێککەوتنی سیاسیی دابەش دەکرێن، لەوانە: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

لەلایەکی‌ترەوە،کەمەنەتەوایەتییەکانیش داوا دەکەن؛ لە دابەشکردنی دەستەو دامەزراوەکانی عێراقدا رەچاوی هاوسەنگیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی عێراقیش بکرێت.

ئەرشەد سالحی، ئەندامی تورکمان لە ئیئتیلافی عێراقییە بە رۆژنامەی راگەیاند: تورکمانەکان خوازیارنو لە هەوڵی ئەوەشدان سەرۆکی یەکێک لەو دەستەو دامەزراوانە وەربگرن، بەو پێیەی کە وەزارەتیان پێ نەدراوە.

١- دەستەی نەزاهە
٢- دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەیی
٣- دەزگای هەواڵگریی عێراق
٤- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
٥- بانکی ناوەندیی
٦- دیوانی چاودێری دارایی
٧- دەستەی چارەسەرکردنی کێشە مولکدارییەکان
٨- ئەنجومەنی شورای دوڵەت
٩- دادگای باڵای فیدراڵیی
١٠- ئەنجومەنی باڵای دادوەریی
١١- دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵیی
١٢- تۆڕی راگەیاندنی عێراقی
١٣- دامەزراوەی زیندانیە سیاسییەکان
١٤- دامەرراوەی شەهیدان
١٥- کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ
١٦- دەستەی گشتیی بۆ گرەنتی مافی هەرێمو پارێزگا نارێکخراوەکان لە چوارچێوەی هەرێمدا
١٧- دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتە فیدراڵییەکان
١٨- دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان
١٩- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی
٢٠- کۆڕی زانستی عێراقی
٢١- لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی
٢٢- ماڵی حیکمەت
٢٣- ئەمانەتی بەغدا
٢٤- دیوانی وەقفی سوننی
٢٥- دیوانی وەقفی شیعی
٢٦- دیوانی وەقفی مەسیحیەکانو ئایینەکانی تر
٢٧- دەستەی کاغەزە داراییەکان
٢٨- دەستەی باڵای حەجو عەمرە
٢٩- دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق
٣٠- دەستەی نیشتمانیی عێراقی بۆ پەیوەندییەکانو راگەیاندن
٣١- دەزگای داواکاری گشتیی
٣٢- دیوانی دڵنیایی
٣٣- دامەزراوەی بیرەوەریی عێراقی
٣٤- دامەزراوەی بەرنامە نا بەرهەمەکان
٣٥- دادگای کەتنی ناوەندیی
٣٦- بانکی بازرگانی عێراقی
٣٧- دەستەی سەرپەرشتی دادوەریی
٣٨- دەستەی ستراتیژیی عێراق بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە
٣٩- دیوانی خزمەتگوزاریی گشتیی فیدراڵیی
٤٠- دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانیی

د.شـاهۆ سـەعیـد: سەرۆکایەتیی هەرێم، سەنگی کوردی لە بەغدا بچـووککردەوە 12

«گەلی عێراق هاوسۆز دەبێت لە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ»

# ئۆپۆزسیۆنبوونی گۆڕان لە بەغدا، چۆن لێکدەدەرێتەوە؟

راپۆرتی: کاروان عومەر

**هەڵبژاردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە لای سەکردەیەکی عێراقییەوە دەستپێشخەریی بووەو پێویستە لایەنەکانی تریش چاوی لێبکەن‌و پسپۆڕێکی سیاسیش دەڵێت: «ئەو ئۆپۆزسیۆنبوونەی گۆڕان دەبێتە جێگەی بایەخی هاوڵاتییان».**



لەپاش ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بری بەشداریکردن لە حکومەتدا، بڕیاریدا ببێتە ئۆپۆزسیۆن وەک یەکەم ئۆپۆزسیۆنی رەسمیی پەرلەمانێکی شەرعی لە مێژووی نوێی عێراقدا، ئەو هەنگاوە کاردانەوەی جیای لێکەوتەوە.

ئیئتیلافی عێراقییە، کە وێڕای ئەوەی لە رووی قەبارەوە بە دووەمین بەشداری حکومەتی نوێی مالیکی لە قەڵەم دەدرێـن، بە گرنگی دەزانن ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی عێراقدا بوونی هەبێت.

جەمال بەتیخ، پەرلەمانتارو سەرکردەی ئیئتیلافی عێراقییەو ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ بوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا کاریگەریی تەندروست‌و ئەرێنییەو لە بنەڕەتدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا بوونی هەبێت‌و سەرجەم لایەنەکانی بەشدار نەبن لە حکومەتداو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «فراکسیۆنی گۆڕان دەستپێشخەر بووە لەو پرسە».

**خالد ئەسەدی: هەوڵ لە ئارادایە بۆ پاشگەزکردنەوەی گۆڕان لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوونی**

بەتیخ، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە بوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی عێراقدا، ئەگەر کاراو ئەکتیڤ بێت، ئەوا کاریگەریی زۆری دەبێت‌و گەلی عێراق هاوسۆز دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنەی کە ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵدەبژێرێت‌و هیواشی خواست، کە لایەنی تریش هەمان هەڵوێستی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئۆپۆزسیۆنبوون وەربگرن.

پسپۆڕانی سیاسیش جەخت لەسەر گرنگیبوونی ئۆپۆزسیۆن دەکەنەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بۆ فەراهەمکردنی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی.

عامر فەیاز، لێکۆڵەری سیاسیی عێراقی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد؛ بوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەنگاوێکی ئاساییەو جێگەی دەستخۆشییە، کە لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا بوونی هەبێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بۆ فەراهەمکردنی سەرجەم بنەماکانی دیموکراسییەتە لە عێراقدا».

عامر فەیاز، ئاشکراشیکرد؛ شێوازی راپەڕاندنی کارەکانی حکومەت لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆن باشتر دەبێت‌و کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر حکومەت‌و دەبێتە مایەی ئەکتیڤکردنی کاری حکومەت‌و پەرلەمانیش.

هاوکات ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، کە پێکهێنەری حکومەتە، هێشتا بە ئومێدی بەشداریکردنی گۆڕانە لە حکومەتدا، تا لە لایەک بەڵێنی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی بێتەدی‌و لە لایەکی تریشەوە هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن نەبێت.

خالید ئەسەدی، سەرکردەی دەوڵەتی یاسا پێیوانییە؛ کە گۆڕان



**جەمال بەتیخ: فراکسیۆنی گۆڕان دەستپێشخەربوو لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن**

رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت لە پەرلەماندا، چونکە وەک ئەو دەڵێت: لە رووی پێگەو ژمارەی پەرلەمانتارەوە ناتوانن ئەو رۆڵە ببینن‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ئێستادا سەرجەم لایەنەکان لە هەوڵی ئەوەدان، کە پۆستێکی وەزاریی بدرێت بە فراکسیۆنی گۆڕان، بە تایبەت کە سەرجەم پۆستە وەزارییەکان دەستنیشان نەکراون‌و هەوڵ لە ئارادایە بۆ پاشگەزکردنەوەی گۆڕان لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوونی، تا بەشدار بێت لە حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی، کە دەبێت سەرجەم لایەنەکانی تیایدا بەشداربن».

ئەسەدی، هیواشی خواست؛ کە سەرجەم لایەنەکان بە گشتیی‌و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە تایبەت، کار بکەن بۆ ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان پاشگەز بێتەوە لە هەڵوێستەکەی‌و بەشداریی بکات لە حکومەتدا.

پسپۆڕێکی سیاسیی تریش، وێڕای ئاماژەدان بە گرنگیی بوونی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە پێویستە بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا فراوانتر بکرێت.

نزار حەیالی، لێکۆڵەری سیاسیی‌و مامۆستای زانکۆی بەغدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە بوونی ئۆپۆزسیۆن شتێکی ئاساییە لەسەرجەم پەرلەمانەکانی جیهان بە مەبەستی چاودێریی کارو ئەدای حکومەت، بوونیشی لەناو پەرلەماندا دەبێتە جێگەی بایەخی هاوڵاتییان، وتیشی: «بۆ فراوانکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن، پێویستە لایەنی تریش هەمان هەنگاو لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بنێت».

---

# دەقی پرۆژەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان

رۆژنامە

پاش ئەوەی لیژنەیەکی سێ لایەنی دانوستان لە هەریەک لە د. رۆژ نوری شاوەیس لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و رافع عیساوی لە ئیئتیلافی عێراقییەو حەسەن سنێد لە ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی پێکهات، دوایین رەشنووسی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان گەڵاڵەکراو رۆژنامە دەقی رەشنووسی ئەو پرۆژەیاسایە بڵاودەکاتەوە.

١- ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، پێکدێن لە سەرۆک کۆمارو جێگرەکانی‌و سەرۆک وەزیران‌و جێگرەکانی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و دووجێگرەکەی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی‌و نوێنەری کوتلە سیاسییەکان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەم ئەنجومەنە ژمارەیەک راوێژکارو ژمارەیەک پاسەوانی دەبن کە نزیکەی یەک لیوای سەربازیی دەبێت.

٢- بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە ئیلزامی دەبن ئەگەر بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی دەرکران، بەڵام ئەگەر تێکڕای دەنگی ئەندامانی لەسەر پرسە ستراتیژییە باڵاکان مسۆگەر نەکرد، بڕیارەکان بەزۆرینەی سێیەکی ئەندامانی دەدرێن‌و لەم بارەشدا مولزەم دەبێت بۆ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان.

٣- لە دۆسیە ئاسایی‌و ناستراتیژییە باڵاکانیشدا، بڕیارەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی دەردەکرێن‌و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، پارسەنگ بۆ ئەو لایەنە دەبێت کە سەرۆکی ئەنجومەنەکە لەگەڵیدایەو ئەم ئەنجومەنە بۆشی هەیە بەدواداچوون بۆ بە باشیی جێبەجێکردنی بڕیارە مولزەمەکانی بکات.

٤- ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، بەپێی دەستوور کاردەکات‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەکەش بوونی دەبێت‌و لەڕووی دارایی‌و ئیدارییەوە سەربەخۆ دەبێت‌و پاڵێوراوێک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە باڵاکان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ متمانەدان پێی بە زۆرینەی رەهای تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و لە دوای سوێندخواردنی دەستوورییش، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، دەستبەکار دەبێت.

٥- کارکردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، بۆ یەک خول دەبێت تا پێکهێنانی حکومەتی خولی داهاتووی عێراق‌و ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانیش دەتوانێت کاری ئەم ئەنجومەنە بۆ خولێکی تر درێژبکاتەوە بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە نوێیە.

٦- ئامانجەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، بریتی دەبێت لە رۆڵبینین لە چارەسەرکردنی ئەو گرێیانەی کە رووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبنەوەو کاردەکات بۆ دانانی هێڵە گشتییەکان بۆ سیاسەتە باڵاو گشتییەکانی دەوڵەت‌و سەرجەم دەسەڵاتەکان‌و پێشکەشکردنی پێشنیازو راسپاردە سەبارەت بە یاساو پرۆژەیاساکان‌و چاکسازیی لە سیستمی دادوەرییدا.

٧- ئەو بوارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان کاریان بۆ دەکات، حەوت بوارن: شەونخونیکردن بۆ گرەنتی پەیوەستبوون بە دەستوورەوە، وێناکردنی سیاسەتی گشتیی دەرەوەو دانانی ستراتیژیەتی ئەمنیی‌و سەربازیی، دانانی سیاسەتی گشتیی ئابووریی، دارایی، دراویی، سیاسەتی وزە، وەبەرهێنان، پەرەپێدانی چاکسازیی سیستمی دادوەریی‌و هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانیی، ئەمە جگە لە دانانی ستراتیژیەتی رێکخستنی خزمەتگوزاریی ژینگەیی، تەندروستی، مافی مرۆڤ، رۆشنبیریی، گەشەپێدانی مرۆیی، پەروەردەو فێرکردن.

*** ئەم رەشنووسە لە کەناڵێکی لیستی عێراقییەوە دەست رۆژنامە کەوتووە**

---

بەپێی یاسای سزادانی عێراق، تاوانە

# تائێستا هاشمی‌و عەبدولمەهدی پۆستە کۆنەکانیان بەکاردەهێنن



دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری وادە کۆتایی هاتوو

راپۆرتی: هەستیار قادر

**تائێستا هەریەک لە عادل عەبدولمەهدی‌و تاریق هاشمی، وەک جێگری سەرۆک کۆماری عێراق رووماڵی چالاکییەکانیان دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە دانیشتنی ١٦ی ١٠ی پەرلەمانەوە ئەو پۆستەیان نەماوەو سەرچاوەیەکیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بەکارهێنانی پۆستێک کە نەتبێت بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، تاوانە.**

لەپاش ئەوەی لە دانیشتنی ٢٠١٠/١٠/١٦ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جەلال تاڵەبانی، وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژارد، هەریەک لە عادل عەبدولمەهدی‌و تاریق هاشمی، دوو جێگری سەرۆک کۆمار پۆستەکانیان نەماوەو لە ئێستاشدا سەرۆک کۆمار پرۆژەیاسایەکی ئاراستەی پەرلەمان کردووە سەبارەت بە چۆنێتی دیاریکردنی جێگرەکانی سەرۆک کۆمارو دەسەڵاتەکانیان، بەڵام تائێستا سایتی رەسمیی سەرۆکایەتی کۆمار چالاکی هەریەک لە عادل عەبدولمەهدی‌و تاریق هاشمی، وەک جێگرانی سەرۆک کۆمار رووماڵ دەکات، لەو چوارچێوەیەشداو لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی هەینی رابردوو (١٢/١٤) بڵاوکراوەتەوە، عادل عەبدولمەهدی، وەک جێگری سەرۆک کۆمار دەناسێنێت‌و ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە تارانی پایتەختی ئێران لەگەڵ مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبووەتەوە، لە دوو بەیاننامەی جیاتریشدا هەریەک لە عادل عەبدولمەهدی‌و تاریق هاشمی، کە لە (١٢/٢٥) لەلایەن سەرۆکایەتی کۆرمارەوە بڵاوکراوەتەوە، بە ناوی جێگری سەرۆک کۆمارەوە پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێیان لە هاوڵاتییانی عێراق بە گشتیی‌و مەسیحییەکان بەتایبەتی کردووە.

لەوبارەیەوە د.لەتیف شێخ مستەفا، یاساناس‌و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە ئەو کەسایەتییانە سیفەتی رەسمیی جێگری سەرۆک کۆماریان نەماوەو ئەو هەنگاوەیان بووەتە جێگەی پرسیار، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو دوو کەسایەتییە وەک جێگرانی سەرۆک کۆمار ویلایەتیان کۆتایی پێهاتووەو کارکردنیشیان بە ناوی پۆستە کۆنەکانیانەوە پەیوەندیی بەو پێشینەوەیەوە هەیە، کە هێشتا لە عێراق بەجێهێشتنی پۆست نەبووەتە کەلتوورو رەنگە بەردەوامبوونیان لەو پۆستانەدا بۆ درێژەپێدان‌و کردنی بێت بە ئەمری واقیع».

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگاداری یاسایی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە بەپێی مادەی (١٦٠)ی یاسای سزادانی عێراقی، گەر کەسێک خۆی ناوبنێت بە پۆستێک‌و ئەو سیفەتەی نەبێت، بە تاوان دادەنرێت».

# ـــوردی له بەغدا بچــووككردەوه

سیستمی خاڵی بەرز كردەوە. (ی.ن.ك)، بۆیە پۆستی سەركۆماری پێدراوە، چونكە لایەنێكی كوردییە، لەحاڵەتێكدا ئێمەش كوردین، كە پۆستی سەرۆك كۆمارمان بەرناكەوێت خۆ دەبێت بۆمان قەرەبوو بكرێتەوە.

KNN: **دواتر چی روویدا؟**

**د. شاهۆ سەعید:** دواتر كە ئەم تەرحەی خۆمان خستەڕوو، هاوپەیمانی نیشتمانیی نامەیەكیان بۆناردین،وتیان«پارتی بەتەواوەتی رەفزی داواكارییەكانی ئێوە دەكات»، وتمان پارتی چ مافێكی بەسەر ئێمەوە هەیە، ئێمە دانوستاندن لەگەڵ ئێوەدا دەكەین، لەرووی دەستوورییەوە ئێوە راسپێردراون بۆ پێكهێنانی حكومەت، لە وەڵامدا تەئكیدیان دەكردەوە كە دڵیان لەگەڵ ئێمەیە، بەڵام لەوە زیاتریان لەدەست نایەت. ئەو دۆخـە كەلتوورێكی عێراقی بیرهێنامەوە كە كەلتووری (لگم)ـە، واتە (لەخۆدان). لەگەڵ هەموو پەیوەندییەك دەیانوت دڵمان لەگەڵتانایە، ئێمەش وتمان ئەو قسە بەناوبانگە دووبـارە نەكەنەوە كە دەڵێت: «دڵمان لەگەڵتانایە»، بۆ نیوەكەی تری نامانەوێت شمشێرەكانتان لەگەڵمان بێت، با شمشێرەكانتان بێلایەن بن. بینیمان ئەو رۆژەی سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان وتارەكەی لەنێو پەرلەماندا خوێندەوە، یەكێك لەو كەسانەی چەپڵەی بۆ وتارەكە لێدا، خودی نوری مالیكی بوو، لەگەڵ زۆربەی شیعەكاندا كە دەیانزانی چ غەدرێك لە گۆڕان كراوە.

KNN: **دەتەوێت بڵێیت: ئەو لێدوانەی كە د.مەحمود عوسمان رایگەیاند، لەژێر فشاری سەركردایەتیی كورددا مالیكی گۆڕانی كردووەتە قوربانیی، دروست وەكو ئەوەیە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** من هەندێك زانیاریی بۆ یەكەمینجار دەڵێم، چەند سەعاتێك بەرلەوەی كابینەكە رابگەیەنرێت، ئێمە وتمان بە وەكالەت لەگەڵ هیچ لایەنێك دانوستاندن ناكەین، نەك لەبەرئەوەی لەگەڵ هێزە كوردستانییەكاندا كێشەمان هەیە، لەبەرئەوەی كاتێك لە حكومەتی هەرێم بووین بە ئۆپۆزسیۆن، پرسمان بە ئێوە نەكردووە. تەنانەت پێشتر بە دەق بە مالیكیم وت، ئێمە لە پرسی كوردستاندا پرس بە تۆ ناكەین. پێمان وتن ئێمە هاتووین باسی دروستكردنی حكومەتی عێراق دەكەین‌و نوێنەرایەتی شەرعیی خۆمان هەیە. ئەوەبوو لە لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانیی‌و نوری مالیكییەوە پەیوەندیكرا بە بەڕێز سەرۆكی شاندی دانوستاندنكاری فراكسیۆنی لیستە كوردستانییەكان، لە وەڵامدا وتبووی دەرگای كاك مەسعود كراوەیە...

KNN : **واتە دەبێت گۆڕان بڕوات بۆ لای كاك مەسعود؟!**

**د. شاهۆ سەعید:** لەلایەن نوری مالیكییەوە پێی وترابوو، نەك وەزارەتێك، بەڵكو (١٠) وەزارەت‌و جێگاكەی خۆمیان بدەمێ لەو دەرگایە نادەن. ئەوانیش وتبوویان، یان ئێمە یان گۆڕان، دەبێت یەكێكمان هەڵبژێریت.

KNN : **ئەم پێداگرییە بۆچی؟**

**د. شاهۆ سەعید:** لەبەرئەوەی دەمانەوێت كۆتایی بە سیاسەتی دیوەخان بهێنین لە كوردستاندا، كوردستان دیوەخان نییە، كوردستان دامەزراوەی هەیە، ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی‌ئیئتیلافی‌فراكسیۆنەكوردستانییەكانە: برگەی چــوارەم، خاڵی هەشتەم، دەڵێت: تەنیا راوێـژ دەكرێت بە سەرۆكی هەرێم، بڕیار پەرلەمانی كوردستان دەیدات. دەبوایە بەرلەوەی حكومەتی عێراقی پێكبهێنرێت، كارنامەی حكومەتەكەی مالیكی بچوایەتە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان‌و بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەوەش ئیمزای بەڕێز كەماڵ كەركوكییە (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان)، ئەوە حكومەت پێكهێنراو پەرلەمانی كوردستان پرسی پێنەكرا، ئیمزاكەش هیچ حسابێكی بۆ نەكرا.

KNN: **كـاردانــەوەكــەی ئــێـوە بۆ بـەشـداریـنـەكـردنـتـان لـە حكومەتدا، كاردانەوەیەكی دیكەی لێكەوتەوەو سەرۆكی هەرێم روونكردنەوەی بڵاوكردەوە، ئێستا چ تەعلیقێكتان هەیە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** روونكردنەوەكەی سـەرۆكـایـەتـیـی هـەرێـم زۆر سەیرە بەلامەوە، لەبەرئەوەی سەرۆكی هەرێم قسەكەر نییە بەناوی ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكانەوە، چونكە ئەوە ئیئتیلافێكی حیزبییە، تۆ بۆچی بەرگریی لەو ئیئتیلافە حیزبییە دەكەیت، سەرۆكایەتیی هەرێم دامەزراوەیەكی نیشتمانییە، نابێت تەرەفگیریی بكات لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕان‌و ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان، بەڵكو دەبێت ئەگەر كێشەیەك هەبوو چارەسەری بكات. ئەم روونكردنەوەیەی سەرۆكایەتیی هەرێم، ئەوە دەردەخات كە سەرۆكایەتیی هەرێم تەنیا بە فراكسیۆنی لیستە كوردستانییەكان رادەبینێت نوێنەرایەتی كورد بكات، واتە ئەو (٥٠٠) هەزار كەسەی لە كوردستاندا دەنگیان داوە بە بزووتنەوەی گۆڕان، خەڵكی ئەم كوردستانە نین‌و كورد نین‌و بۆیان نییە نوێنەرایەتییان هەبێت.

KNN: **یەكێكی دیكە لە كاردانەوەكان، لێدوانێكی بەڕێز عارف تەیفور، جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق بوو، كە باس لەوە دەكات، ئەوان خۆیان پشكی خۆیان وەرگرتووە با گۆڕانیش بچێت پشكی خۆی بۆخۆی وەربگرێت، چ تەعلیقێكت هەیە لەسەر ئەو لێدوانە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** كاك عارف لێدوانەكەی وابوو كە «ئێمە بەشی خۆمان وەرگرتووە، ئەوانیش (گــۆڕان) با بچن بەشی خۆیان وەربگرن»، من دەپرسم ئێوە كێن؟ تۆ بە چ ئیستیحقاقێك ئەو پۆستەت وەرگرتووەو بوویت بە جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق، تۆ لەبەرئەوەی كوردیت بەخۆڕایی ئەو پۆستەت پێدراوە، لە دەرەوەی سیستمی خاڵ وەك ئیستیحقاقی نەتەوەیی وەرتگرتووە، لە حاڵەتێكی وادا تۆ دەبێت لەو شوێنەدا نوێنەرایەتیی كورد بكەیت، نوێنەرایەتیی هەموو ئەو خەڵكانە بكەیت كە لە هەرێمی كوردستاندا دەنگیان هێناوە، جگە لەوەش دەبێت نوێنەرایەتیی هەموو عێراق بكەیت، چونكە لەو پۆستەدا (جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) دەبێت بە یەك چاو بڕوانیتە هەموو لایەنە عێراقییەكان، چ جای لایەنە كوردییەكان، بەقەد ئوسامە نوجەیفیشی پێ نەكرا، كاتێك پێیان وت تۆ لە لیستی عێراقییەیت، وتی نەخێر، چیتر لەم لەحزەیەوە لە لیستی ئەلعێراقییە نیم، من سەرۆكی پەرلەمانی عێراقم. شتێكی دیكە هەیە كە نامەوێت بیشارمەوە، من چوار ساڵە چاوەڕێی قسەیەك دەكەم، ئەو پیاوە بیكات، كاتێك لە تەنیشت مەشهەدانییەوە بەئومێد بووم قسەیەك بە كوردی، یان بە عەرەبی بكات، بەڵام هەر نەیكرد، واتە دوای چوار ساڵ رۆژووگرتن لە قسەكردن، ئەو قسەیەی كرد.

KNN: **وەكــو پێشتر ئاماژەت پێدا، كاتێك سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لەبەردەمی پەرلەماندا وتارەكەی پێشكەشكرد، نوری مالیكی‌و زۆرینەی شیعەكان هاوسۆزیی خۆیان بۆ گۆڕان نەشاردەوە بۆچی؟**

**د. شاهۆ سەعید:** لە بەیاننامەكەی بزووتنەوەی گۆڕاندا، بەرلەوەی دوو حیزبە كوردییەكە تۆمەتبار بكەین، ئیئتیلافەكەی مالیكیمان تۆمەتباركردووە، وتوومانە مالیكی (تواگۆ)ی كردووە لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی كوردستاندا بۆ بێبەشكردنی بـزووتـنـەوەی گــۆڕان‌و لادان لە رەوتـی دیموكراتی لە عێراقدا. ئەگەرچی من مالیكی بێبەریی ناكەم لەو رێككەوتنە ژێربەژێرە، بەڵام بۆ ئەو وەڵامی تۆمەتباركردنەكەی ئێمەی نەدایەوە؟ بۆچی وەڵام ناداتەوە؟ لەبەرئەوەی ناتوانێت وەڵام بداتەوە، لەبەرئەوەی خۆی‌و هاوپەیمانی نیشتمانیی باسیان لەوەكردووەو خۆیان دەزانن كە چییان كردووە. ئەی بۆچی سەرۆكایەتیی هەرێم دێتە وەڵام؟ بۆچی ئەو كەسەی خاوەنی پرسەكەیە وەڵام ناداتەوە، كەچی سەرۆكایەتیی هەرێم وەڵام دەداتەوە؟!

KNN: **جۆرێك لە كۆدژیی هەیە لە لێدوانی ئەندامانی ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان، بەتایبەتی ئەندامانی هەردوو حیزبە ئیسلامییەكە لەگەڵ ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردستان، زیاتریش لەو روونكردنەوەیەی عارف تەیفوردا دەردەكەوێت كە وتــی: «بەشی خۆمان وەرگــرتــووە با گۆڕانیش بچێت بەشی خۆی وەربگرێت»، لەوەی سەرۆكایەتیی هەرێمیش هەمان شت بەدی دەكرێت، لەكاتێكدا محەممەد ئەحمەد، ئەندامی فراكسیۆنی لیستە كوردستانییەكان، هەر لەم شوێنەدا وتی: كاتێك داوای وەزارەتی بازرگانیمان كــردووە وتوویانە ببوورن ناتوانین، لەبەرئەوەی ئەم وەزارەتەمان بۆ گۆڕان داناوە، تەعلیقی بەڕێزتان چییە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** ئەمە جۆرێكە لە (تشفی- واتە هەستكردنی خێڵەكییانە بۆ سەركەوتن بەسەر نەیارەكاندا، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی نەتەوەكەشت بێت)، ئەمە یەكێك بووە لە كێشە ئەزەلییەكانی گەلی كوردستان، هەمیشە سەركردەكان بە عەقلیەتی تەشەفی قسەیان كردووە. بۆ نموونە، عارف تەیفور بە پێكەنینەوە ئەو قسەیەی كرد كە تۆ ئاماژەت پێدا، سەرۆكایەتیی هەرێم وەكو شتێكی زۆر گـەورەی دەستكەوتبێت، وەڵام دەداتــەوە، لەكاتێكدا نوێنەرایەتیی كوردی لە نێو حكومەتی عێراقدا بچووككردەوە..

KNN: **دەتەوێت ئەو دێڕە شیعرەی نالی بڵێیت كە دەڵێت: «لە كن من چەندە مەغروورو لەكن ئەو چەندە مەجبوور»؟**

**د.شاهۆ سەعید:** بە دڵنیاییەوە، ئەو دێڕەی نالی زۆر دەقیقە، بە داخەوە دەیڵێم، ئەوە جۆرێكە لە «ئاكاری كۆیلە»، چونكە ئەوە كۆیلەیە كە لەتەك هاوزمان‌و هاونیشتمانەكەی خۆیدا ئامادەیە زۆر دڵرەق بێت، بەڵام لەگەڵ ئەویتر ئامادەیە سـازش بكات بۆئەوەی هاوزمانەكەی بێبەش بكات. بێبەشكردنی ئێمە، بێبەشكردنی گۆڕان نییە بە تەنیا، بێبەشكردنی نەوشیروان مستەفا نییە بە تەنیا، بێبەشكردنی نوێنەرایەتیی نزیكەی (٥٠٠)هەزار كەسە، بۆیە لەبری ئەوەی دەرس لە ئەزموونی شۆڕشی كوردی وەربگرین، كە هەمیشە سەركردەكان ئیحتكاری سەروەرییەكانیان كردووە، بەڵام هەموو شكستەكانیش تەنیا خۆیان تەحەمولیان كــردووە. لە لێدوانێكدا، ساڵی رابــردوو، وەكو شاندی دانوستاندنكاری پەرلەمان كە گەڕاینەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان وەك نوێنەری گــۆڕان باسمان لەوەكرد، چیتر ئەگەر لە كوردستاندا سەركەوتنێك هەبێت هی هەموومانە، هەر شكستێكیش هەموومان بەشدارین تێیدا، واتە دەبێت هەموومان لە سەركەوتن‌و شكستەكاندا بەشداریی بكەین...

KNN: **بۆ ئەمجارەش وایە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** ئێمە ویستمان وابێت، ویستمان بەشدارییەكی كارا بكەین لەناو حكومەتی عێراقدا، بۆئەوەی بەشداریی بكەین لە هەر دەستكەوت‌و شكستێكدا، بە دڵنیاییەوە ئێستاش هەر قەیرانێك رووبەڕووی خەڵكی كوردستان ببێتەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەر لەهەر هێزێكی دیكە لەسەنگەری پێشەوەی بەرگریكردندایە، هۆكارەكەی ئەوەیە كە بزووتنەوەی گۆڕان لە بنەمادا كێكی دەسەڵاتی رەتكردەوە، كێكی دەسەڵاتی لە كوردستاندا رەتكردەوە، واتە ئەم بزووتنەوەیە ئەوەندەی پێی گرنگە پرۆژە سیاسییەكەی سەربگرێت، ئەوەندە پێی گرنگ نییە چەند وەزیری هەیەو چەند بەڕێوەبەرێتیی گشتیی بەردەكەوێت، لە بەغدا چەند پۆستی بەردەكەوێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بووە كە ئێمە رازی نەبووین كێكی دەسەڵات لە كوردستان بەو چەوریی‌و شیرینییە وەربگرین، كێكێك كە تیایدا بودجەی حیزب‌و حكومەت تێكەڵە، كە تیایدا چەندین گرێبەستی ناشەفاف هەن، كێكێك كە ئەگەر بەرشداریمان تێدا بكردایە زۆرمان بەردەكەوت «بە مەعنا تەقلیدییەكەی دەسـەڵات». بەڵام ئەوان هەمان ئەزموون دووبارە دەكەنەوە لە ئیحتكاری دەستكەوتدا كە هەڵبەتە لە بیریان نییە لە شكستدا چەند پشكیان بەردەكەوێت.

KNN: **باست لەوە كرد كە ویستمان لەمەودوا لە شكستەكان هەموومان بەرپرس بین‌و لە سەركەوتنەكانیشدا بەشدار بین یاخود خاوەن بین، بەجۆرێك لە جۆرەكان باس لەوە دەكرێت كە ئەم حكومەتەی مالیكی لەدایكبووی دەستپێشخەرییەكەی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانە، بۆچوونی یەكێك لە هەڵسوڕاوەكانی ئێوە بۆ ئەو دەستپێشخەرییە، ئەوەیە كە تێكڕای هێزو لایەنەكان تەنانەت كە كورسییەك‌و دوو كورسییان هەبووە (بەوانەشەوە كە لەماوەكانی رابردوودا شۆڤێنییەتێكی گەورەیان بەرامبەر كورد نواندووە) بەشداربوون، تاكە هێز كە بەشدار نەبووە بریتییە لە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەم حكومەتە كە لەدایكبووی دەستپێشخەریی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە، سەنگی كورد تیایدا چۆنە، هەروەها سبەینێ پاش چوار ساڵی تر، كێ بەرپرسیارێتیی دەكەوێتە ئەستۆ؟**

**د. شاهۆ سەعید:** لە (٢٠٠٣)وە تا ئێستا بچووكترین سەنگی كورد هەیە لە بەغدا، لەبەر چەند هۆیەك، با لەسەرەتاوە باس لە دەستپێشخەرییەكی سەرۆكی هەرێم بكەین، ئێمە لایەنە عێراقییەكان بەئاشكرا پێیان وتین كە لە بنەڕەتدا ئەو دەستپێشخەرییە هی خۆیان بووە، بەس داویانەتە سەرۆكی هەرێم رای بگەیەنێت، هۆكارەكەشی ئەوە بووە كە ئەمریكاو لایەنە ئیقلیمییەكان لەم حكومەتەدا بەشدارییەكی زۆر بەهێزی سوننەیان مسۆگەر كردووە، واتە جۆرێك لە رێككەوتن لە دەرەوەی لایەنی كوردی، لەنێوان لایەنی شیعەو لایەنی سوننەدا هەبووە، ئێستاش دەركەوتەكانی دیارە كە سوننە هەرەتوندڕەوەكانیان لە حكومەتەكەدان، ئەمە جۆرێكە لە رێككەوتنی پەنهان لەنێوان لایەنی سوننی‌و لایەنی شیعەدا، واتە بەهێزبوونی لایەنی عەرەبی لە عێراقدا، بەڵام بۆ ئەوەی لایەنی كوردی ئەم رێككەوتنە تێكنەداو هەست بە مەترسییەكەی نەكات، دەستپێشخەرییەكەیان داوە بە لایەنی كوردی رای بگەیەنێت، واتە ئەو شەرەفەیان داوە بە كـورد، ئەگەرنا ئەوە رێككەوتنی لایەنی سوننی‌و لایـەنـی شـیـعـەیـە. دووەم: لــە (٢٠٠٣)وە تا ئێستا ئەوەندە نوێنەرایەتیی كــوردی لەناو حكومەتدا بچووك نەبووە، سەرباری بچووكبوونەوەی لەناو پەرلەمانیشدا. جگە لــەوەی سەنگی كورد لە كابینەكەدا بێهێزە، دووەمین هێزی هەرێمی كوردستان كە گۆڕانە، بەشدار نییە لەناو حكومەتەكەدا، واتە ئەوەندەی تر بچووكبووەتەوە. ئێمە خۆمان خەڵكی ئەم وڵاتەین‌و لە هەڵبژاردنەكانی چەند ساڵی رابردوودا سەرباری ناكۆكیمان لەگەڵ پارتی‌و یەكێتی، بەڵام دواجار دەنگمان بە پارتی‌و یەكێتی‌و لایەنەكانی تری كوردستان داوە، واتە هەموو خەڵكی كوردستان نوێنەرایەتیی هەبووە چ لە ناو پەرلەمانداو لەناو حكومەتدا، بـەڵام بۆ یەكەمجارە كەلێنێك دروست دەبێت‌و نوێنەرایەتیی خەڵكی كوردستان دەبێت بە نوێنەرایەتییەكی حیزبیی تەواو. بەر لەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان دروست ببێت، نوێەراتیمان باشتر بووە، چونكە نوێنەرایەتییەكی نەتەوەیی بووە، ئێستا موئەسسەسەی سەرۆكایەتیی هەرێم دروست بووە، كەچی لەبری ئەوەی مۆركێكی نیشتمانیی‌و نەتەوەیی ببەخشێت بە بەشداریی كورد لە بەغدادا، رێك مۆركێكی حیزبیی بەخشیوەتە ئەو نوێنەرایەتییە، هۆكارەكەشی ئــەوە بــوو كە سەرۆكایەتیی هــەرێـم بە ئاشكرا لایەنگیری كرد، لە دامەزراوەیەكی نیشتمانییەوە بوو بە قسەكەر بەناوی ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكانەوە.

KNN: **دواهەڵوێستی ئـێـوە وەكـو بزووتنەوەی گۆڕان چییە، لەكاتێكدا باس لەوە دەكرێت، هێشتا ئومێد بۆ وەرگرتنی وەزارەتێك یاخود دوو وەزارەت ماوە، یاخود ئێوە لای خۆتانەوە هەموو شتێكتان بڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی كە بەشداریی ناكەن؟**

**د. شاهۆ سەعید:** ئێمە سورین لەسەر داواكانمان، ئێمە وەرەقەیەكی زۆر روون‌و ئاشكرامان داوەتــە دەســت بەڕێز نوری مالیكی كە باسمان لە ئیستیحقاقی نەتەوەیی‌و ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان كردووە، هەروەها لە كۆبوونەكانمان لەگەڵ وەفدی هاوپەیمانی نیشتمانیی، باسمان لە كارنامەی حكومەت كردووە، وتوومانە، ئێمە دەمانەوێت بەشداریكردنمان بەشدارییەكی سیاسیی بێت، نەك بۆ وەرگرتنی پشك، هەرگیز كێشەی ئێمە ئەوە نەبووە وەزیرێك یان دوو وەزیر یان كۆمەڵێك بریكاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیمان لە بەغدا هەبێت.

KNN: **دەتەوێت بڵێیت، دەمانەوێت بەشدارییەكی خاوەن سەنگمان هەبێت؟**

**د. شاهۆ سەعید:** دەمانەوێت بەشداریمان سیاسیی بێت، بەو واتایەی لە بەشداریی كۆمەڵێك بەرپرسی حیزبییەوە كە بەدوای پۆستدا رادەكـــەن، بیكەین بە بەشداریی نەتەوەیەك كە تیایدا خۆی لە نوێنەرایەتی حكومەتەكەدا دەبینێتەوە، ئەگەر لە ئێستاش‌و لە داهاتووشدا بەو ئاراستەیە كارەكان نەڕوات، ئەوا بەشداریی ناكەین لە حكومەتدا.

KNN: **دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر لە گفتوگۆو كێشمەكێشم‌و دانوستاندنەكاندا بوویت لە بەغدا، دوا قسەت یاخود دواپەیامت چییە، وەك سیاسییەك، وەك پەرلەمانتارێك، وەك كوردێك هەست بەچی دەكەیت، دەتەوێت چی بگەیەنیت؟**

**د. شاهۆ سەعید:** دەمەوێت دوو پیرۆزبایی لە سەرۆكایەتیی هەرێم بكەم، یەكەم پیرۆزبایی ئەو موبادەرەیەی لێدەكەم كە لە رێگایەوە بڕیاری ریشەكێشكردنی بەعس لەسەر چەند بەعسییەك هەڵگیرا، پیرۆزبایی دووەمیش پیرۆزبایی ئـەو گـوشـارەی لێدەكەم كە سەریگرت‌و لە رێگایەوە سەنگی كوردی زۆر بچووك كردووە لە حكومەتی عێراقدا. بەهەموو گۆڕانخوازانیش دەڵێم، گۆڕان بەردەوامە، نەك لەبەر نەوشیروان مستەفا یاخود ئێوە لە KNN، بەڵكو گۆڕان بەردەوامە لەبەر ئیرادەی خەڵكی كوردستان. ئەو رێككەوتنە ژێربەژێرو ئەو گردبوونەوەیە بەرامبەر بە گۆڕان، مانای ئەوەیە ترسێكی زۆر گەورە لە گۆڕان هەیە، مانای ئەوەیە ئیرادەی خەڵكی كوردستان لەدایكبووە، هەڵبەتە هەمیشە دەسەڵاتداران لە ئیرادەی ئازادیی خەڵك دەترسن، ئەو ئیرادەیە ئەگەر ئەمڕۆ گۆڕان نوێنەرایەتیی بكات، سبەینێ چەندین هێزی تر نوێنەرایەتیی دەكـەن، خەڵكی كوردستان دڵنیا بێت كە ئیرادەی گەیشتووەتە ئاستێك، دەسەڵاتداران دەترسێنێت كە رێككەوتنی چەند قۆڵییان لەسەر گۆڕان دروستكردووە. بە هەمان هێزو هەمان هیممەت درێژە بەو ئیرادەیە بدەن، پشتیوان بەخوا، ئاسۆی رزگاربوونمان روونە، رزگاربوونی نیشتمانیمان، رزگاربوونی خەڵكی كوردستان لە ستەم‌و لە ئیحتكاری سیاسی.

> روونكردنەوەكەی سەرۆكایەتیی هەرێم زۆر سەیرە بەلامەوە لەبەرئەوەی سەرۆكی هەرێم قسەكەر نییە بەناوی ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكانەوە چونكە ئەوە ئیئتیلافێكی حیزبییە، تۆ بۆچی بەرگریی لەو ئیئتیلافە حیزبییە دەكەیت، سەرۆكایەتیی هەرێم دامەزراوەیەكی نیشتمانییە، نابێت تەرەفگیریی بكات

> خەڵكی كوردستان دڵنیا بێت كە ئیرادەی گەیشتووەتە ئاستێك، دەسەڵاتداران دەترسێنێت كە رێككەوتنی چەند قۆڵییان لەسەر گۆڕان دروستكردووە

# د.شاهۆ سەعید: سەرۆکایەتیی هەرێم، سەنگی ک

سازدانی: هۆشیار عەبدوڵڵا

**د. شاهۆ سەعید سەرۆکی وەفدی دانوستانکاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا، لەم چاوپێکەوتنەدا کە کەناڵی (KNN) لەگەڵی سازداوە، بەوردیی تیشکدەخاتە سەر قۆناغەکانی دانوستانی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ (هاوپەیمانی نیشتمانیی)و لە دواجاردا بەشدارینەکردنی گۆڕان لە حکومەتی عێراقدا.**

KNN: **با سەرەتا لەوەوە دەستپێبکەین کە چۆن بڕیارتان دا بە جیا بەشداریی بکەن لە دانوستاندن لە بەغدا بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی نوێی عێراقدا؟**

**د.شاهۆ سەعید:** پێمخۆشە، سەرەتا بگەڕێمەوە بۆ ساڵی رابردوو، بە دیاریکراوی بۆ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو، کاتێک هەوڵێک لە لایەن زۆرینەی لایەنە عەرەبییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە خرایەگەڕ بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی عێراق کە تیایدا ستەمێکی زۆر لە کورد کرابوو، ژمارەی کورسییەکانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەپێی ئەو یاسایە کەمکرابوونەوە، لەو دەمەدا بزووتنەوەی گۆڕان پەیامێکی زۆر ئاشکرای گەیاندە سەرکردایەتیی ئێستای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و لە رێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیشەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم‌و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بەوەی کە دەکرێت بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵێکی نیشتمانیی بخەینەگەڕ بۆ رێگرتن لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، تەنانەت ئامادەییمان نیشاندا تا ئاستی بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بۆ ئەوەی کورد یەکڕیز دەربکەوێت.

بزووتنەوەی گۆڕان، لە رێگەی ئەو پەیامەوە ویستی ئەوە بگەیەنێت کە راستە بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام دەکرێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی، پێکەوە بەیەک هەڵوێست لەگەڵ هەموو هێزەکانی تر بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، بە شایەتی هەموو لایەنەسیاسییەکان، بە شایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەموومان پێکەوە رۆڵێکی گرنگمان بینی، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ستەمە بهێنرێت‌و یاساکە بە شێوەیەک هەموار بکرێتەوە کە بڕێک لە بەرژەوەندیی‌و مافەکانی خەڵکی کوردستان بگەڕێنێتەوە، هەنگاوی دووەمی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ تەرجەمەکردنی ئەم هەڵوێستە بڕیاری بەشداریکردنی بوو لە دامەزراندنی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، بڕیاری بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەو بنەمایە وەرگیرا کە دەکرێت چیتر دانوستاندنمان لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا بە نیشتمانیی بکەین‌و کارێکی وا بکەین، دانوستاندن لەنێوان کوردو بەغدا بە دامەزراوەیی بکەین، چونکە بە درێژایی مێژووی شۆڕشی کوردی، هەمیشە دانوستاندن لەنێوان حیزب‌و لەنێوان لایەنەکەی تردا بووە کە هەڵبەتە لایەنەکەی تر بەدامەزراوەییتر بووە، تا ئێستا هەر سەرکردەی حیزبەکان‌و وەفدی حیزبەکان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانیان کردووە لە دانوستاندندا.

KNN: **هیچ پێشمەرجێکتان هەبوو بۆ بەشداریکردنتان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە تایبەت کە قسەو باسی زۆر دەکرێت لەبارەی ئەوەی کە بۆ بەشداریتان کرد و بۆ کشانەوە؟**

**د.شاهۆ سەعید:** بەندێکی زۆر روون‌و ئاشکرا لە پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا هاتووە، کە دەبێت بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانە لەلایەن یەکێتی‌و پارتی‌و هەموو هێزەکانەوە کە بارودۆخی سیاسیی کوردستان بارودۆخێکی نائاساییە‌و پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە.

KNN: **لەدواجاردا کە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشانەوە، قسەو باسی زۆر کرا سەبارەت بە گەڕانەوەتان، هەموو لایەک دەزانن ئێوە وەکو پێشمەرجێک بۆ گەڕانەوەتان وەرەقەیەکی چاکسازیی سیاسیتان خستەڕوو، سەبارەت بەوە راتان چییە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** رۆژی (٨/٤) لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و نوێنەری هەموو لایەنەکان ئامادە بوون، ئێمە وتمان وەرەقەی چاکسازیی خۆمان هەیە بۆ تەرجەمەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسیی، بڕیار درا کە ئێمە وەرەقەی چاکسازیی خۆمان پێشکەش بکەین‌و لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان لەسەری رێکبکەوین، ئەوە بوو لە (٨/١٦)دا وەفدی بزووتنەوەی گۆڕان وەرەقە چاکسازییەکەی گۆڕانی تەسلیم بە نوێنەری هەموو لایەنەسیاسییەکان‌و مەکتەبە سیاسییەکان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد، دوای ئەوەش زنجیرەیەک کۆبوونەوەمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزب ئەنجامدا، بەڵام لەکاتێکدا ئێمە سەرگەرمی ئەو کۆبوونەوانە بووین، هەردوو پرۆژەیاساکە (چەند بەندێکی گرنگ لە پرۆژەیاسای کۆمسیۆن‌و پرۆژەیاسای خۆپیشاندان) تێپەڕێنرا، ئیتر لە (١٠/٢٩)دا بڕیارماندا لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکشێینەوە.

KNN: **دەوترێت ئەو وەرەقە چاکسازییەی کە ئێوە پێشکەشتان کرد، جۆرێک لە رۆمانسیەتی پێوەدیارە لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە هەڵسوڕاوەکانتان باس لەوە دەکەن، ئەگەر وەرەقە چاکسازییە سیاسییەکە تارادەیەکی زۆریش جێبەجێ نەکرێت، دەکرا دەسەڵات لە پەرلەماندا جۆرێک لە نیەتباشیی پیشانبدایە، لانیکەم بۆ خستنەپێشی کۆمەڵێک یاسای تر کە ئێوە بەوتەی خۆتان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا پێشکەشی پەرلەمانتان کردووە، رای بەڕێزت چییە لەوبارەیەوە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** وەرەقەی چاکسازییە سیاسییەکەمان، دوو بەشە، بەشێکیان هەنووکەیی بوو، دەکرا جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە هەمووارکردنی یاسای کۆمسیۆن، کۆتاییهێنان بە دیاردەی سزای سیاسیی، لەگەڵ چەند شتێک کە زۆر ئاسایی بوو دەکرا بە بڕیارێک، یان بە ئیمزایەک جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەندێکیان درێژخایەن بوون، ئێمە سوورنەبووین لەسەر ئەوەی کە ئەو داواکارییە درێژخایەنانە دەستبەجێ جێبەجێ بکرێن‌و بیکەین بە مەرجێک، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون کێشە هەنووکەییەکانیش چارەسەر بکەن، لەو دوو یاسایەش هەڵوێستیان بەو جۆرە بوو.

KNN: **دەتەوێت بڵێیت لەگەڵ ئەوەی کە هەنگاویان نەنا، هاوکات جۆرێک لە نیەتباشییان پیشان نەدا بۆ ئەوەی ئێوە لانیکەم هەست بەوە بکەن کە دەسەڵات دەیەوێت لە کوردستان چاکسازییەک بکات؟**

**د. شاهۆ سەعید:** بەڵێ، ئامادەیی لەو جۆرەمان بەدی نەکرد.

KNN: **دواتر کە جیابوونەوەو بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن بۆ دانوستاندن، چۆن دەستتان کرد بە دانوستاندندن لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانیی؟**

**د. شاهۆ سەعید:** بزووتنەوەی گۆڕان وەفدێکی پێکهێنا کە پێکهاتبوو لە کاک سەردار عەبدوڵڵاو خاتوو شایان محەمەدو من، کۆتایی مانگی (١١) گەیشتینە بەغدا، رۆژی (١١/٣٠) یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمیمان لەگەڵ وەفدی هاوپەیمانیی نیشتمانیدا ئەنجامدا بە سەرۆکایەتیی حەسەن سنێدو ئەندامێتی عەباس بەیاتی‌و یاسین مەجیدو چەند ئەندامێکی دیکەی هاوپەیمانی نیشتمانیی، لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە ئاشکرا پێمانوتن، ئێمە فراکسیۆنێکی سەربەخۆ نوێنەرایەتیمان دەکاو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆین، بە سەربەخۆییش چووینەتە هەڵبژاردنەوە، بە سەربەخۆییش نزیکەی نیوملیۆن دەنگمان هێناوە، ئێمە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان هەیە، بەپێی ئەو ئیستیحقاقە ئێمە لە حکومەتی عێراقدا بەشداریی دەکەین، هەروەها بەوپێیەی هەموو کورسییەکانمان لەناو هەرێمی کوردستاندا بەدەستهێناوە، بەشێکیش لە ئیستیحقاقی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەر گۆڕان دەکەوێت کە رێژەکەی (١٩٪)یە، پێمانوتن ئێمە بەرلەوەی باس لە پشکی خۆمان بکەین لە حکومەتدا، باس لە بەشداریی سیاسیمان دەکەین.

KNN: **مەبەست چییە لە بەشداریی سیاسیی، یان جیاوازی چییە لەنێوان پشک‌و بەشداریی سیاسیی؟**

**د. شاهۆ سەعید:** ئێمە ویستمان کۆتایی بەو نەریتە بهێنین کە بەرلەوەی باس لە بەشداریی سیاسیی بکەین داوای پشکی وەزاریی بکەین، تەنانەت باسمان لە پشک کرد بۆ بەهێزکردنی بەشداریی سیاسیمان، وتمان دەکرێت لە رێگەی بەگەڕختنی دامودەزگا نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، زۆربەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان کۆتایی پێبهێنرێت، وتمان چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان کۆتایی بە پاوانکاریی سیاسیی چ لە کوردستانداو چ لە عێراقی عەرەبیی دەهێنێت، لە سەروو هەموشیانەوە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵ‌و پرسەکانی تر.

KNN: **مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێیت، کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەشێکی لە بەرژەوەندیی پاوانکارییە لە کوردستان‌و عێراقیشدا، دەتەوێت بڵێیت تا رادەیەکی زۆر هەردوولا هۆکارن، چونکە ئەوەی دەوترێت ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان بەردەوام هێزە عێراقییەکانی تۆمەتبار کردووە**

**د. شاهۆ سەعید:** ئێمە بڕوامان وایە، توندڕەویی لە هەردوولاوە توندڕەویی بەرامبەر بەرهەمدەهێنێت، بەڵام هەردوو ئەو لایەی کە توندڕەویی بەرهەمدەهێنن تائێستا بازرگانییان بە دۆزی کوردو کەرکوکەوە کردووە، دەبوو ساڵی (٢٠٠٧) مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرێت، سەرۆکی هەرێم هەڕەشەی کرد وتی؛ تەنیا بۆ شەش مانگ رازی دەبین جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دوابخرێت، بەڵام ئەوە شەش جار شەش مانگەکە تێپەڕی‌و هێشتا مادەکە بە جێبەجێنەکراویی ماوەتەوە، هەمیشە یاریکردن لەسەر وەتەری نەتەوەیی جۆرێک بووە لە یاریکردن بە سۆزی خەڵک، کە لە ئەنجامدا هەردوولا سوودیان لە هێشتنەوەی ئەو کێشانە وەک خۆی بینیوە کە لە رێگەیەوە پاساوێکیان بە دەستەوە ماوەتەوە، بۆ درێژەپێدان بە پاوانکاریی‌و دواخستنی پرسی دیموکراتی‌و ئازادییەکان، واتە خۆراکیان لەو کێشەکانە وەرگرتووە بە چارەسەرنەکراویی بمێننەوە، ئێمە پێمانوایە پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان‌و عێراقیشدا پێویستی بە چارەسەرکردنی کۆتایی ئەو کێشانە هەیە، بەڵام تۆ ناتوانی لە یەک کاتدا ئەو کێشانە چارەسەر بکەیت‌و درێژەش بدەی بە پاوانکاریی.

KNN: **ئێوە ئەجێندای خۆتان بەم شێوەیە خستەڕوو، وەڵامی هاوپەیمانیی نیشتمانیی چی بوو؟**

**د. شاهۆ سەعید:** حەسەن سنێد بەناوی وەفدی هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە بەڵێنی پێداین کە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی ئێمە پارێزراوە، تەنانەت دەستبەجێ داوای ئەوەیان لێکردین، کۆبوونەوەیەکی دیکە بکەین، بۆ ئەوەی لەسەر پرۆژەی سیاسیی‌و جۆری بەشداریکردنمان‌و پشکمان لە وەزارەتەکاندا رێکبکەوین، تەنانەت داوای وەرەقەشیان لێکردین.

KNN: **ئەی دوای ئەوە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** دوای ئەوە رۆژی (١٢/٢) لەگەڵ نوری مالیکیدا کۆبووینەوە، زۆر بە راشکاوانە هەموو ئەو شتانەی کە بە وەفدەکەمان وت، بۆ مالیکیمان دووپات کردەوە.

KNN: **دەکرێت بەشێک لەو راشکاوییە ببیستین؟**

**د. شاهۆ سەعید:** سەرنجمان دا نوری مالیکی تا ئەو کاتە دڵنیا نەبوو کە ئایا ئێمە وەفدێکی سەربەخۆمان هەیە، ئایا ئێمە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆین، یان بەشێکین لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان؟ ئێمە بە روونی خۆمان پێناساندو لەسەر بنەمای ئەو کۆبوونەوەیەش کە لەنێوان ئێمەو مالیکیدا کرا، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیمان گرێداو زۆر بە روونی رامانگەیاند، کە ئێمە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆین‌و داوای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و ئیستیحقاقی نەتەوەییمان دەکەین، چونکە بە قەوارەیەکی سەربەخۆ بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە.

KNN: **دواقۆناغەکان وایکرد، گفتوگۆکانتان بە بنبەست بگات لەگەڵ ئیئتیلافی مالیکیدا و بکشێنەوە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** بەرلەوەی باس لەوە بکەم، رۆژی (١٢/١٤)ش لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری‌و وەفدێکی رەوتی ئیسلاحدا کۆبووینەوە وەک پێکهاتەیەکی هاوپەیمانی نیشتمانیی، دواتر رۆژی (١٢/١٥) لەگەڵ عەلی ئەدیبدا کۆبووینەوە، ئەو پەیامەی خۆمان زۆر بە روونی دووپاتکردەوە، هەمووشیان تەئکیدیان لەوە کردەوە کە بەشداریی‌و پشکی ئێمە پارێزراوە، بەو پێیەی ئێمە خەڵکی کوردستان دەنگی پێداوین‌و لە رێگەی کودەتاوە نەهاتووینەتە ناو پەرلەمانەوە، بەڵکو ئیرادەی خەڵک دروستیکردووین، باسیشمان لەوە کرد کە قەبارەی ئێمە راستە لەسەر ئاستی عێراق قەبارەیەکی بچووکە، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان دووەمین هێزی سیاسییە، لەسەر ئاستی پارێزگایەکی وەکو سلێمانی یەکەمین هێزین، لەناو پەرلەمانی کوردستانیشدا (٢٥) کورسیمان هەیە. باسمان لەوە کرد کە بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەناو حکومەتی عێراقدا لەپاڵ هێزەکانی تری کوردستاندا کۆتایی بە نوێنەرایەتیی حیزبی کوردیی دێنێت‌و نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان لە حکومەتدا مسۆگەر دەکات.

KNN : **لەو کاتەی کە بەڕێزتان لە بەغدا سەرگەرمی دانوستاندنەکان بوون، هەواڵێک لە کوردستانەوەو هەواڵێک لە بەغدا سەبارەت بە دانوستاندنەکانی ئێوە کەوتە سەر رووپەڕی رۆژنامەکان، هەواڵێک کە لە رۆژنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکرایەوە، باس لەوە دەکات کە لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باس لەوە کراوە کە بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێت دەستی بە هیچ پۆستێکی وەزاری رابگات مادام لەژێر چەتری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاتووەتە دەرەوە، هەر لەو کاتەشدا باس لەوە کرا کە وەفدی ئیئتیلافی نیشتمانیی بە ئێوەیان وتووە هەقە ئێوە سەڵلەکەتان لەگەڵ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکەنە یەک سەڵلە، ئەگەرچی سەرۆکایەتیی هەرێم ئەو هەواڵەی رەتکردەوە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەیان پشتڕاست کردەوە، بۆچوونی بەڕێزت چییە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** من سەرەتا کە بیستم، بڕوام نەکرد سەرۆکی هەرێم لە ئاستێکدا بێت قسەی وا بکات، بەڵام بەڕاستی لەدوای (١٨)ی مانگەوە من کەوتمە گومانەوە، لەدوا ساتەکانی کۆتاییدا کەوتمەوە یەقینەوە کە قسەی وای کردووە، لەبەرئەوەی لە (١٨)ی مانگەوە وردە وردە وەفدی هاوپەیمانی نیشتمانیی لەهجەی خۆیان گۆڕی‌و باسیان لەوە دەکرد کە پێویستە ئێمە لە رێی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە باس لە پشکی خۆمان بکەین، ئیتر کەوتینە گومانەوە، هەستمان کرد جۆرێک لە (تواگۆ)و گوشار لەئارادایە.

KNN: **مەبەست لە (تواگۆ) چییە؟**

**د. شاهۆ سەعید:** (تواگۆ) بە واتای رێککەوتنی ژێربەژێر، رێککەوتنێک دوور لە چاوی راگەیاندن لەناو ژوورە داخراوەکاندا.

KNN: **سەرەنجام دواقۆناغەکانی دانوستاندن بەچی گەیشت؟**

د. شاهۆ سەعید: لە دواقۆناغەکانی دانوستاندندا، بەدیاریکراویی دوو رۆژ بەر لە راگەیاندنی حکومەتی عێراق، پەیوەندیمان کرد بە وەفدی هاوپەیمانی نیشتمانیی، وتمان ئەمە داواکارییەکانی ئێمەیەو ئامادەی دانوستاندنین، بە تایبەتی لەکاتێکدا کە سێ پۆستە سەرۆکایەتییەکە لە سیستمی خاڵ هێنرابووە دەرەوە، بەپێی ئەو وەرەقەیەی کە حەسەن سنێد پێشکەشی ئێمەی کرد، هەموو خاڵێک یەکسان بوو بە (٢,٢٤)ی کورسی، بەو پێیە ئێمە خاڵەکانمان باش بوو، بەشی ئەوەی دەکرد کە دوو وەزارەت وەربگرین، دوو وەزارەتی خزمەتگوزاریی، لەپاڵ ئەوەدا داوای پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانمان کرد بەوپێیەی (١٩٪)ی ئیستیحقاقی نەتەوەییمان لایە. کاتێک سێ سەرۆکایەتییەکە لە سیستمی خاڵ دەرهێنرا، ئێمە داوای قەرەبوومان کردو وتمان ئەوە لە ئێمەش دەرهێنراوە، چونکە پۆستی سەرۆک کۆمار بەشێکە لە ئیستیحقاقی ئێمەش، بۆ نموونە لە لیستی عێراقییە کاتێک کە ئوسامە نوجەیفی دەبێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەو پۆستە لە سیستمی خاڵ دەبوورێت، لەسەر ئوسامە نوجەیفی حسابە، واتە دەبێت قەرەبووی لایەنەکانی دیکەی ناو لیستی عێراقییە بکرێتەوە، بە هەمان شێوە سەبارەت بە دەوڵەتی یاسا کاتێک کە پۆستی سەرۆک وەزیران لە سیستمی خاڵ دەرکرا، قەرەبووی لایەنەکانی تر کرایەوە، چونکە ئەو پۆستە بە خۆڕایی نەدراوە بە مالیکی، لە حاڵەتێکی وادا دەبێت قەرەبووی رەوتی سەدرو ئەنجومەنی باڵاو لایەنەکانی تری ناو هاوپەیمانییەکە بکرێتەوە.

KNN: **بۆ هاوپەیمانیی کوردستانیش بەهەمان شێوە بوو؟**

**د. شاهۆ سەعید:** نەخێر، بەهیچ جۆرێک، ئەوان جگە لەوەی لەگەڵ ئێمە ئەوەیان نەکرد، لەگەڵ لایەنەکانی تریش هەمان هەڵوێستیان نواند، واتە قەرەبووی یەکگرتوو کۆمەڵیشیان نەکردەوە، چونکە پۆستی سەرۆک کۆمار بە خۆڕایی وەریانگرت‌و بەر یەکێتی کەوت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەخۆڕایی وەریانگرت‌و بەر پارتی کەوت، لە کاتێکدا ئەمە



د. شاهۆ سەعید

# دەرمانی پزیشکیو چبسی پەتاتە بە یەکەوە دەفرۆشرێن

بەدواداچوونی: لاڤە بەشارەت
ئاریان حەسەن

مام حسێن، دووکاندارێکی تەمەن (٤٨) ساڵی قژ ماشو برنجییەو لە یەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانیدا دووکانێکی (٢) مەتریی وردەواڵەی هەیەو وەک هەر پارچەیەک لە بسکیتو خواردەمەنی مامەڵە بە (٩) پارچە دەرمانی پزیشکییەوە دەکات.

ئەگەرچی مام حسێن، هیچ خوێندەواریی نییە، بەڵام بە وتەی خۆی «ئەو جۆرە دەرمانانە هەموو کەس دەیانناسێتو خەڵکیش زوو زوو پێویستیان پێیان دەبێتو بە ڕەنگو قەبارەی دەرمانەکاندا جیایان دەکەنەوە، کام دەرمانە بۆ سەرئێشە دەبێتو کامەشیان بۆ تەشەنوجاتو هەڵامەت».

دەستکەوتنی دەرمانی پزیشکی لە بازاڕەکانی عێراقو هەرێمی کوردستاندا هیچ قورستر نییە لە دەستکەوتنی هەر پارچەیەک لە کێکو شیرینی، ئەگەر منداڵێکی تەمەن (٥) ساڵانیش بیەوێت بیکڕێت.

مام حسێن، وتی: «لەگەڵ شتومەکی وردەواڵەدا دەرمانەکانیش لە بازاڕ دەکڕم، ڕوو لە هەر دەرمانخانەیەکی ناو بازاڕ بکەم، هەرچی داوا بکەمو چەند داوا بکەم، ناڵێن بۆ چیتەو چی لێ دەکەیت، هەندێجاریش دەرمانەکان زوو تەواو دەبنو دەچم هەمان دەرمان لە دەرمانخانەکانی لای کۆڵانەکانی خۆمان دەکڕم».

لە هەرێمی کوردستاندا هیچ چاودێرییەکی بازاڕەکان ناکرێت، لەسەر شێوازو کوالێتیو چۆنیەتی فرۆشتنی دەرمانە پزیشکییەکان، تەنیا گرەنتیەکیش بۆ ئەوەی دەرمانی بەسەرچووت دەستنەکەوێت، ویژدانی فرۆشیارەکانە، چونکە هەندێکجار بەروارەکانی سەر دەرمانەکانیش تەزویر دەکرێن.

خاوەنی دەرمانخانەیەک، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا ڕێژەیەکی زۆر لە دەرمانخانەو یاریدەدەری پزیشکی هەن لە لاکۆڵانەکاندا، کە بە ئارەزووی خۆیان دەرمان بە هاوڵاتییان دەفرۆشن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان مودمین بن بەو دەرمانانەوە».

ئەو خاوەن دەرمانخانەیە، وتیشی: «حکومەت هیچ چاودێرییەکی دانەناوە بەسەر ئەو دەرمانخانەو یاریدەدەری پزیشکانەوە، هەندێ دەرمان هەیە کە بەسەرچوون، یان لەناو ساردکەرەوەدا هەڵنەگیراونو هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە».




نموونەی ئەو دەرمانانەی کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێن

بەشێکی زۆری ئەو دەرمانانەش کە لە بازاڕەکانی هەرێمدا هەیە، بە شێوەی تەندەر کۆمپانیاکان لە چەند وڵاتێکەوە دەرمانو کەلوپەلی پزیشکی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای کێبڕکێ دەیکڕنو بۆ قازانج دەیفرۆشنەوە بە حکومەت.

بورهان قەرەداغی، هاوردەکاری دەرمانو پێداویستی پزیشکی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو دەرمانانە ئێمە لە ئەڵمانیاو بەریتانیاوە دەیهێنین بەپێی ئەو مواسەفاتو داواکارییانەی کە مەزخەرەکان داوای دەکەن لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکەین، پاشان لە کوالێتی کۆنترۆڵ پشکنینی بۆ دەکرێتو دەبێت بەپێی داواکاریی حکومەت بێت، لە بەرامبەریشدا حکومەت گومرگی لەسەر دانانێت».

لە درێژەی هەڵمەتەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرمانی ساختە، لە لایەن ژووری کاری تایبەتەوە چەند جۆرێک دەرمانی ساختە دەستیان بەسەردا گیرا، دوای ئەنجامدانی پشکنینو پشتڕاستکردنەوەی ساختەبوونی ئەو دەرمانانە، لە لایەن بەڕێوەبەرێتی کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمانو پێداویستی پزیشکی کوردستان (KMCA) بڕیار درا، لەناو ببرێن.

وەزارەتی تەندروستی سەرجەم کۆگاو کۆمپانیاکانی دەرمانو ئەو دەرمانخانانەی کە لەو جۆرە دەرمانانەیان لە لا دەستدەکەوێت، ئاگادار دەکاتەوە، بە زووترین کات ژووری کاری تایبەتی پارێزگاکانی لێ ئاگادار بکەنەوە، بە پێچەوانە دووچاری لێ پێچینەوەی یاسایی دەبنەوە، هاوکات داوا لە هاوڵاتییان دەکات، تەنیا دەرمان لەو دەرمانخانانە بکڕن، کە یاساییینو جێگەی متمانەن.

بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەرمانی ساختە، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاکانو سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، چەند ژوورێکی کاری تایبەتی پێکهێناوە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ پشکنینی کۆگاکانی دەرمانو دەرمانخانەکان.

جگە لە خراپیی کوالێتی بەشێکی زۆری دەرمانەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتیشدا دەرمانەکان نرخێکی هاوسەنگیان نییەو یەک جۆر دەرمان بە چەندین نرخی جیاواز دەفرۆشرێت بە هاوڵاتییان.

ئاری جەمال، هاوڵاتییەکی خەڵکی سلێمانییەو دەڵێت: نرخی ئەو دەرمانانەی کە لە دەرمانخانەکاندا هەیە، زۆر بەرزەو هەر دەرمانخانەو بە ئارەزووی خۆی نرخی لەسەر دادەنێتو مامەڵەی پێوە دەکات، لەکاتێکدا کە ئەوان بە نرخێکی زور کەمتر لە مەزخەرەکان دەیکڕنو پاشان دەیفرۆشنەوە بە هاوڵاتییان بە نرخێکی بەرز کە هەندێ هاوڵاتی توانای کڕینی نییە».

پسپۆڕانی بواری دەرمانسازیش، جەخت لەوە دەکەنەوە؛ کە لە هیچ وڵاتێکی دونیادا وەک هەرێمی کوردستان دەرمانو فرۆشتنیو بەکارهێنانی نابینرێت، ئەو پسپۆڕانە جەخت لەسەر مەترسیی بڵاوبوونەوەی دەرمان دەکەنەوەو هاوکات بە حالەتێکی مەترسیداریشی ناوزەد دەکەن، ئەمە جگە لە مەترسیی خراپیو بەسەرچوویی جۆری دەرمانەکان لە لایەکو هەڵسوکەوتکردنی کەسانێکی ناپسپۆڕ بە دەرمانەکانەوە لە لایەکی ترەوە.

لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە، کە دەرمان بەبێ ڕەچەتەی پزیشک دەفرۆشرێتو بەشێک لە فرۆشیاران وەک بازرگانیی مامەڵە بە دەرمانەوە دەکەن، گرنگ ئەوەیە تۆ دەرمانێکت بوێت لای ئەوان هەبێت.

د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە ئەو دەرمانانەی دێت بۆ هەرێم «هەمووی» لە ڕێگەی کوالێتی کۆنترۆڵەوە پشکنینی بۆ دەکرێت، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «هیچ کەسێک بۆی نییە دەرمان بفرۆشێت، تەنیا پزیشکی دەرمانخانەکان نەبێت، ئەوانیش دەبێت بەشی دەرمانخانەیان تەواوکردبێت».

# یەکەکانی نیشتەجێبوون، زیان بە کشتوکاڵ دەگەیەنن

بەدواداچوونی:
هۆشەنگ سەروچاوەیی

لێپرسراوانی حکومییو ئابووریناسان، بڕوایان وایە کە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون، زیانی بە زەوییە کشتوکاڵییەکان گەیاندووەو بووەتە هۆکارێکیش بۆ کەمکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی.

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانو بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: زۆربەی زەوییە بەپیتەکانی نزیک بە شارەکان، دەکرێن بە خانووی نیشتەجێبوون، بە ڕێژەیەکی وەهایە کە کاریگەریی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانو ئاوی ژێرزەوی دروستکردووە.

عەلی ڕەشید ئەحمەد، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: ئەمەش لەبەرئەوەی کە ماستەرپلانی شارەکان پەرەی پێدەدرێتو لە ئەنجامدا ئەو زەوییانەی کە نزیک شارن، زەرەرمەندن.

دیاردەی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر زەوییە بەپیتەکانی کشتوکاڵ، لە هەموو هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت، هەرچەندە باس لەبوونی ماستەرپلان دەکرێت بۆ شارەکان، بەڵام تا ئێستا لە هەولێر لەسەرەتای جێبەجێکردنیدانو سلێمانیو دهۆکیش ماستەرپلانی نییە.

عەلی ڕەشید، دەڵێت: چەندینجار بۆچوونەکانمان داوەتە وەزارەتی شارەوانیو دەستەی وەبەرهێنانو داوامان کردووە، لە کاتی پێدانی مۆڵەتی نیشتەجێبووندا، ڕامان وەربگیرێت، بەڵام تا ئێستا ئەو پرسەمان بەشێوەیەکی فەرمیی پێ نەدراوە.

لەلایەکی ترەوە، هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان، وتی: هیچ زەوییەک لەلایەن ئێمەوە دابین ناکرێت، ئێمە پرۆپۆزەڵەکان دەنێرینە وەزارەتی شارەوانیو وەزارەتی کشتوکاڵو وەزارەتی دارایی بۆ دابینکردنی زەوی.

وتیشی: ماستەرپلانی شارەکان، شوێنی زەوییەکانو جۆری خانووەکانی دیاریکردووە، نەوەک دەستەی وەبەرهێنان.

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانو بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لە فراوانبوونی یەکە نیشتەجێبوونەکاندا، زەرەرمەندی یەکەم، زەوییە کشتوکاڵییەکانو بواری کشتوکاڵییە، چونکە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ ئەوەیە، نرخ هەرزان بێتو گواستنەوەی کاڵاکان بۆ ناوشار ئاسان بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی زەوییەکان کراون بە یەکەی نیشتەجێبوون، زیانیان بە کشتوکاڵ گەیاندووە.

ئەیوب سماقەیی، شارەزای بواری ئابووریی، بڕوای وایە کە پێویستە دابەشکردنی جوگرافی دانیشتووان لەهەرێمی کوردستان بگۆڕدرێتو هەوڵبدرێت دانیشتووان لەو دابەشکردنە هەڵەیەی کە هەیە، بۆ دابەشکردنێکی سروشتی بگۆڕدرێت، کە لەنێوان شارو قەزاو ناحیەو لادێکاندا دانیشتووان دابەشبکرێنو یەکسان بکرێن، چونکە ئێستا تەنیا شارەگەورەکان قەرەباڵغن.

سەبارەت بە چارەسەری گرفتەکەش، ئەیوب لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: دەکرێت ئەو زەوییانە بۆ نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێن کە باش نین بۆ کشتوکاڵو ناتوانرێت وەک پێویست سوودیان لێ وەربگیرێت.

لەلایەکی تریشەوە، جەمیل سلێمان، وەزیری کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، داوای کرد، یەکەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەی ستوونی دروستبکرێن، تا ڕووبەری زۆری زەوی کشتوکاڵی داگیرنەکاتو سەبارەت بە ڕێژەی ئەو زەوییانەی کە کراون بە یەکەی نیشتەجێبوون، وەزیری کشتوکاڵ هیچ ژمارەیەکی لەبەردەستدا نەبوو تا بزانرێت چەند دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەنزیک شارەکاندا کراون بەیەکەی نیشتەجێبوون.



# هێزی کار



ئەحمەد حەمە ساڵح

لەدوای ڕاپەڕینەوەو لەپێناو کۆمەڵگەیەکی بە بەرهەمو بەرزبوونەوەی باری ئابووریی وڵات، ژێرخانی ئابووریی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیی، هێشتا نەبوونەتە مەیدانێکی بەرین بۆ کارو چالاکیی جوتیارانو کرێکارانو پسپۆڕانو خاوەن بڕوانامە لەو بوارانەداو ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کەرتانە هێشتا زۆر نزمنو ناتوانن وەڵامی پێداویستیی بازاڕیش بدەنەوەو ستەمە ئەم کەرتانە بەرهەمدارنەبن بە ڕادەیەک، کە بەرهەمیش بنێرینەدەرەوەی هەرێم، لەکاتێکدا کە کوردستان دەوڵەمەندە بە جۆرەها کانزاو خاکەکەشی بەپیتە بۆ کشتوکاڵو لەباریشە بۆ دروستکردنی بەنداو کە دەبێتە بوژاندنەوەی ئەو دووکەرتەو کەرتی گەشتوگوزاریش، هەنگاوێکیشە بۆ بەکارخستنی هێزی کاری ناوخۆ، هەرچی کەرتەکانی بازرگانیو خزمەتگوزارییو بیناسازییە، جۆرێک گۆڕانی بە خۆوە بینیوەو بوونەتە بەرینترین مەیدانی کاروچالاکی بەشێک لە کارمەندو کرێکاری خۆماڵیو تەنانەت هەزارەها بیانیش، لەگەڵ ئەوەی کە هێزی کار فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانو پەرەپێدانی ئابووریی، ئەی چۆن تواناکانی کار لەهەموو بوارەکاندا بەکاربخرێن کە ئەمە ڕەوشی بەشێک لە کەرتە ئابوورییەکان بێت، بەتایبەت ئەوکەرتانەی کە هێزی کاری زۆرتر پێویستە، بۆ بەرگرتن لەقەیرانو هەڵاوسانەکان، پێویستە ئاوڕی جدییانەتر لەهەموو کەرتەکان، بەتایبەت ئەو کەرتانەی کە ئاڵوگۆڕبەخشن لەژیانی ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتیدا، بدرێتەوە.

لە ڕەوشێکی وادا کە بەشێکی زۆر لە هێزی کاری ناوخۆ بێکارن، ئایا چەند کار بۆ پاراستنی مافەکانیان دەکرێت لەئێستاو ئایندەدا؟ ئەو کەسانەشی کاری ئازاد دەکەن، یان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، هەوڵی زیاتر پاراستنی خۆیانو ژینگەی کاریان دەدرێت؟ هاتنی هەرجۆرە کرێکارێک کاتێک کە ئابووریی کوردستان پێویستی پێبێت ئیجابیو بەهێزە. ئابووریی کوردستان، ئەمڕۆ لەم ساتەوەختەدا پێویستی بەهێزی کاری تەکنیکیی هەیە بۆ گۆڕانگاریی تەکنەلۆژیای کۆن لە ئابووریی کوردستاندا، نەک ئەو کرێکارانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینرێن لە باشوورو ناوەڕاستی عێراقو وڵاتانی دیکەوە هاتوون بۆ ئێرە بۆ کارکردن، هاتنی یان هێنانی ئەم کرێکارانە، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هۆی زیادبوونی بێکارییو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کرێکاری هاوردە لەبواری تەندروستیو ئاسایشەوە پێویستی بەچاودێریی ورد هەیە، هێنانی کرێکاری بیانیی وەک دیاردەیەکی چاولێکەرییو بازرگانی لێهاتووە، لەگەڵ ئەوەی کوردستان پێویستی بەهێزی کاری بیانیی، بەتایبەت تەکنیککاران هەیە، بە مەبەستی بوژاندنەوەی سەرجەم کەرتە ئابوورییەکان، نەک ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان دەبینرێت هەر لە (نانەواخانە، فیتەر، ساڵۆن، دەلاک، دوکاندار، کرێکاری ڕۆژانە، وەستای بیناسازییو شۆفێرو..هتد)، کە دەبێتە هۆی نەمانی ئەوجۆرە کارو پیشانەش بەدەست کەسانی خۆماڵییەوە. لەسنووری هەرێمو ناوچەدابڕاوەکانی هەرێم، هێزی کار لەهەر ناوچەیەک بەکاربخرێت، باشترە لەوەی کەسانی بیانیی بهێنرێن، ڕاستە کرێکاری هاوردە لەشارەکاندا دەبێتە هۆی زیاتر گەشەسەندنی فرۆشتنو کڕینی پێداویستیی ڕۆژانەو لەم نێوەندەشدا فرۆشیاران سوودمەند دەبن، بەڵام هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی بیانییو نیشتەجێبوونیانو تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵک، کاریگەریی لەسەر ئاستی تەندروستیو ئابوورییو کۆمەڵایەتی دەبێت کە لەئێستاو ئایندەدا زیانەکەی دەردەکەوێت. بۆ ڕێگاگرتن لەم دیاردەیە، پێویستە حکومەت بیر لە داڕشتنی سیاسەتی کارو یاسای کار بکاتەوەو کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی تووشمان دەبنو پێویستە کرێکارانی بیانیی پۆلین بکرێن بەپێی پێویستی وڵاتو ڕێگا بە هاتنی کرێکاری بیانییو دەرەکیی بداتو پێویستە ڕەچاوی باری ئابووریی بکرێت تا نەبێتە فشار بۆ پشتگوێخستنی هێزی کاری ناوخۆ، ئەو تەکنیککارانەش کە دەهێنرێن، پێویستە وەک مەرج لەسەر کۆمپانیاکان دابنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییو تواناو شارەزایی کەسانی ناوخۆ تا لەئایندەدا کەسانی خۆماڵیی بەئاستی زانیاریی بەرزەوە ببنە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێکاری بیانیی لە وڵاتدا.

دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان داوای هاوکاریی مانگانە دەکەن 16

ڕاڤەی بودجە

# نەوتو داهات



عەلی حەمەساڵح

هەفتەی پێشوو، بەهۆی گفتوگۆکردن لەبارەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە، دیسانەوە کێشەی دیارنەبوونی داهاتی نەوتی کوردستان سەریهەڵدایەوەو سەرهەڵدانەوەی ئەم پرسە، هانیدام بۆ گەڕان بەدوای چەند زانیارییەک لەبارەی نەوتی کوردستانو داهاتو خەرجییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پاشان گەیشتم بە چەند ئەنجامێک کە جگەلە کارەساتێکی کۆمیدیئامێز، هیچی دیکە نییە.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، وەک بەخشین، حکومەتی هەرێمی کوردستان (٦)ملیار دۆلاری لە کۆمپانیاکانی دەرهێنەری نەوت لە کوردستاندا وەرگرتووە، ئەم پارەیە پارەیەکی ئەوەندە کەم نییە کە بزربێتو کەسمان پرسیاری لێنەکەین، ئەم (٦)ملیار دۆلارەی کە دیار نییە، زیاتر لە شەش ئەوەندەی ئەو پارانەیە کە بۆ سەرجەم پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠) تەرخانکرا، ئایا دەکرێت پەرلەمان ئاگای لەم پارەیە نەبێت؟ دەکرێت نەزانرێت لەکام ژمارە حیسابدا هەڵگیراوە؟ ئەو دەسەڵاتەی کە ئەم گرێبەستە نەوتییانەی ئیمزاکردووەو ئاگاداری وردودرشتی ئەم پارەیەیە، بۆ ڕاستییەکان ناخاتە بەردەست پەرلەمان؟ ئەگەر ئەم پارەیە بۆ بەرژەوەندیی حیزبیو شەخسیش بەکارنەیەت، ئێمەو پەرلەمانتارانیش هەقی خۆمانە کە گومان دروست بکەین لەسەر چارەنووسی...

بودجە، داهاتو خەرجییە، هیچ بودجەیەک نییە لە دونیادا یەکێک لەم دووانەی تێدا نەبێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو وەک کۆمیدیایەک، حکومەتی هەرێم (٢٥٠)ملیۆن دۆلاری خستووەتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی وەک بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان پەسەندی بکات، بەبێ ئەوەی سەرچاوەی داهاتەکە ڕوونبێت، ئایا ئەم (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە لە کوێوە هات؟، ئەگەر داهاتی نەوتە، ئەوا ئەمە تەنیا (٤،١٪)ی ئەو داهاتەیە، دەکرێت بپرسین ئەمە (٤٪)یەتی، ئەی (٩٦٪)ەکەی دیکەی لە کوێیە؟

ئەمەی سەرەوە ڕوونەو تاڕادەیەکیش قسەی زۆری لەسەر کرا، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای منەوە، قسەکردنە لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

دوو جۆر وەزارەت هەیە، یەکێکیان پارەی پێویستی بۆ تەرخاندەکرێت لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگا، وەک وەزارەتی پەروەردەو تەندروستیو ئاوەدانکردنەوە، ئەویدیکەیان تایبەتە بەدابینکردنی داهات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاو جگە لەم کارە هیچ کارێکی دیکەی نییە، ئەویش بە وێنەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە لە هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نەک داهاتی نەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری بودجەی گشتیی بۆ خەرجییەکانی ئەو تەرخانکراوە، چۆن؟

داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩دا، تەنیا (٣٠)ملیۆن دیناری خراوەتە ناو داهاتی کوردستانەوە، بەشێک لەم (٣٠)ملیۆنە داهاتی نەوتی خاوە، بەپێی نووسراوی ژمارە (٨٢٢٩/٤/٥)کە وەزیری دارایی لە ٢٠١٠/٥/٢٦دا ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، داهاتی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩و لە بڕگەیەکدا داهاتی نەوتی خاو (**ایرادات تصدير النفط الخام**) بە (٧)ملیارو (٥٧٦)ملیۆن دینار تەرخانکراوە. داهاتی نەوت، یان دەبێت سفر بێت، یان ژمارەیەکی گەورە. لە پرۆژەیاسای پەرەپێدانی پارێزگاکاندا بۆ دروستکردنی تەنیا ژوورێک بۆ مامۆستایەکی ئاینی، (٩)ملیۆن دینار تەرخانکراوە، بەم پێیە بێت، داهاتی نەوتی خاوی کوردستان بەشی ئەوە ناکات کە ژوورێک بۆ مامۆستایەکی ئاینی دروست بکەیت.

جێگای سەرنجە کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا، تەنیا (٣٠)ملیۆن دیناری خراوەتە ناو داهاتی کوردستانەوە، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف (٧)ملیارو(٧٤٩)ملیۆن دیناری خستووتە ناو داهاتی کوردستان، واتە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥٨) ئەوەندەی داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، چ مەنتقێک ڕێگا بەمە دەدات؟

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە دەبێت وەزارەتێکی نەک خۆژیێن، بەڵکو میللەت ژێنیش بێت، بەڵام پێچەوانەی ئەمەیەو ئەم وەزارەتە بەشێکی زۆری بودجەش لەمساڵدا بۆ خەرجییەکانی ئەوە، چۆن؟

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان داهاتو خەرجییەکانی ئەم وەزارەتدا بکەین، دەبینین، داهاتی ئەمساڵی بە (٨٩٠) ملیۆن دینار خەملێنراوە، بەڵام (٩٩) ملیارو (٨٧٠) ملیۆن دینار دینار تەنیا خەرجی بەکاربردنیەتیو (٦) ملیارو (٩٥٨) لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی تەرخانکراوە، بەم پێیەش خەرجییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، (١٢٠)ئەوەندەی داهاتەکەی بووە. ئایا جگە لەو لۆجیکەی کە حکومەتی هەرێم کاری پێدەکات، چ لۆجیکێکو بیرکردنەوەیەکی ئابوورییانە ڕێگا بەمە دەدات؟

# کورتهێنانی بودجەی هەرێم به پارەی نادیار پڕدەکرێتەوە

**ڕاپۆرتی: چاوان عەلی**

لە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا، کورتهێنانی بودجە بە پارەیەک پڕکراوەتەوە کە چارەنووسی دیار نییەو پێدەچێت بۆ ساڵی داهاتووش هەمان «هەڵە» دووبارە بکرێتەوە.

لە بڕگەی پێنجەمی مادەی یەکی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا هاتووە؛ کورتهێنانی بودجە کە بڕەکەی (٨٣٥٠٠٠٠٠٠) هەشتسەدو سیوپێنج ملیار دینارە، لە بڕە پارەی بودجەی بەکارخستنی فیدراڵی بۆ پاسەوانانی هەرێم پڕدەکرێتەوە کە لە تەرخانکراوەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق دانراوە، ئەوەش بەپێی بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) دەبێت.

د. ئیسماعیل شکور، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقو شارەزای بودجە، پێیوایە: «پەرلەمانی کوردستان بە دانانی ئەو بڕگەیە خۆی تووشی بەرپرسیارێتییەکی قورس کردووە، چونکە تا ڕێکەوتنێک نەکرایە، نەدەبوو حکومەتی هەرێم ئەو کورتهێنانەی لە یاسای بودجەدا دابنایەو بیکردایەتە ماڵ بەسەر خۆیەوە».

هاوکات جەبار یاوەر؛ ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، وتی: دانوستان لەنێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوامە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیەی یاسای بودجە لە سێ ساڵی ڕابردوودا، بەڵام «تائێستا یەک فلس لەو پارانە نە وەک بودجەو نە وەک سلفە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێم نەگەڕێنراوەتەوە».

تائێستا مەسەلەی بودجەی پێشمەرگە یەکێکە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا.

لەوبارەیەشەوە جەبار یاوەر وتی: تائێستا جێگیر نییە، وەکو سلفە مانگانە پارە لە حکومەتی هەرێم وەردەگیرێتو چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیەن لەنێوان هەرێمو بەغدا دا.

بەپێی یاسای بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق، دەبوو دوای (٦) مانگ لە دەرچوونی یاساکە، هەرێمو بەغدا لەسەر بودجەی پێشمەرگە بگەنە ڕێکەوتنێک.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان دان بەوەدا دەنێت، کە «پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەمە لە بەدواداچوونی ئەو بابەتەو دەبوو دوای (٦) مانگەکە بەدواداچوون هەبێتو وەزیری دارایی بانگهێشت بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان».

کاردۆ محەمەد، دەڵێت: هەرچەندە پێیوانوایە وەزیری دارایی وەڵامی بەڵگەداری ئەو پرسیارەی لا دەست ناکەوێت، بەڵام پەیوەندییان بە وەزیرەوە کردووەو بڕیار وایە لەم هەفتەیەدا دەربارەی ئەم مەسەلەیە گفتوگۆ بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، لە پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)دا لە بڕگەی پێنجەمی مادەی (١٣)دا هاتووە، کە پێویستە لەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوێت دەربارەی خەرجییەکانی مووچەو پڕچەککردنو دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکان، بۆ هێزەکانی پاسەوانی هەرێم بەوجۆرەی لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناکۆک نەبێتو حکومەتی فیدرڵ سلفە بداتە حکومەتی هەرێم، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تایبەت دەردەچێت کە مافەکانی هەرێمو شێوازی دانەوەی سلفەکە ڕێکبخات.

ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە، بە پێویستی دەزانێت لە ساڵانی داهاتووشدا وەفدی دانوستکاری وەزارەتی پێشمەرگەو داراییو حکومەتو پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق ڕێکبکەون،لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەو سلفەیە وەردەگیرێتو «دەکرێت کە ساڵێک تێپەڕی، بتوانرێت یاساکە جێبەجێبکرێت».


لەبەرامبەردا د.بایەزید حەسەن؛ ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، هیچ ساڵێک لە عێراق حساباتی کۆتایی بودجە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، تا بزانرێت ئەو خاڵە جێبەجێنەکراوە، یان چی بکرێت، بۆیە ئەگەر ڕێکەوتنێکی سیاسیی هەبێت، دەتوانرێت سلفەی ساڵانی ڕابردووش وەربگیرێتەوە».



جەبار یاوەر



کاردۆ محەمەد



ئیسماعیل شکور



د.بایەزید حەسەن

## یەکێک بووە لە وەرەقە (١٩)خاڵیەکەی کورد

# کێشەی نەوت لەنێوان هەرێمو بەغدا چارەسەر نەکراوە

**هەنگاو هاشم- هەولێر**

کێشەی نەوتو سامانەسروشتییەکان، لەنێوان هەردوو حکومەتی ناوەندو هەرێمدا بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە، کە یەکێک بوو لە (١٩) خاڵەکەی دانوستانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان.

پەرلەمانتارێکی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات: «ئەگەر پێدانی بودجە لەبەر ڕەحمەتی ناردنە دەرەوەی نەوت لە وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێمەوە بێت، جێگەی مەترسییە»، وەزارەتی سامانەسروشتییەکان، پێدانی بودجە لەسەر ئەو بنەمایە بە ئاسایی دەزانێت».

عەلی حەسەن بەلۆ؛ ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێم دەربارەی نەوت کۆتایی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لەنێوان حکومەتی ناوەندی عێراقو حکومەتی هەرێم، یەکێک بوو لە (١٩) خاڵەکەی ئیئتلافی لیستە کوردستانییەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد: «دەبوو بەر لە دوو ساڵ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرایە، بەڵام حکومەتی نوێی عێراق پێکهاتو کێشەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی فیدراڵی دەربارەی گرێبەستە نەوتییەکان بەردەوامەو بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە»، هەروەک بە ئاسایشی دەزانێت ئەگەر پێدانی بودجەی هەرێم بەرامبەر هەناردەکردنی (١٥٠)هەزار بەرمیل نەوت بوایە لە ڕۆژێکدا».

چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی داهاتوو، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ (٢٥٠)هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبێتەوە، لە ئێستاشدا (٤٢) کۆمپانیای بیانی لە بواری دەرهێنانی نەوت لە کوردستان کاردەکەنو (٣٧) گرێبەستی دەرهێنانی نەوتیش لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کراوە، لە ئەمساڵیشدا دۆزینەوەی نەوت لە چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێم ڕاگەیەندرا.

دەربارەی ناردنی گرێبەستە نەوتیەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، عەلی حەسەن بەلۆ وتی: «تائێستا پەرلەمانی کوردستان داوای ئەم گرێبەستانەی لێنەکردووینو کاری پێنەبووە، هەر بڕەنەوتێکیش بنێردرێتە دەرەوە بە ژمێرەرە (عداد)».

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش بە پێویستی دەزانێت، هەر گرێبەستێکی نەوتی کە ئەنجامدەدرێت، گرێبەستە کۆنەکانیش بچێتە پەرلەمان، کە تائێستا یەک گرێبەستیان بۆ نەچووە، پێش پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بدرێت.

عەبدوڵڵا مەلا نوری؛ ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانەسروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێدانی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بەرامبەر بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ڕۆژێکدا (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بێت، ئەستەمەو پێدانی بودجە لەبەر ڕەحمەتی وەزارەتی سامانەسروشتییەکان جێگای مەترسییە، چونکە وەزارەت ناشەفافەو خاوەنی سیاسەتێکی ئەوتۆ نییە لەو بوارەدا».





## ڕاپۆرتی (١٠)پەرلەمانتار لەبارەی کەموکووڕیی‌و داواکارییەکانەوە

# لە چەمچەماڵ، (١٠)بینای حکومیی‌و (٣٥)قوتابخانەو سەرجەم کۆلێژەکان کرێچین

ڕۆژنامە

**هاوڵاتییانی قەزای چەمچەماڵ، ڕووبەڕووی چەندین کەموکووڕیی ئیداریی‌و خزمەتگوزاریی بوونەتەوەو داواکارن، حکومەت چارەسەری گرفتەکانیان بۆ بکات.**

**بەپێی ڕاپۆرتێکی مەیدانیی (١٠) پەرلەمانتاری پەرلەمانی کوردستان* کە ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/١١)، سەردانی قەزاکەیان کرد، ئەو ناوچەیە زۆرترین کەموکووڕیی تێدایەو گوزەرانی هاوڵاتییان لە حاڵەتێکی خراپدایە.**

## کێشەی ئیداریی

قەزاکە سەر بە پارێزگای کەرکوکە، بەڵام لەمیانی سیاسەتی تەعریبی حیزبی بەعسدا لە کەرکوک دابڕێنراو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

لەڕووی ئیدارییەوە، پەرشوبڵاوییەکی زۆر بە فەرمانگەکانی چەمچەماڵەوە دیارە، بەنموونە قایمقامیەت‌و پۆلیس‌و پۆلیسی هاتوچۆ، سەر بە ئیدارەی گەرمیانن، تەندروستی‌و پەروەردە سەر بە سلێمانین، کتێبخانەی گشتیی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لە هەولێر.

بەپێی ڕاپۆرتی پەرلەمانتارەکان، هاوڵاتییان داواکارن کە ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ شارەکە دروست بکرێت، یاخود بەڕێوەبەرێتی‌و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی شارەکە ڕاستەوخۆ سەر بەوەزارەت بن، هەروەها ئەوەش ڕەتدەکەنەوە کە فەرمانگەکانیان بخرێتە سەر ئیدارەی گەرمیان، «چونکە نێوانی کەلارو چەمچەماڵ، نزیکەی ماوەی نێوان چەمچەماڵ‌و بەغدا دەبێت»، ئەمە جگەلەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا، ژمارەیەک هاوڵاتیی شارەکە لەو ڕێگایەدا بوونەتە قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

نەبوونی کۆمەڵگای فەرمانگەکان لە چەمچەماڵ، کێشەیەکی دیکەی ئەو قەزایەیە، بەنموونە فەرمانگەکانی (گەنجینە، ئاوەدانکردنەوە، ڕەگەزنامە، کشتوکاڵ، یەکەی لیژنە پزیشکییەکان، مافی مرۆڤ، کاروباری شەهیدان‌و ئەنفال، خانەنشین، ئاگرکوژێنەوە...تاد) لە خانووی کرێدان‌و ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن دینار دەدەنە کرێ خانوو.

سەبارەت بە کێشەی بەرقەراریی ئەمن‌و ئاسایش لەم شارەدا، هاوڵاتییان لەوبڕوایەدان کە ساڵانە دەیان ڕووداوی کوشتن‌و تەقەکردن‌و کێشەی عەشایەری‌و دوژمنداری ڕوودەدەن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ «لاوازیی دەزگا پەیوەندیدارەکان‌و چاوپۆشییان لە ئەنجامدەرانی هەندێک لەو ڕووداوانە»، چونکە هەندێکیان پەنایان داوەتە بەر پارتە دەسەڵاتدارەکان.

بۆئەوەش پێویستیان بە فەرمانگەکانی (نەهێشتنی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان‌و ئافرەتان، پۆلیسی فریاکەوتن، لێکۆڵینەوەی تاوان) هەیە لەشارەکەدا، بەڵام ئێستا نییە.

هاوڵاتییان داواکارن، ڕێکخستنی حیزبیی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش نەمێنێت‌و ئەو کەسانەشی لەو سلکە کاردەکەن، دەخوازن کە چیتر بەبێ پرس ئابوونەیان لێ نەبڕدرێت.

## کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفال

لەساڵانی هەشتاکاندا، سنووری چەمچەماڵ بەر قۆناغی ئەنفالی سێ کەوتووەو بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سنوورەکە بوونەتە قوربانیی‌و ئێستا کەسوکارەکانیان لەچەمچەماڵدا دەژین.

لە ساڵانی نەوەدەکانیشدا ئەم قەزایە دوایین خاڵی تەماسی نێوان حکومەتی هەرێم‌و عێراق بووەو سەرباری هەموو ئەوانە، ئەم شارە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری شەهیدو قوربانییە لەریزی سەرجەم پارتە کوردییەکان، بۆیە دانیشتووانەکەی بەمافی خۆیانی دەزانن، سەرباری ئەو خزمەتانەی کراون، داوای خزمەتگوزاریی زیاتر بکەن.

زۆرترین قوربانیی شەڕی ناوخۆ لەم ناوچەیەدان، بۆیە کەسوکارەکانیان داوای قەرەبوو لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەکەن.

کەسوکاری شەهیدان‌و قوربانییانی ئەنفال‌و کیمیاباران، داوای بەخشین دەکەن لەو سلفەی عەقارەی بۆ دروستکردنی خانوو وەریانگرتووە، لەم بوارەشدا هیچ تایبەتمەندییەک بەوان نەدراوە.

کەسوکاری شەهیدانی چەمچەماڵ داواکارن، وەکو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، حکومەت خانوویان بۆ دروست بکات.

## پەروەردەو خوێندنی باڵا

لە سنووری پەروەردەی چەمچەماڵ، (٢٠٨) قوتابخانەو خوێندنگەو باخچەی ساوایان‌و (٤٦٧٠٠) خوێندکارو قوتابی‌و خونچەو نزیکەی سێ هەزار مامۆستا هەیە.

بۆ ئەمساڵی خوێندنی (٢٠١١/٢٠١٠) لەسنووری پەروەردەی چەمچەماڵ، (٢٩) بینایان بەکرێ گرتووەو شەش بیناشیان بەخۆبەخش بۆ قوتابخانە دراوەتێ‌و هەندێک لە پۆلەکانیش، زیاتر لە پەنجا قوتابییان تێدایە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی پەرلەمانتارانی فراکسۆنی گۆڕان، هاوڵاتییانی چەمچەماڵ داواکارن، ژمارەیەک بینای قوتابخانە لە شارەکەیاندا دروست بکرێت، ئەمە جگەلەوەی کە بینای دوو قوتابخانە کە یەکێکیان سێ دەوامی تیادەکرێت، زۆر بێکەڵک‌و مەترسیی ڕوخانیان لێدەکرێت‌و سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری پەروەردە لەو کێشەیە ئاگادارکراون، بەڵام تا ئێستا بێ وەڵام بوون.

لە چەمچەماڵ چوار باخچەی ساوایان هەیە کە تەنیا دووانیان خاوەنی بینای خۆیانن‌و دووانەکەی دیکەش لە خانووی کرێدان، بۆیە خەڵکی شارەکە داوای دروستکردنی باخچەی ساوایان دەکەن.

لە قەزاکەدا سێ کۆلێژ هەیە: (پەروەردەی بنەڕەت، زانستە ڕامیاریی‌و کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە)، خاوەنی بینای خۆیان نین، کۆلێژی زانستە ڕامیاریی‌و کۆمەڵایەتییەکان بینای سەنتەری گەنجانیان دراوەتێ، هەردوو کۆلێژی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەت لەناو دوو بینای سەر بە وەزارەتی پەروەردەدان.

هەروەها نەبوونی بەشەناوخۆیی بۆ ئەو خوێندکارانەی ڕوو لە چەمچەماڵ دەکەن بۆ خوێندن‌و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش ژمارەیەک خانووی ماڵان بەکرێ گیراون کە هیچ مەرجێکی بەشە ناوخۆییان تێدانییە.

## خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان

لەئێستادا چەمچەماڵ جگە لەناوەندی قەزا، لەناحیەکانی شۆڕش، سەنگاو، تەکیە، ئاغجەلەر، قادرکەرەم، تەکیەی جەباری، پێکدێت‌و تەنیا ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری قەزاکە زیاتر لە (١٦٠)هەزار کەسەو کۆی گشتیی دانیشتووانی سنوورەکە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار کەسە.

## سەبارەت بە کارەبا

وێستگەیەکی کارۆگازی (٧٥٠) میگاواتی لە چەمچەماڵ دروستکراوە، خەڵکی شارەکە داواکارن، هاوشێوەی قەزاکانی دوکان‌و دەربەندیخان کە بەهۆی بوونی بەنداوەکان لەوێ بوونەتە خاوەنی کارەبای هەمیشەیی، هەمان حاڵەت بۆ ئەمانیش پەیڕەو بکرێت.

سەرباری ئەوەی چەمچەماڵ ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوانبووندایە، بەڵام تا ئێستا جگە لە نەخۆشخانەیەکی گشتیی، تەنیا یەک بنکەی تەندروستی هەیە، بۆیە خەڵکی شارەکە داواکارن، لە گەڕەکەکاندا بەپێی چڕیی دانیشتووانەکە، بنکەی تەندروستی دروستبکرێت، ئەمە جگەلەوەی بەرپرسان بەڵێنی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی پەنجا قەرەویڵەییان پێداون، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەی چەمچەماڵ، لەئێستادا بریتییە لە کۆمەڵە بیرەکانی بانی مەقان‌و کانی شەیتان‌و هێڵێکی پڕۆژەی ئاوی دوکان-سلێمانی، لەبەرئەوە خەڵکی شارەکە داواکارن، بۆ بنبڕکردنی کێشەی کەمئاویی، پڕۆژەی ئاوی گۆپتەپە- چەمچەماڵ جێبەجێ بکرێت کە لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٢/١٩) بەبڕی (٣٧٥) هەزار دۆلار دەستکراوە بە دیزاینکردنی ئەو پڕۆژەیە لەلایەن زانکۆی دهۆکەوەو لە (٢٠٠٨/٧/٢٠) دیزاینەکەی تەواوبووەو بە وتەی بەرپرسان، جێبەجێکردنی پڕۆژەکەش پێویستی بە (١٠٩)ملیۆن دۆلارە.

قەزای چەمچەماڵ، لەئێستادا ڕۆژانە پێویستی بەنزیکەی پەنجا هەزار مەتر سێجار ئاو هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتییان، بەڵام سەرچاوەئاوییەکانی ئێستا کەچەند بیرێکی ئیرتیوازیین لەبانی مەقان‌و کانی شەیتان، ڕۆژانە توانای دابینکردنی (٥-٧) هەزار مەتر سێجا ئاویان هەیە.

هاوڵاتییان، گلەیی ئەوەدەکەن کە حکومەت گرنگیی تەواو پێویستی نەداوە بە دروستکردنی باخچەی گەڕەکەکان‌و سەوزکردنی، هەروەها پارکێکی گەورەو گونجاویش نییە تا خەڵکی کاتەکانی پشووی تیادا بەسەربەرن.

## کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

تا ئێستا لە چەمچەماڵ یەک دایەنگە هەیە، ئەمەش لەگەڵ پێداویستی دانیشتووانی قەزاکە ناگونجێت‌و زۆر کەمە.

لەم ناوچەیەدا زۆرترین قوربانیی ئەنفال‌و شەڕی ناوخۆو شەڕی عەشایەریی هەیە، بۆیە خەڵکی چەمچەماڵ داواکارن لە حکومەت، خانەی چاودێریی منداڵانی بێ(دایک‌و باوک) بکاتەوە، بۆ ئەو منداڵانەی لە سەرپەرشتی‌و سۆزی دایک‌و باوک بێبەشن، ئەمەش بەهۆی ئەو شەڕانەی ڕوویانداوە.

## قەرەبووکردنەوەی زەوی

لە ناحیەی قادرکەرەم، کۆمپانیای دانەغاز سەرقاڵی دەرهێنانی غازو گەیاندنیەتی بە وێستگەکانی کارەبا لە کوردستاندا، دانیشتووانی هەردوو گوندی کۆرمۆری یەک‌و دوو داواکارن، قەرەبووی ئەو زەوییانەیان بۆ بکرێتەوە کە بەر ئەو پڕۆژەیە کەوتوون، هەروەها داواکاریشن ئەو کۆمپانیایە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات.

## بواری شوێنەوارو وەرزشی‌و گەنجان

قەزای چەمچەماڵ خاوەنی مێژوویەکی کۆن‌و چەندین ناوچەی شوێنەوارییە، بەڵام تائێستا گرنگی بە شوێنەوارەکانی نەدراوە، لە نموونەی (گوندی چەرمو، کەریم شایەر، بەردەبەلەکە، قەڵای سپی حەسار)، تەنانەت تا ئێستا ڕێگایەک نییە تا خەڵکی بتوانن سەردانی گوندی چەرمو بکەن، کە یەکەم گوندە لەجیهاندا کشتوکاڵی تێدا کرابێت‌و هەروەها بەهۆی کەمتەرخەمیی حکومەتەوە پارچە ئاسەوارەکانی ئەم شوێنانە تاڵان کراون، بۆیە پێویستە حکومەت مۆزەخانەیەک بکاتەوە، بۆ زیاتر ناساندنی شوێن‌و پارچە شوێنەوارییەکان.

لەم شارەدا تا ئێستا سەنتەرێکی گەنجان نییە، چونکە ئەو بینایەی بۆ سەنتەری گەنجان دروستکرا، دراوە بە کۆلێژی زانستە ڕامیاریی‌و کۆمەڵایەتییەکان.

وەرزشەوانانی چەمچەماڵ داواکارن، کۆمەڵگەیەکی وەرزشی لەم شارەدا دروست بکرێت، چونکە تەنیا یەک یاریگا لە شارەکەدا هەیە.

*** پەرلەمانتارەکان پێکهاتبوون لە (ڤیان عەبدولڕەحیم، شێرزاد حافز، عەزیمە نەجمەدین، ئاشتی عەزیز، ئیسماعیل گەلاڵی، پەیمان عەبدولکەریم، نەریمان عەبدوڵڵا، سیوەیل عوسمان، عەبدولڕەحمان حسێن، عەبدوڵڵا مەلا نوری).**



قەزای چەمچەماڵ

فۆتۆ: ڕۆژنامە

لە پەیمانگەکان دابەزاندنی بەشەکانیش بە واستەیە 18

## ماموٚستایان‌و پەروەردەی سویدی

م.جەزا عەلی (محەمەد مومتاز)

بیرمە کە ساڵی خوێندنی (١٩٩٠-١٩٩١)، ئەو کات لە پۆلی یەکەمی پەیمانگا بووم، ماموٚستای زمانی ئینگلیزی ناوی (م.پەیمان)بوو کە ماموٚستایەکی پیاو بوو، پاش گەڕانەوەی لە گەشتەکەی لە وڵاتی نەمسا، بۆ منو هاوپۆلەکانمی گێڕایەوە گوایا ئەو وڵاتە، کارگەیەکی ئۆتۆمبێلی دامەزراندووە بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک لە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە ماموٚستایان‌و لەگەڵ دەستبەکاربوونی هەر ماموٚستایەکدا، نەک تەنیا ئۆتۆمبێل، بەڵکو کلیلی خانوویەکی پڕ کاڵاو مواسەفاتی پێدەدرێت لەو ناوچە تایبەتییەی کە بۆ ماموٚستایان دابینکراوەو ناوی لێنراوە ماموٚستایان. بیرم نەچێت کە ئەوەشی پێوتین، بە هیچ شێوەیەک ماموٚستایانیش، نەک هەر کەمتەرخەمی ناکەن لە کارەکەیان، بەڵکو کاتژمێرئاسا ئیلتیزام بە کاتەکانی دەوام‌و یاساکانی پەروەردەوە دەکەن، بەڵام خۆ لە شارە حەیاتەکەش، گەرەکێک هەیە بە ناوی ماموٚستایانەوە کە ژمارەی ماڵی ماموٚستا تیایدا لە پەنجەی یەک دەست تێپەڕ ناکات، کە ڕەنگە هەندێک لەمانەش کرێچی بن.

بەڵام جێی تێڕامانە لە هەرێمێکدا کە سیستمی پەروەردەکەی سویدی بێت کە بە زۆرێک لە پێوەرەکان لە سیستمی پەروەردەی وڵاتێکی وەک نەمسا پێشکەوتووترە، بەڵام ژمارەی قوتابییان بۆ هەر پۆلێک لای ئێمە، پێنج هێندەی پۆلەکانی ئەوان دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕووبەری هەر پۆلێک لە (٢٠م٢) تێپەڕ ناکات، (٤٥-٥٠) قوتابی تێخزێنراوە، کە ئەم ڕێژەیەش لە هەندێک لە قوتابخانەکانی دەوروبەری شار هەڵکشاوە بۆ (٥٠-٦٠) قوتابی، کە بێگومان ئەمەش وا دەکات ئەرکی ماموٚستایان چەند بەرامبەر قورستر بکات، بەڵام ئەفسوس، پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ لەو بەروارەی سەرەوە کە هاوکات ژمارەی ئەم ساڵانە یەکسانیشە بە ماوەی حوکمڕانیی حکومەتە خۆماڵییەکەمان، کە دەبینین ئەم پەروەردە سویدییەی لەمەڕ خۆمان، سەرەڕای دەستتێوەردانی حیزب لە بوارە جیاجیاکانی پەروەردە، گیرۆدەی کێشەگەلێکن لە کەمیی بیناو زۆریی قوتابی، نارێکوپێکی میلاکات‌و نەبوونی پلان‌و بیرۆکراسی کارکردن....هتد.

هەربۆیە ئێمەی ماموٚستایان دەخوازین، چیتر دەسەڵات لەبری بارگاویکردنی پرۆسەی پەروەردە بەبیری حیزبایەتی، باشترە بیر لە نادادپەروەریی سیستمی پەروەردەو کەموکورتییەکانی بکاتەوەو هەوڵبدات بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستەو بەشێکی باشترو پڕبەهاتر بۆ پەروەردەکاران کە هیچی کەمتر نەبێت لەژیانی ماموٚستایانی وڵاتانی ناوبراو، بەڵکو ئێمەش بتوانین پەروەردەیەکی سەردەمییانەتر بەرهەمبهێنین بۆ منداڵانی کورد.

# جیاوازیی لە مووچەی ماموٚستایاندا هەیە

هۆشەنگ سەروچاوەیی

ژمارەیەکی زۆری ماموٚستایان لە سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، جیاوازیی لەنێوان مووچەی بنەڕەتیەکەیاندا هەیەو بەرپرسێکی پەروەردەی سلێمانیش کێشەکە دەخاتە ملی وەزارەتی دارایی.

عەبدوڵڵا ئەحمەد، کە یەکێکە لە ماموٚستاکانی سنووری قەزای ڕانیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕێژەیەکی زۆر لە ماموٚستاکانی سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە دامەزراوین، مووچەی بنەڕەتیەکەمان (٢٦٠) هەزار دینارەو هاوکات ئەو ماموٚستایانەشی کە ئێستا دادەمەزرێن مووچە بنەڕەتییەکەیان (٢٩٦) هەزارە دینارەو داواش لە حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی پەرەروەردە دەکەین، مووچەکانمان یەک بخات».

لە بەرامبەردا شێخ مستەفا عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی ژمێریاریی پەروەردەی سلێمانی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی بوونی ئەو جیاوازییە لە مووچەی بنەڕەتی ماموٚستایانی سنووری ڕانیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئاگاداری کێشەی ئەو ماموٚستایانەین‌و دووجار بە مەبەستی چارەسەرکردنی، سەردانی وەزارەتی داراییم کردووە، کە کێشەکانیان چارەسەر بکرێن‌و ئەو کێشەیە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە هەیەو ئەوانیش بەڵێنی چارەسەرکردنیان پێداوین، بەڵام تائێستا هەروەک خۆی ماوەتەوە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست ڕۆژنامە کەوتوون؛ ئەو ماموٚستایانەی کە مووچە بنەڕەتییەکەیان کەمبووە، لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆیان زیاد کراوە، بەڵام تائێستا ئەو کێشەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا چارەسەر نەکراوە.

# دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان داوای هاوکاریی مانگانە دەکەن


خۆپیشاندانی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان

رۆژنامە

خوێندکارە دانەمەزراوەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، کەمپەینی پشتگیریی لە دەرچووانی دانەمەزراوو دابینکردنی دەرماڵەی مانگانە پێکدەهێنن‌و داوا لە خوێندکاران دەکەن پشتگیریی کەمپەینەکە بکەن.

لە ڕاگەیانراوێکدا، ژمارەیەک دەرچووی دانەمەزراوی زانکۆو پەیمانگاکان کەمپەینێکیان پێکهێناو پێیانوایە: لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییە پیشەییەکان بە دەست دانەمەزراندن‌و بێکارییەوە گرفتارن، ساڵ لەدوای ساڵ کێشەکە لەزیادبووندایەو حکومەتی هەرێمیش پلانێکی ئەوتۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی گشتیی‌و تایبەتدا لەبەردەستدا نییە».

هەروەک کەمپەینەکە هەوڵی پەرلەمانی عێراق بۆ دابینکردنی بڕی (١٠٠) هەزار دینار بۆ ئەو خوێندکارانەی خوێندنیان تەواوکردووەو دانەمەزراون، بە هەنگاوێکی گرنگ وەسفدەکات‌و لە ڕاگەیاندراوەکەشدا هاتووە «ئێمە وەکو گەنجانی دەرچووی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان کەمپەینێکمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە هەرێمی کوردستان‌و سوودمەندبوونی ئەو گەنجانەی خوێندنیان تەواوکردووە پێکهێناوە، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین بەدەم داواکاریی گەنجانەوە بێن‌و بڕێک هاوکاریی مانگانە ببەخشرێتە ئەو دەرچووانە تا ئەوکاتەی دادەمەزرێن».

دانا ڕەسول، کە یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی کەمپەینەکە ئاماژەی بەوە کرد، لە هەرێمی کوردستان زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییە پیشەییەکان بە دەست دانەمەزراندن‌و بێکارییەوە گرفتارن، ئێمەش بە مەبەستی دامەزراندن‌و هاوکاریکردنی ئەو دەرچووانە، ئەم کەمپەینەمان ڕاگەیاندووە.

## کێشەکانی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆ ئەهلییەکان بەردەوامە

# نەبوونی یاسای زانکۆ ئەهلییەکان، کێشەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا زیاتر دەکات

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتییەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوەو لە ئێستاشدا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەکی ترە، ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی نەبوونی یاسایەکەوە ئەو وەزارەتە ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا (١٠) زانکۆی تایبەت (ئەهلی) هەیە، بەڵام تائێستا یاسایەک بۆ زانکۆ ئەهلییەکان نییە.

لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک پەرلەمانتار «پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان»یان ئامادەکردو دانیشتنی ٢٠١٠/١١/٢٩ پەرلەمان تایبەتکرا بە پرۆژەکە، بەڵام بەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆکان بەهۆی «کۆنیی‌و نەگونجانی پرۆژەکە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا» پێشنیازی دواخستنی ئەو پرۆژەیە خرایەڕوو، دواتر بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەکە ڕەتکرایەوە.

لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا د. دلاوەر عەلادین، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان ئامادەبوو.

م.عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتییەکان بەهۆی کۆنیی پرۆژەکەو نەگونجانی لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی خوێندنی باڵادا، ڕەتکرایەوە.

عەزیمە نەجمەدین وتیشی: وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڵێنیدا پرۆژەیاسایەک بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکات‌و ئێمە چاوەڕوانی وەزارەتین.

سەلاح کاکۆ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ زانکۆ ئەهلییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە لە ئێستادا وەزارەت سەرقاڵی دارشتنەوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵایەو لەنێو ئەو یاسایەشدا خوێندنی ئەهلیی تێدایە، واتا یەک یاسا بۆ خوێندنی حکومیی‌و ئەهلیی دەردەچێت».

ئەگەر چی لە ئێستادا یاسایەک بۆ زانکۆ ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێنمایی هەیەو بەپێی ئەو ڕێنماییانە «لە وەزارەتەوە بەپێی پلانی وەرگرتن‌و هەڵسەنگاندنی زانکۆ ئەهلییەکە، بڕیار لەسەر ژمارەو لیستی ناوی قوتابییانی وەرگیراو دەدرێت‌و فەرمانی وەزاری بۆ ئەو مەبەستە دەردەچێت، هەروەک زانکۆ بۆی نییە بەبێ فەرمانی وەزاریی قوتابییان وەربگرێت، یان دەرگای دەوامکردن بکاتەوە».

هەروەها لە ڕێنماییەکاندا هاتووە: هیچ جۆرە لادانێک لە ڕێنمایی حکومەت لە هیچ زانکۆیەک قبووڵ ناکرێت، بە پێچەوانەوەشەوە سەرۆکایەتیی زانکۆ بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر دەرئەنجامەکان.

سەرەرای ئەم ڕێنماییانە لە ماوەی ڕابردوودا، چەندین کێشە لەنێوان زانکۆ ئەهلییەکان‌و وەزارەتدا ڕوویانداوەو بەشێک لەو زانکۆیانە بەپێی ڕێنماییەکان کاریان نەکردووە، بە تایبەتی زانکۆکانی (جیهان، ئیشق، شاهانەی بەریتانی) لە هەولێر.

لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٤دا، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی شاهانەی بەریتانی بۆ زانست‌و تەکنۆلۆژیا کە زانکۆیەکی ئەهلییەو لە ساڵی (٢٠٠٩) لە هەولێر دامەزراوە، لەوە ئاگادار کردەوە کە نابێت دەوام بکەن.

لەوبارەیەوە لە ڕوونکردنەوەیەکی وەزارەتدا، ئاماژە بەوە کراوە «کێشەکانی زانکۆی ناوبراو تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، بەهۆی پابەندنەبوونی ئیدارەی ئەو زانکۆیە بە یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتەوە، هەروەها پلانی وەرگرتنی ساڵانەی زانکۆی ناوبراو بە فەرمیی لای ئێمەوە پەسەند نەکراوە، بۆیە دەوامکردنی قوتابییانی قۆناغی یەکەم نایاساییەو پێچەوانەی یاساو ڕێنماییەکانە».

هەر لە ڕوونکردنەوەکەدا وەزارەت داوای لە قوتابییان‌و خوێندکاران کرد «تا یەکلاییکردنەوەی کێشەکان‌و دەرچوونی بڕیاری کۆتایی، دەوام نەکەن»، بە پێچەوانەوە قوتابییانی لە بەفیرۆدانی کات‌و پێدانی پارە بە زانکۆکە بەرپرسیار کرد.

لەو بارەیەوە سەلاح کاکۆ دەڵێت: «ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کێشەو گرفتمان لەگەڵ زانکۆ ئەهلییەکاندا هەیەو گرفتەکانیش بەهۆی پابەندنەبوونی بەشێکی ئەو زانکۆیانەیە بە ڕێنماییەکانی وەزارەت».

بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیش، پەرلەمانتارەکەی کوردستان، بوونی یاسایەک بۆ زانکۆ ئەهلییەکان بە گرنگ وەسفدەکات.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هاوڕایە لەگەڵ عەزیمە نەجمەدین‌و پێیوایە «دەرچوونی یاسایەک بۆ زانکۆی ئەهلیی زۆر پێویستەو گرفتەکان چارەسەر دەکات‌و کارەکان ڕێکدەخات».


زانکۆی شاهانەی بەریتانی

فۆتۆ: ئینتەرنێت

## د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی‌و لاوان بۆ ڕۆژنامە:

# زۆرکەس هەبوون توانایان لەو کەسانە باشتر بووە، کە خەڵاتیان وەرگرتووە

هەنگاو هاشم- هەولێر

**د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی‌ولاوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکی لەگەڵ «ڕۆژنامە» ئاماژە بەوە دەدات، بەشێک لە بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بە عەقڵیەتی حیزبی کار دەکەن، دەربارەی خەڵاتی لاویش کە لە هەفتەی ڕابردوو سازکرا، ناوبراو دەڵێت: زۆرکەس هەبوون لەو کەسانەی خەڵاتیان وەرگرت باشتربوون، بەڵام خەڵاتیان وەرنەگرت، هاوکات ڕاشیدەگەیەنێت داوامان کرد لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ خەڵاتکردنی ڕۆژنامەنووسی مێینە، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕەتیکردەوە.**



د.کاوە مەحمود

**ڕۆژنامە: بڕیاربوو لە ڕێگەی کەناڵێکەوە کە سەر بە حکومەت بێت، دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بگوازرێتەوە، دوای ئەوەی کە پەرلەمان ڕێگەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرت لە ڕوومالی دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەمە بەچی گەیشتەوە؟**

* لە ئێستادا دەمانەوێت سوود لە کارمەندانی کەناڵی نەورۆز وەربگرین بۆ کردنەوەی کەناڵێکی لەم جۆرە، ئەمەش تائێستا لە چوارچێوەی گفتوگۆکردندایە، تائێستاش کاتی دەستبەکاربوونی ئەم کەناڵە دیار نییە کە تایبەتە بە گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: لە ماوەی ڕابردوودا (١٨٧)ڕێکخراو کەمپەینێکیان پێکهێنا بە ناوی(نا بۆ قڕکردنی کلتور) کە پێیان وابوو دراما بیانییەکان ئامانج لێی سڕینەوەی هزری نەتەوەییە، ئێوە وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیریی تا چەند بەدواداچوونتان کردووە بۆ ئەم مەبەستە؟**

*یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەتەکەمان پشتگیریکردنی کەلتووری ڕەسەنە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ واقیعێک دەکەین کە واقیعی جیهانی ئەمڕۆیە، کە سەرجەم پارچەکانی جیهانی لێک نزیک کردووەتەوە، بە عەقڵیەتی کۆنترۆڵکردن کار لەگەڵ ئەم نزیکبوونەوەیە ناکەین، لە جیهاندا هیچ کەلتوورێک نییە پاک بێت‌و کاریگەری کەلتوورێکی تری لەسەر نەبێت، گرنگیشە بە عەقڵیەتی کارەوە کلتورەکان وەربگرین، بەڵام ئەگەر بۆنی دەمارگیری لێبێت‌و لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ نەگونجێت‌و پێچەوانەی دەستووری عیراق بێت، لایەنی تر هەیە لێپرسینەوەی لێبکات، هەروەها ئەو هۆکارانەی هەوڵی شێواندنی ڕەسەنایەتی دەدات، کاتییە.

**ڕۆژنامە: دەربارەی خەڵاتی لاو، کە ساڵانە ئەنجامی دەدەن، لە ئەمساڵیشدا نارەزایی لێکەوتەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەشدار نەبووە لەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە بۆ خەڵاتکردنەکان‌و ئاگاداری ئەو کەسە نەبوون کە خەڵاتی پێدراوە لە بواری ڕۆژنامەنووسی، بۆچی؟**

*ئێمە لیژنەمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی لاوانەوە دانا بۆ خەڵاتکردنی لاوان لە بوارەکاندا، داواشمان کرد لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ ئەم مەبەستە، تەنانەت بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە مێینەن، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی نەبوو پێیوتین ئەمە بە ئێمە ناکرێت‌و ئێمە ناتوانین ناوەکانتان پێبدەین، لەگەڵ ئەوە بوون چالاکییەکە نەکرێت، چونکە نارەزایی لێدەکەوێتەوە، زۆر کەسیش هەبووە توانای لەو کەسانە باشتر بووە کە خەڵاتیان وەرگرتووە، بەڵام ناوی خۆی پێشکەش بە وەزارەت نەکردووە، بۆیە پێدانی خەڵاتیش مانای وا نییە کە ئەو کەسەی ڕێزی لێنرا واتا لە هەموو کەس باشتر بووە.

**ڕۆژنامە: بەڕێوەبەرێتییە ڕۆشنبیرییەکان مۆرکی حیزبیان پێوە دیار نییە؟**

* تائێستا مۆرکی حیزبایەتی لەسەر بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان ماوەو، بەشێک لە بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریش بەم عەقڵیەتە کار دەکەن، لەمەشدا دووئیدارەیی کاریگەریی هەبووە.

**ڕۆژنامە: لە کابینەی ڕابردوودا چەند فەرهەنگخانەیەک کرانەوە، دواتر هەندێکیان بودجەیان بڕاو داخران، هۆکاری چی بوو؟**

* ئەو فەرهەنگخانانەی کە لەپێشوودا کرانەوە، ئێمە لەم کابینەیە ڕێکمانخستوونەتەوە، بەخشینمان بۆ دابینکردوون، ئەم فەرهەنگخانانە وەکو سەنتەرێکی ڕۆشنبیری لاوان وایە، وەکو دەزگای حکومی مامەڵەیان لەگەڵ ناکەین، بەڵام پەیوەندییان بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و وەرزش‌و لاوانەوە هەیە، بەڵام هەندێک فەرهەنگخانە هەبوون ڕادیۆو دەزگای ڕاگەیاندنیان هەبووە، ئێمەش ئەمەمان نەویستووە، بۆیە ڕێکمانخستوون‌و داخراون، لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکەشمان منحەمان پێداون.

**ڕۆژنامە: بە بڕوای ئێوە هۆکاری داخستنی کەناڵی نەورۆز چییە، کارمەندەکانی چۆن دەوام دەکەن؟**

* پێشتر ڕادیۆو تەلەفزیۆنمان هەبوو وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیریی، دواتر حکومەت بڕیاریدا تەلەفزیۆنی نەورۆز بکات بە تەلەفزیۆنێکی پەروەردەیی، لەسەر ئەم بنەمایەش تەلەفزیۆنی نەورۆزمان داخست‌و مافی کارمەندەکانیشی وەکو کارمەند پارێزراوە، تائێستاش ئەم تەلەفزیۆنە پەروەردەییە نەکراوەتەوە، چونکە بودجەو کاتی زۆری دەوێت، بەڵام تائێستا ڕادیۆی نەورۆز سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەو پێشنیازی حکومەتیش بۆ ئەم ڕادیۆیانەی کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانە ئەوەیە، بخرێنە سەر ئیدارەی ئەنجومەنی پارێزگاکە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم بیرۆکەیە جێبەجێنەکراوە.

**ڕۆژنامە: دەربارەی ڕێکخستنی سەنتەرو ڕێکخراوەکان ڕێکخستننتان کرد، لەسەر چ پێوەرێک بوو ئەم ڕێکخستنە، بۆچی منحەی هەندێکیانتان بڕی، تا چەند وەزارەتی ڕۆشنبیریی بووە لێکجیاکەرەوەی کاری باش‌و خراپی بواری ڕۆشنبیریی؟**

* ئەو سەنتەرەی کارانییە ناکرێت ئێمە بودجەی بۆ خەرج بکەین، سەنتەریش نییە بەهۆی حیزبایەتییەوە بودجەی پێبدەین، هەندێک کار هەیە لەگەڵ ڕەسەنایەتی ناگونجێت، بەڵام کاری ئێمە نییە ببین بە فلتەر، هەندێک کاریش هەیە لە دەرەوەی پشتگیریی حکومەت دەکرێت، کاری زۆرباشە.

## بەرهەمهێنانی

# نەوتی (ناوخۆ)ش نرخی سووتەمەنی هەرزان نەکرد

شارا عەبدولڕەحمان

هەرچەندە ماوەی سێ مانگە نەوتی کوردستان لە ناوخۆدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام نرخی نەوتی حکومیی بۆ هاوڵاتییان کەم نەکراوەتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش لە بازاڕی ڕەشدا نرخی سووتەمەنی لە بەرزبوونەوەدایە.

لە ئێستا نرخی دیاریکراوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ (نەوت ٤٠ هەزار بۆ هەر بەرمیلێک، بۆ بەنزین لیترێک ٥٠٠ دینار، ١ بوتڵ غاز ٧ هەزار، یەک لیتر گاز ٤٥٠ دینار)، ئەمەش بە لای هاوڵاتییانەوە نرخێکی زۆرەو پێویست ناکات نرخی حکومیی بەو جۆرە بەرزبێت، لە کاتێکدا کە لە ئێستادا نەوتی پاڵیوراوی ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت.

جەمال عەلی، لێپرسراوی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو نرخەی کە ئێستا ئێمە سووتەمەنی پێ دەفرۆشین بە هاوڵاتییان، نرخی فەرمیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە بە نووسراوی ژمارە (٧٣٦٦) لە (١٠/٤)دا، کە سەرجەم هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

سەبارەت بە زۆریی ئەو نرخەش، کە وەزارەتی سامانە سروستییەکان دیاریکردووە، جەمال عەلی، وتی: «ئەو نرخە حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی فیدراڵ بە ڕێککەوتن دایاناوەو دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمەی تێدا نییە، ئێمە تەنیا جێبەجێکارین، حکومەتی هەرێم بەپێی نەخشەو پلان بڕیاریان لەسەر ئەو نرخە داوە.

لە بارەی سەرچاوەی ئەو سووتەمەنییەش، کە لە هەرێم دەدرێت بە هاوڵاتییان، لێپرسراوی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانی بۆ ڕۆژنامە وتی: «نەوت‌و گازو بەنزین لە کەرکوکو بێجیەوە بۆمان دێت».

لەلایەکی ترەوە، عەلی حەسەن بەلو، ڕاوێژکار لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکیدا بە سایتی سبەی ڕاگەیاندووە؛ کە لە پاڵاوتگەی خەبات لە هەولێر ڕۆژانە (٤٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەپاڵێوێت، لەو ڕێژەیەش (٢٥٪)ی بەنزین‌و (٤٠٪)ی نەوتی ڕەش‌و (٣٠٪)ی گازو بەرهەمەکانی تر بەرهەم دەهێنێت.



تاکەی هاوڵاتییان بە هەرزان سووتەمەنییان دەستناکەوێت؟

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش، جگە لە پاڵێوگەی خەبات، پاڵاوتگەی بازیان توانای (٢٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەیە لە ڕۆژێکدا، هاوکات پاڵاوگەی بچووکی زاخۆش، توانای پاڵاوتنی نزیکەی (٦) هەزار بەمیل نەوتی خاوی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام بەرهەمهێنانی سەرجەم ئەم سووتەمەنیانە نرخی نەوتی لە ناوخۆدا دانەبەزاندووە.

لەو بارەیەشەوە جەمال عەلی، ڕایگەیاند: «ڕاستە لە (١٠/١٢)وە نەوتی ناوخۆشمان بۆ دێت، ئەویش هاوکارییەکە کە لەگەڵ نەوتەکەی تردا دابەشی بکەین بەسەر خەڵکدا، بەڵام بە هەمان نرخ».

لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان نرخی سووتەمەنی حکومیی لە هەرێمدا بە زۆر دەزانێت‌و بە دوای ئالیەتێکی نوێدا دەگەڕێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو نرخە.

سەردار ڕەشید، ئەندامی ئەو لیژنە پەرلەمانییە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە چەند جارێک بەدواداچوونمان بۆ ئەو نرخە کردووە، کە سووتەمەنی پێ دەدرێتە هاوڵاتییان، لەبەر ئەوەی بە زۆری دەزانین، بەڵام پێمانڕاگەیەنراوە؛ کە هۆکاری ئەو نرخە هاتنی سووتەمەنییەکەیە لە دەرەوەی هەرێم، هەر بۆیە بە نیازین لە هەفتەی ئایندەوە کۆبوونەوە لەگەڕ بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک، چونکە زۆریی ئەو نرخە بێزارییەکی زۆری هاوڵاتییانی لێ کەوتووتەوە، بۆ چارەسەری ئەوەش پێویستە حکومەت بۆ خۆی کار بکات بۆ دابینکردنی بەرهەمە سووتەمەنییەکان، بە جۆرێک کە نرخی بەرمیلێک نەوت لە (٢٥) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

## هاوڵاتییەک داوای ٣ چرکە بینین لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

**بۆ بەڕێز**
**کاک نێچیرڤان بارزانی، تەنیا سێ چرکە لە کاتەکانت**

سڵاوێکی دادپەروەرانە، پیرۆزباییەکی گەرم بە هەڵبژاردنی بەڕێزت وەک جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق

بەڕێز زۆر گەشبینم بە وتاری بەڕێزت، کە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێننەوە.

وێنەی کێشەکەم هەیە لای بەڕێز د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی کاک مەسعود بارزانی، لە ٢٠٠٥/٤/٢٦.

بەڕێزم من کێشەیەکم هەیە لەگەڵ هەندێک دادوەرو دادگای سلێمانی لە ٢٠٠٢/٥/١١، بەهۆی واژۆی تەزویری کاک عومەر ئەحمەدو ئیفادەی ناڕاستی کاک عومەر، دژ بە بڕیاری دەستەی گشتیی ٢٠٠٥/١٢/٣٠ (شکوی علی حکام)و شاردنەوەی دۆسییەی تەزویری ٨٢٣/ج/٢٠٠٢ کاتێک ئاسایش لە ٢٠٠٩/١٢/٢٥ داوای کردبوو، وە بەڕێز لە ٢٠١٠/٥/١٩ بەپێی یاساو مافی خۆم سکاڵام ئاراستەی جەنابی وەزیر کردووە لە لایەن شوعبەی یاسایی، بەڵێنی مواجەهەی وەزیرم پێ دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دادوەران برایەتی خۆیان لا پیرۆزترە لە سەروەریی یاساو مافی هاوڵاتییان، بێ وەڵام ماوەتەوە.

بەڕێز داواکارم، لە لایەن بەڕێزتەوە تەنیا سێ چرکە لە کاتە بەنرخەکانت ببەخشیت بە من وەک مامۆستایەک، کە کێشەکەم بە (٢٢٠) لاپەڕە پێشکەش بە بەڕێزت بکەم، کە یاسا سەروەر نییەو وتەکانی کاک عومەر ئەحمەد، ڕاست بێت یان نا، سەروەرە.

به هیوای وەڵام

بەڕێز هیوادارم ئەم کێشەیە نەگاتە دادگای دەستووری مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی‌و کتێب دەربکەم بە تراژیدیایەکی زۆر لەسەر گەندەڵیی دادگاو ئیمزای تەزویری دادوەر.

**لەگەڵ ڕێزمدا**
**کەریم عارف سلێمان**
**قوتابخانەی دێرینی بنەڕەتی/ سلێمانی**

کەلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵاتو سامانو خزمایەتی 20

## د.هەڤاڵ ئەبوبەکر:

# ئیرادەی بەحیزبیکردنی دامودەزگاکان، زانکۆکانیشی پەکخستووە

سازدانی: ئەکرەم تۆفیق

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر؛ مامۆستای راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی لەم دیدارەی رۆژنامەدا باس لەوە دەکات: زانکۆکانی کوردستان پەراوێز نەخراون، بەڵام زۆرجار ئەو ئیرادە سیاسییە حیزبییەی کە دەیەوێت هەموو دامودەزگاکان بەحیزبیی بکات، حکومەتیشی پەکخستووە، نەک تەنیا زانکۆکان.**



**رۆژنامە: رەوشی زانست لە زانکۆکانی هەرێمدا چۆن دەبینیت؟**

* بەهێزترین بنەما کە زانکۆکانی لەسەر بینادەکرێت، بنەما زانستییەکانن، لە کوردستاندا لەبەر ئەوەی زانکۆکان بوون بە بەشێک لە دامودەزگا گشتییەکانی ئۆتۆنۆمی، زانکۆی ئێستاشی لەسەر بێت وەکو پێویست نییە، هەرچەندە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەوڵی هەیە بۆ ئەوەی جۆرێک لە ئازادیی زانکۆییو ئازادیی خوێندنو جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی پەیڕەو بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەمانە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە وەک بەشێک لە پێکهاتە ئیدارییو سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی تری لێهاتووە، واتە لە دامودەزگاکانی تردا بارودۆخەکان چۆن دەگوزەرێن، بەشێک لەوانە هاتوونەتە ناو زانکۆو زانکۆش بووە بە گوزارشتکەر لە بەشێکی تر کە لەوانەی لە دەرەوە هەن، بەو مانایەی گرفتەکانی دەرەوە لەناو زانکۆدا رەنگی پێدراوەتەوە.

رەوشـــی زانســت لــە کـۆلـێـژێـک بۆ کۆلێژێکی دیکە، لە بەشێک بۆ بەشێکی دیکە، لەناو خوێندکارانی بەشێکی تایبەتدا جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە ئەو تێگەیشتنەمان هەبێت کە زانکۆ کۆکەرەوەی بنەما تیۆرییەکانە بۆ خوێندکارو بەرهەمهێنانی خوێندکارێکە بتوانێت ئەو داتاو زانیارییو بەرنامانە لە ژیانی پراکتیکیدا بەکاربهێنێت، بەڵام ئەم لایەنە لە زانکۆکانی ئێمەدا لە ئاستی مەعریفیدا ماونەتەوەو نەپەڕیونەتەوە بۆ ئاستی پراکتیزەکردنو ئاستی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن، تەنیا ئەوەیە شتەکان دەزانرێـتو دەوترێت، ئەم زانینە کایەیەکی بەکارهێنانیان بۆ نـادۆزرێـتـەوە، چونکە بەشی دووەمو سێیەمی زانکۆ توێژینەوەی زانستییە، کە تائێستا وەکو پێویست بایەخی پێ نادرێت، مامۆستایانو توێژەرانو خوێندکارانی زانکۆ لە ئاست پێویستیی خۆیدا بەقەد خوێندنەکە بایەخیان بە لایەنی توێژینەوە نـەداوە، لەگەڵ ئەمەو کۆمەڵێک گرفتی زۆر لەوانە: (نەبوونی تاقیگەی پێویست، شوێنی پێویست، کادیری پێویست...) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کۆلێژو بەشمان هەیە لە ئاستی زانکۆکانی دەرەوەدان.

**رۆژنامە: مامۆستایانو کادیرانی زانکۆ لەنێوان پرۆگرامی حیزبو پرۆگرامی خوێندنی باڵادا کامیان پەیڕەو دەکەن؟**

* باکگراوندی ئایدیۆلۆژییو حیزبیی هەر مامۆستایەک شتێکی سروشتییە، بەڵام ناکرێت ئەمە کار بکاتە سەر پرۆگرامی خـوێـنـدنو پـرۆسـەی تاقیکردنەوەو جیاکارییکردن لەنێوان خوێندکاراندا، ناکرێت ئەمە بە ئیمتیاز سەیر بکرێتو ببێتە مایەی بەها بەخشین بە هەندێکو لێسەندنەوەی لە هەندێکی تر، مامۆستا؛ کائینێکی ناو کۆمەڵگەیەو ئازادە لە هەڵگرتنی هەر بیرو بـاوەڕو رێبازێکی سیاسیی، بەڵام سیستمی زانکۆو ئەکادیمییەکانی رێگە بەوە نادات کە بیروبۆچوونەکانی خۆیان تێکەڵ بە (پرۆگرامی خوێندن، بنەما زانستییەکان، وانەکان، سیستمی تاقیکردنەوە، نمرە دانان، توێژینەوەکان) بکەن، ئەگەر ئەمە نەکرێت، زانکۆ مانای خۆی لەدەست دەداتو لە دامەزراوەیەکی زانستییەوە دەبێت بە دامەزراوەیەکی حیزبیی، دامـەزراوە حیزبییەکانیش ئیش لەسەر کائینێک دەکەن کە بەردەوام بەڵێ، بۆ سەرکردەکان بکاتو نەخێر، بۆ ئەو ئیرادەیە بکات کەوا سەرکردەکان رێنمایيان دەکـەن، کائینێک دروسـت ناکات توانای پۆلێنکردنو شیکردنەوەو بڕیاردانو قسە لەسەرکردنی هەبێت، کە ئیشی سەرەکیی زانکۆ دروستکردنی ئەم جۆرە کائینەیە کە بتوانێت بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی هەبێت، گومانی زانستییانەو لێکۆڵینەوەو کنەکردنو پشکنینو توێژینەوەی بەدوای شتەکاندا هەبێت.

**رۆژنامە: زۆرجار باس لەوە دەکرێـت داهێنانەکان لە دەرەوەی زانکۆن؟**

* دەبێت ئێمە واتا بە داهێنان ببەخشینو بزانین بە چ چەمکێک بەکاریدەهێنین، دیـارە ئەگەر بە کـۆی سیستمەکەو بە رێژە وەریبگرین، ئەمە راستە. بەڵام لەناو زانکۆش داهێنانی گەورە دەکرێت، ئێمە ئامادەییەکی گەورەمان لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئێرەو ناوچەکەشدا هەیەو بەشدارییەکی گەورەمان لەو پەیڕەوانەدا هەیە کە بۆ ئەمە دەکرێت، بەڵام ئەگەر بڵێی ژمارەی ئەو جۆرانە چەندن دەڵێم کەمن.

ئێستا لەڕێی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە خۆشبەختانە پەیڕەوێک پیادە دەکرێت، بە ئومێدی ئـەوەی مامۆستا بتوانێت کارلێککردنی لەگەڵ بکاتو ئەو ئەنجامە بەو ئاکارەدا ببات لایەنی کەم داهێنان بگەرێتەوە ناو ناوەندە زانکۆییەکان، پێویستە زانکۆ بە کۆمەڵگەوە ببەسترێتەوەو دابرانی زانکۆ لە کۆمەڵگەو بە پێچەوانەوە کۆمەڵگە لە زانکۆ، زانکۆکان دوا دەخات، چونکە لێکۆڵینەوە لەسەر شتێک دەکەین هیچ سوودێکی بۆ کۆمەڵگەکەمان نابێت لە شتێکی تیۆریی دەکۆڵینەوە لە بـواری پراکتیزەبوونیدا پێچەوانەبووەکەی دەست دەکەوێت.

**رۆژنامە: بەرای ئێوە، حکومەت تا چەند گرنگیی بە زانکۆکان دەدات؟**

* زانکۆکان پەراوێز نەخراون، بەڵام زۆرجار ئەو ئیرادە سیاسییە حیزبییەیە کە دەیەوێت هەموو دامودەزگاکان بە حیزبیی بکات، ئەمە حکومەتیشی پەکخستووە، نەک تەنیا زانکۆکان. دەبینین زۆر جار حکومەتو سەرۆکایەتیی حکومەت، هاوارییانە لە دەستێوەردانی حیزبیی، جا ئەگەر حکومەت بەم کێشەیەوە بناڵێنێت، بە دڵنیاییەوە زانکۆکانیش دەناڵێنن بە دەست ئـەم کێشەیەوە، بـەڵام ئـەوەی جێگەی مەترسییە لە زانکۆکانی کوردستاندا، ئەوەیە کە هەندێک لە مامۆستایانو کادیرانی زانکۆ دەستی حیزبییان راکێشاوە بۆ ناو زانکۆ.

بە بـــڕوای؛ من دەکـرێـت وەزارەتـــی خوێندنی باڵا نەبێتو زانکۆکان سەر بە ئەنجومەنی وەزیـران بن، وەک لە زۆر وڵاتاندا هەیە، پێویستە زانکۆ مەرجەعیەتی هەبێت بۆ ئـەوەی شتەکان بە زانستیی بڕوات، بۆ ئەوەی پێوانە بکرێنو ئامرازی پێوانەکردنیان هەبێت.

بە بڕوای من؛ نەمانی بنەمای زانستیی لە هەر پرۆژەیەکدا، کۆمەڵگە تووشی ماندووبوونو بەهەدەردانی سـەروەتو سامانی گشتیی دەکات، تووشی لاوازبوونو بێ متمانەبوونی ئەندامەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر ناوەندە زانستییەکان دەکات.

**رۆژنـامـە، چـۆن دەتوانین ئاستی زانستیی زانکۆکان بەرز بکەینەوە؟**

* کادیرە زانستییەکان دەبێت پێش حکومەت ئـیـرادەی خـودی خـۆیـان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی خۆیان هەبێت، چونکە ئەمە پرۆسەیەکە لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگە دەستپێدەکات، لە هاوڵاتییەوە لە قۆناغی یەکەمدا دەستپێدەکات، بۆیە دەبێت داوا لە مامۆستایانو توێژەرو خوێندکاران بکەین کە ئاستی زانستیی خـۆیـان بـەرز بکـەنـەوەو سـەرچـاوەی زانیارییەکانیان دەوڵەمەند بکەنو زانیاریی تەنیا لە یەک سـەرچـاوەوە وەرنەگرنو پێویستە زمانە زانستییەکانیان فراوان بکەنو دەستوپەنجەکانیان لەگەڵ کتێبو پێگە ئەنتەرنێتییەکانی ناوەندە زانکۆییەکانی دەرەوەو ناوچەکەدا بەهێز بکەن، پێویستە ئەدای تێگەشتنی زانستییان ببنە ئاستێک کە ئێستا لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان رێبەریی دەکرێت، پێویستە حکومەت رۆڵێک ببینێت کە ئۆتۆنۆمی زانکۆ بە زانکۆکان ببەخشێت.

حکومەت، پێویستە دەستێوەردانی حیزبیی کـەم بکاتەوەو لەسەر بنەماو پێوەرو بەهانەی زانستیی خوێندکارەکان بۆ خوێندنی باڵا وەربگیرێتو مامۆستاکان پلەی زانستییان بەرز بکرێتەوە لەسەر بنەماو پێوەری زانستیی، نەک بنەماو پێوەرە حیزبییەکان، ئەو کاتە حکومەتیش دەتوانێت ئەو وزانەی لە زانکۆدا هەنو ئەو توانستە زانستییانەیان کە هەن، بیانکەن بە توانستی ئەکادیمیی، کایەیان بۆ بدۆزرێتەوەو زەمینەیان بۆ بسازێنو بایەخ بە ئەوانەیان بدرێت کە دەتوانن ئاستی زانستیی زانکۆکان بەرەوپێش بەرن.

**هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن**
**ساڵی ١٩٧١ لەدایک بووە.**
**ماستەری لە ئەدەبو راگەیاندندا بەدەستهێناوە.**
**ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان بواردا بەدەستهێناوە.**
**ئێستا مامۆستایە لە بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.**

# لە پەیمانگەکان دابەزاندنی بەشەکانیش بە واستەیە

راپۆرتی: ئاریان حەسەن

بەشێک لە خوێندکارانی پەیمانگەکان، لـەپـاش ئـــەوەی نـمـرەی کۆتایی خوێندکارانی (١٢)ی ئامادەیی دەرچوو، بەهۆی ئەوەی بەشەکانیان بە دڵی خۆیان نییە، بەشەکانیان دادەبەزێنن، بەڵام ئەمە تەنیا بەو خوێندکارانە دەکرێت، کە واستەیان هەیە.

خوێندکارێکی پەیمانگەی دووکان، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بۆ رۆژنامە وتـی: «مـنو هاوڕێیەکم نـاومـان لە بەشی ژمێریاریی پەیمانگەی دووکان هاتبووەوە، بەڵام هاوڕێیەکەم بە هۆی ئـەوەی واستەی هەبوو توانی نەقڵی بکاتەوە بۆ پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی هەر بۆ بەشی ژمێریاریش، بەڵام من کە دەمویست ئەگەر نەقڵیشم بۆ نەکەن، دایبەزێنم بۆ بەشێکی نزمتر لەوەی خۆم، بەس بچمەوە سلێمانی، بەڵام کە چووم داوای دابەزاندن بکەم، یەکێک لە مامۆستاکانی بەشی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی دووکان، وتی: بە فەرمانی وەزارەتو دەستە ئیش دەکەین، ئەوان دەڵێن بە هیچ شێوەیەک دابەزاندن نییە بۆ سلێمانی».

بە وتەی ئەو خوێندکارە، مامۆستاکەی بەشی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی دووکان جگە لەوەی داواکەی رەتکردووەتەوە، لە هەمانکاتدا خوێندکارەکەشی ئاگادار کردووەتەوە، کە بە واستە دەتوانێت خۆی بگوازێتەوە بۆ پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی.



واستەو واستەکاریی هەموو شوێنەکانی گرتووەتەوە — فۆتۆ: رۆژنامە

خوێندکارێکی تر لە پەیمانگەی دەربەندیخان دەڵێت: مامۆستاکانمان پێمان دەڵێن: بە فەرمانی وەزارەتو دەستەی تەکنیکییەکان بە هیچ جۆرێک دابەزاندن نییە بۆ سلێمانی، لەبەر ئەوەی ئێوە خوێندکارانی ئێوارانن، بەڵام بە بەرچاوی خۆمانەوە دەبینین چەند خوێندکارێک هەیە دابەزاندنی کردووە بۆ سلێمانیو ئێستا لە سلێمانی دەوام دەکەن.

هەر ئەو خوێندکارە باسی لەوەشکرد؛ کە چـووە بۆ دەستەی تەکنیکییەکان لە سلێمانی بە مەبەستی دابەزاندنی بەشەکەی، بەڵام پێیانوتووە؛ ناتوانی دایبەزێنی بۆ سلێمانی، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند خوێندکارێکی لێبووە، کە وەک ئەو ئێواران بوون، بەڵام بەشەکەیان دابەزاندووە.

خـوێـنـدکـارەکـەی پەیمانگەی دەربـەنـدیـخـان وتیشی: «لـە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی دەستەم پرسی؛ بۆ من ناتوانم بەشەکەم دابەزێنم؟، فەرمانبەرەکە بەبێ پەردە وتی: «ئەوانە واستەی گەورەیان هەیە، تۆش تێبگە کە لە هەر شوێنێ پێیان وتی ناکرێت، یان نابێت، ئەوا بزانە ئەو کەسە پێتدەڵێت، بڕۆ واستەیەک بدۆزەرەوە».

ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا ژمـارەیـەکـی زۆر پەیمانگەو زانکۆ لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، بـەڵام زۆری دەرچـووانـی شەشەمی ئامادەیی وایکردووە، فشارێکی زۆر بکەوێتە سـەر وەزارەتـــی خوێندنی باڵا بۆ جێکردنەوەیان، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیی خوێندکارانە نەبوونی دادپـەروەریـیو بوونی واستەیە لە کاروبارەکاندا.

مـامـۆسـتـا رۆسـتـەم عـیـزەت، بەڕێوەبەری دەستە تەکنیکییەکان لە سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دابەزاندنی خوێندکاران لە پەیمانگەکانی دەرەوەی شار بۆ ناو شاری سلێمانی، تەنیا خوێندکارانی بەیانیان دەگرێتەوە.

ناوبراو سەبارەت بە دابەزاندنی بەشەکانی خوێندکارانی بەیانیانی دەرەوەی شار بۆ سلێمانی لە هەر بەشێک (١٠٪) خوێندکار وەردەگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی گرنگتر بێت، بەڵکو جێگەیان کەمە، بۆیە ئەو رێژەیە لە خوێندکارانی دەرەوە وەردەگـرن لە سـەروو ئەم بڕیارەوە کار بۆ هیچ خوێندکارێکی تر ناکرێت، مەگەر خوێندکارەکە حاڵەتی نەفسی تـەواو نەبێت، یان حاڵەتێکی تایبەتی هەبێت، یان ساڵی دووەمی بێتو گرێبەستی هاوسەرگیریی کردبێت».

# کۆنگرە، فریادڕەسی بزووتنەوەی گۆڕان



ئاری ئەبوبەکر

هەرچەندە لە ٢٠١٠/١١/١٥وە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیی‌و نافەرمییم بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەماوە، بەڵام مادام ئەم بزووتنەوەیە هێزێکی سیاسییەو لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کاردەکات، کەواتە هەموو لایەک بۆی هەیە خوێندنەوەو قسەی خۆی لەسەر خودی بزووتنەوەکە، هەڵوێستەکانی، یان هەیکەلی ڕێکخراوەیی بکات، ئەمەی ئێمەش هەر لەو روانگەیەوەیەو وەک کەسێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی بزووتنەوەکە، خوێندنەوەیەکی خودیی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین.

ئەو راستییەی پێویستە پێش هەر خوێندنەوەیەک بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بکرێت، درککردنە بە خەڵاتکردنی ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن دەوروبەری نیوملیۆن دەنگدەری کوردەوە، کە ئەمەش وادەکات ئەم بزووتنەوەیە، ببێتە ژمارەیەکی قورس‌و حساب بۆکراو، بەتایبەتیتر کە بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەر لە ژینگەی سیاسیی کوردستاندا تا رادەیەک کارێکی گەلێک سەختە، یان لانیکەم ئاسان نییە.

بەڵام پاش ئەوەی دەنگدەری کورد چاوپۆشی لە بزووتنەوەی گۆڕان، هەر لە بێسەروبەرەیی، بەسەریەکدا ترشان‌و ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی، تا دەگاتە نزیکایەتی‌و هەوڵی دروستکردنی کوتلەو کوتلەکاریی لەلایەن هەندێک لە هەڵسوڕینەرانییەوە کرد لە دوو هەڵبژاردنی رابـردوودا، پێم وانییە هەمان جەماوەرو دەنگدەر، چاوپۆشی لە بزووتنەوەکە بکات بۆ هەڵبژاردنی داهـاتـوو، چونکە ئـەگـەر سـەرەتـا کـات کەمبوو بۆ دروستکردنی هەیکەلی ڕێکخراوەیی پتەو بەشێوەیەک کە هەڵسوڕاوانی گۆڕان نەیاندەزانی دانانی کاندیدەکان‌و بڕیاری سیاسیی، بە چ میکانیزمێک دەدرێـن‌و ئامادەدەکرێن، ئەوا ئێستا دوای تێپەڕبوونی ســاڵ‌و نیوێک بەسەر لەدایکبوونی بزووتنەوەکەدا، چاوپۆشی ناکرێت‌و هــەوادارانــی گـۆڕان‌و ئەوانەی کە دەنگیان داوە بەم هێزە سیاسییە، مافی خۆیانە کە بزانن کێ بڕیاری سیاسیی گۆڕان دروستدەکات‌و چۆن‌و بە چ میکانیزمێک کاندیدەکان، سەرکردایەتی‌و بنکردایەتی دیاریدەکرێن، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نزیکە.

هەرچەندە من خۆم گومانم هەیە لەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان ئیرادەی بەستنی کۆنگرەی هەبێت، چونکە وا پێدەچێت، بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە نەخوازن بچنە کێبڕکێی هەڵبژاردن‌و بەردەم کێڕقی هەڵسەنگاندنی هەڵسوڕاوە ئاساییەکانی ناو بزووتنەوەکە، کە خۆی لە گەنجان‌و ئەو کەسە زەحمەتکێشانەدا دەبینێتەوە کە شەونخونی‌و بە سکێک تێرو بە دە برسی، بەرگەی هەڕەشەو نانبڕین (چونکە یەک مەسئول‌و سەرکردایەتیی ئێستای گۆڕان نییە کە نانی بڕابێت، بەڵکو تەنیا ئـەو خەڵکانە بـاری ئابووریی‌و ئاسایشی ژیانیان کەوتە خەتەرەوە، کە لە هەموو سەردەمێکدا سووتەمەنی شۆڕش‌و گۆڕانکارییە گەورەکان بوون)یان کرد، بەڵام تەنیا فـریـادڕەس‌و تاکە عەسای سیحری کە بتوانێت بزووتنەوەی گـۆڕان لە شکست‌و دارمـان، ساردبوونەوەی خەڵک‌و گومانکردن لێیان رزگار بکات، بەستنی کۆنگرەیە.

کۆنگرەیەک کە خۆی لە چەپڵەڕێزان‌و پیاهەڵدان بپارێزێت، کۆنگرەیەک کە جێدەستی ئـەو گەنجانە بکاتە خەرمانێک‌و تێکەڵاوی بکات بە رەوتی کاروانی بزووتنەوەکە، کۆنگرەیەک کە گوێ لەو رۆشنبیرو خوێنەوارانە بگرێت کە تەماعو مـادە نەیتوانی رێـڕەوی قەڵەمەکانیان بگۆڕێت، کۆنگرەیەک کە سەرکردایەتییە کۆنەکانی یەکێتی خۆیان ئارەزوومەندانە بێنە گۆو بڵێن: خەڵکینە ئێمە لەبەر قازانجی کۆمەڵگا حیزبەکەمان بەجێهێشت، بۆ نیشاندانی پاکی نییەتمان، ئەوا ئەم بزووتنەوە نوێیە تەسلیم بە گەنجان دەکەین، لەکوێدا پێویستییان پێمان بوو، ئێمە وەک سەربازێکی ون لە خزمەت رەوتی خزمەتکردن بە بزووتنەوەکەدا دەبین.

بزووتنەوەی گۆڕان، پێویستی بە کۆنگرەیەکە خۆیٔ بکاتە برینەکانی گـۆڕان‌و خـودی سەرکردەکانی‌و بڕیارە سیاسییە هەڵەکانی، میکانیزمی دانانی هەندێک کاندیدی، بخاتە بەر نەشتەری رەخنە، کۆنگرەیەک کە رچەشکێنی کۆنگرەی حیزبەکانی پێش خۆی‌و دوای خۆی بکات، پاشان گۆڕان بە سەرکردایەتییەکی پتەو و بە موئەسەساتیکردنی بڕیاری سیاسیی لێی بێتە دەرەوە، بۆ ئـەوەی هیچ نەبێت لە ئاست ناوەکەی خۆیاندا بن‌و «گۆڕان» لە خۆیاندا بکەن.

ئەمانە قسەی رۆمانسی نین، دەکرێت گۆڕان کۆنگرەیەک ببەستێت، ئەگەر سەد دەر سەد کار بەمەش نەکات، خۆ دەتوانێت کار بە نیوەی بـکـات، خـۆ دەکـرێـت کۆنگرەیەک ببەستێت لە حیزبەکانی تری گۆڕەپانی سیاسیی کـوردسـتـان‌و ناوچەکە جیاوازتر، هەرچەندە ئەمانە جورئەت‌و ئیرادەیان دەوێـت، لە خۆبوردوییان دەوێت، مرۆڤی خۆنەویستیان دەوێت، نایشارمەوە وەک خۆم بـڕوام بەوە نییە کە ئەو ئیرادەیە لە هەڵسوڕاوە سەرەکییەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا هەبێت، بـەڵام دەکـرێـت گەنجان، خوێنەوارەکان، رۆشنبیرانی ناو گۆڕان بێنە گۆو ملنەدەن بە دامرکاندنەوەیان‌و شۆڕشێکی سپی لـە نـاو خـودی بزووتنەوەکەدا دروستبکەن.

# یەکو یەکگرتوویی‌و برایەتی، بە زۆر ناسەپێنرێت!!



نەوزادی موهەندیس

ئاشکرایە هەموو پرۆسەیەکی یەکو یەکگرتن‌و لێکنزیکبوونەوەیەکی سیاسیی‌و ئـابـووریـی‌و تەنانەت کۆمەڵایەتیش، لەنێوان دوو حیزبی سیاسیی، یان دوو کوتلەو کۆمپانیای ئـابـووریـی‌و بـازرگـانـی، یـان دوو بنەماڵەش، لەسەر چەند بنەمایەک دەبـێـت کـە هـــەردوولا خواست‌و ویستیانەو بە رازیبوونی هەردوولاش ئەنجام دەدرێت، وەک گرێبەستێکی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیش، ئـەو کـات شەرعییەت‌و رەوایـی‌و رەسمیەت وەردەگرێت‌و دواتریش هــەردوولا رێز لەو هاوپەیمانییەو ئیمزایانەی خۆیان دەگرن‌و هەوڵی گەشەدان‌و پێشخستنیشی دەدەن.

ئـەو بنەمایانەش بریتین لە: وەک یـەکـی لـە ئـەرک‌و مـافـدا، رێزگرتنی یەکتری، مامەڵەی باشی یەکتر، پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی هەردوولاو...هتد. ئیدی بەم شێوەیە پرۆسەیەکی یەکو یەکگرتوویی‌و لێکنزیکبونەوەیەکی راســت‌و راستەقینە دادەمەزرێت‌و هەردوولاش هەمیشە لە هەوڵی قوڵکردنەوەو توندوتۆڵکردنەوەی ئەو گرێبەست‌و پەیوەندییانەن‌و پەرۆشی سەرکەوتن‌و درێژەپێدان‌و پێشخستنیدان کە لە بەرژەوەندیی هەردوولادا بێت.

ئـەوەی لەسەر زەمینی واقیعی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان‌و عێراقیش دەبینرێت‌و گوزەر دەکات، دەقاودەق پێچەوانەی ئەم پرەنسیپە گشتییانەی پەیوەندیی‌و دۆستایەتی‌و یەکگرتوویی‌و برایەتین لەنێوان کوتلەو لیست‌و پارتەسیاسییەکانداو بە تایبەتیش لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکاندا.

لـە پـەراوێـزی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا، لە ئەنجامی فشارو خۆبەزلزانین‌و مەرجەع‌و باڵادەستی‌و خۆسەپاندنی هەردوو حیزبی دەسـەڵاتـدارو بنەماڵەدا لە کوردستانداو هەمیشە ئامادەبوو بۆ سازشکردن لە عێراقداو ئەوەی کە نەیانتوانیوە لە کوردساتانداو بە هەڵبژاردن‌و دەنگدانی بێ فرت‌و فێڵ‌و تەزویرکردن وەدەستبێنن بەرامبەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەگشتی‌و بزووتنەوەی گـۆڕان بە تایبەتی، ئەوا لە هەوڵدان لە رێگەی فشارو رێککەوتنی نهێنییەوە، رێگە لە گەشەکردنی سیاسیی‌و جەماوەریی بزووتنەوەی گـۆڕان بگرن لەسەر ئاستی عـێـراق‌و گـەرەکـیـانـە بە پشتیوانی دوژمنانی کوردو بەناو دۆستەکانی خۆیان، گـۆڕان ناچار بکەن بۆ ملکەچی‌و سەردانەواندن لە ئاست دەسـەڵاتـی خۆسەپێن‌و گەندەڵی هەردوو بنەماڵەدا، ئەوان لە کوردستاندا کە ناتوانن گەمەی سیاسیی‌و هەڵبژاردن‌و دیموکراسیی‌و ئازادییەکان ببنەوە لە گۆڕان، چیدی پێویست ناکات پەنا ببەنە بەر پیلانی دوژمنانە لە عێراقدا بۆ کەنارخستن‌و پەراوێزخستنی گـۆڕان بۆ ئەوەی رۆڵی کاراو سروشتی خۆی بگێڕێت، لەسەر ئاستی هەموو عێراقیشدا لە رێگەی بێبەشکردن، یان پێنەدانی وەزارەتـێـک، یـان دەستکەوتی هەڵبژاردن کە مافی سەد لە سەدی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان خۆیەتی‌و پیاوەتی‌و سواڵکردن‌و پێبەخشینی هیچ کەس‌و لایەنێک نییە.

ئـەوان بـەهـەڵـەدا چـوون، گەر وابـزانـن گۆڕانیش وەکـو خۆیان لەپێناو بـەرژەوەنـدیـی تەسکی شەخسی‌و بنەماڵەو حیزبیداو لەپێناو وەرگرتنی پۆستێکی بەناو گەورەو سیادیی کاردەکەن، بەڵام ناوەڕۆک بەتاڵ، دەیان سازش دەکەن‌و لەسەر داواکاریی‌و مافە رەواکانی گەلەکەمان، ئەوان بۆ وەزارەتێک، یان سەفیرێک تەنانەت مودیر عامێکیش ئامادەن سازشی گـەورە لەسەر کەرکوک‌و مادەی (١٤٠)و هێزی پێشمەرگەو بودجەو نەوت‌و گاز بکەن.

بەڵام، بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆو هەڵقوڵاو لەناو جەرگەی پێداویستی‌و داوا رەواکانی نیوملیۆن کوردەوە، خـاوەن کـەرامـەت‌و قودسییەتی نیشتمانی‌و نەتەوایەتیی کوردانەی خـۆیـەتـی‌و خـاوەن پرەنسیپ‌و بەرنامەی سیاسیی روون‌و ئاشکرایە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان‌و بەرنامەیەکی روون‌و ئاشکرای هەیە بـۆ ململانێ سیاسییەکان، دوور لە ئەجێندای نهێنی‌و شاراوەو موخابەراتییەکان، لەگەڵ کەس‌و لایەن‌و پارت‌و سەرکردەو دەوڵەتاندا، هەوڵ‌و خەباتیشی لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسییەتی راستەقینەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و بنەبڕکردنی گەندەڵی‌و پیادەکردنی شەفافیەت‌و رێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ‌و سەروەرکردنی یاساو نەهێشتنی هەژموونی حیزب‌و سـەرکـردەو بنەماڵەیە بەسەر دامودەزگا حکومیەکانداو هەوڵدانێتی بۆ بەموئەسەساتکردنی سەرجەم جومگەکانی حکومەت‌و دەسەڵاتە لە کوردستان‌و عێراقیشدا.

جا گەر پارتی‌و یەکێتی بەراستی‌و راستگۆیانە پەرۆشی یەکڕیزیی کـوردن لـە بـەغـداو فرمێسکی تیمساحیی دەڕێـژن بۆ برایەتی کـورد، پێویست بە فـرت‌و فێڵ‌و فشار دروستکردن ناکات، بۆ سەر بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گەڕاندنەوەی بۆ ناو چواچێوەی لیستی فراکسیۆنی کوردستانیی، بەڵکو کورتترین رێگاو راسترینیشیان بریتییە لە: جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گۆڕان وەک لە پرۆژەی چاکسازییە سـیـاسـیـیـەکـەیـدا ئـاڕاسـتـەی سەرۆکایەتی هـەرێـم‌و حکومەتی کـــردووە کـە هیچیان داواکـــاری شەخسی‌و حیزبیی نین‌و هەمووانیان بـۆ جـوانـتـرکـردن‌و چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردەوارییە لەبەرچاو عـێـراق‌و دونـیـاو ناوچەکەشدا، بنەمایەکی توندوتۆڵیشە بۆ برایەتی راستەقینەو یـەکو یەکگرتوویی ریزەکانیش، هەروەهاش وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی رەسـەن‌و خـاوەن (٨٩ کورسی پەرلەمانی عێراق‌و لەئێستاشدا کە بووەتە چـوارەم لیستی بـراوەی هەڵبژاردنەکان، پێویست دەکات زیاتر رێزو تەقدیر بکرێت، نەک دوژمنایەتی، برایەتیش لەسەر بنەمای برا گەورەو بچووکی ناکرێت‌و بە زۆریش ناسەپێنرێت.

هەربۆیە گەر پارتی‌و یەکێتی گەرەکیانە چ لە کوردستان‌و چ لە عێراقیش یـەکو یەکگرتوویی ریـزەکـان‌و بـرایـەتـی راستەقینە هەبێت‌و رێزلێگیراویش بێت لە لایەن هـەمـووانـەوە، با دەستپێشخەری بکەن لە جێبەجێکردنی پـڕۆژەی چاکسازییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئیدارییەکان لە کوردستانداو دان بە مافی ئۆپۆزسیۆندا بنێن‌و رێز لە خەبات‌و رازو خیتابیان بگرن‌و هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسییەت‌و ئـازادیـیـەکـان بـدەن‌و شەفافانە بڕیارو رێککەوتنەکان‌و حکومەت بەڕێوەبەرن‌و هەوڵی جدیی بدەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی‌و پاوانخوازیی‌و قـۆرخـکـردنـی دەســـەڵات‌و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، گەر ئەم هەنگاوانە هەڵنەنێن، ئیدی چ مانایەک دەمێنێتەوە بۆ ئیدیعاکردنی برایەتی‌و یەکڕیزیی ناوخۆیی.

لە کۆتاییدا مـێـژوو میلەتیش گەواهی ئەو راستییە دەدەن کە کێ‌و چ لایەن‌و سەرکردەو پارتێک هەوڵی تێکدانی ریزەکانی گەلیان داوەو کێ‌و چ لایەن‌و سەرکردەو بزووتنەوەیەکیش پـەرۆش‌و خەمخۆری راستەقینەی ئێستاو ئایندەی نەوەکان‌و نەتەوەو خـاک‌و گەلی کـوردسـتـان بـووەو سازشی نـەکـردووە لەسەر مافە رەواکانی کوردایەتیی، زەمەنیش زامـنـی وەدەرخـسـتـنـی هـەمـوو راستییەکانە دوور بێت، یان نزیک.

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# ( ١٢/١٨)و چەند پرسیارێک لە دەسەڵات



شاڵاو مەحمود

ئـازادیـی، ئـازادیـی، ئـازادیـی... دروشمی ئەو کەسانە بوو کە رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨و رۆژانـی دوایی لە رێپێوانێکی جەماوەریی پڕ لەمانای بەرەنگاربوونەوەو تەسلیم نەبووندا، جارێکی تر سلێمانییان کـردەوە بە سەرچۆپیکێشی زەماوەندێکی تری بەرخۆدان‌و بەئەنجامدانی ئەم خۆپیشاندانە مۆڵەت بۆ وەرنەگیراوە، چەپکە گوڵێکی تریان خستەسەر خەرمانی دەستپێشخەرییەکانی مێژووی ئازایەتی‌و نیشتمانپەروەریی ئەم دەڤەرەو بـەکـردەوە شکستیان بەو یاسایە هێنا کە بەناوی رێکخستنی خۆپیشاندانەوە بۆ رێگرتن لەخۆپیشاندان دەرکرابوو، مرۆڤ تەرمی بێگیانی ئەو یاسایەی دەهاتە بەرچاو، کاتێک جەماوەر یەکدەنگ، هـاواری دەکرد (ئەگەر بشمانخەنە زیندان، مۆڵەت وەرناگرین لێتان).

ئازادیی‌و مافی مرۆڤ، نەوەک هەردوو شادەماری گرنگی دیموکراسییەتن، بەڵکو بەجۆرێک تێکەڵکێشکراون کە ئەگەر ئەم دووانەی لێدەربکەیت، دیموکراسییەت لە بەرمیلێکی بەتاڵ دەچێت کە جگە لەجێتەنگکردن لەماڵدا، هیچ سوودی لێنابینرێت، هەموو ئەوانەی بانگەشەی دیموکراسیبوون دەکەن، دەبێت بەرلەهەموو شتێک، ئازادیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان فەراهەم بکەن‌و رێز لە مافەکانیان بگرن لەو کاتانەی کە خۆیان لەدەسەڵاتدان، نەک تەنیا هەر لەکاتی ئۆپۆزسیۆنبووندا.

یەکێتی‌و پارتی کە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان بەدەستەوەیە، ئەگەر سەیری بەرنامەو دروشمەکانیان بکەیت، ئەوەندە خۆیان بەدیموکراسی دەزانـن کە لەو بـوارەدا کەس بەهاوشانی خۆیان نازانن، بەڵام لەبارودۆخێکی وەک ئەمڕۆدا، مافی خۆمانە پرسیار بکەین، ئاخۆ ئەوان چۆن لە دیموکراسییەت دەڕوانن‌و لەمەش زیاتر کەی ئەم بەشە لە دروشم‌و بەرنامەکەیان دەهێننەدەرو لەکاتێکدا لەهەرێمەکەی ژێر قەڵەمڕەوی ئەواندا، رۆژنامەکان دادەخرێن‌و غەرامە دەکرێن‌و رۆژنامەنووسانیش لەسەر نووسینەکانیان غەرامە دەکرێن‌و دەگیرێن‌و هەندێکجاریش زۆر دڕندانە شەهید دەکرێن؟ ئەمانەو دەیان کاری نادیموکراسی کە دوایەمینیان تێپەڕاندنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانەکانە، لەڕاستیدا یاسەکە بۆ رێگرتنە لەخۆپیشاندانەکان.

بەپێی ئەم یاسایە، هەر کەسێک بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت خۆپیشاندان بکات، دەبێت ٤٨ سەعات پێش ئەوکاتە، مۆڵەت لە بەرپرسانی ئەوشوێنە وەربگرێت‌و ئەمەش مانای ئەنجامنەدانیەتی، چونکە ئـەوان لە رابردوودا، دەیان خۆپیشاندانی هێمنانەیان بەفیشەک بڵاوە پێکردووە کە بۆ داواکاریی زۆر سەرەتایی رێکخراون، ئیتر چۆن سبەینێ مۆڵەت دەدەن کە ئێمەی هاوڵاتی بچینە بەردەمیان‌و هـاوار بکەین‌و بڵێین، لەکورسییەکانتان وەرنەخوارەوە، یان هەرشتێک کە لە بەرژەوەندیی ئەوان نەبێت، لەئێستاوە هیچ گومانمان نییە کە بۆ رێگرتن لێمان، لەئێستاوە دەیان بەهانەی لەقوتونراویان ئامادەکردووە.


دەسـەڵاتـداران، بۆ سەپاندنی یاساکەیان، چەند ترسێکیان بەخەڵک پیشانداوە، وەک غەرامەکردن‌و بەندکردن، دیارە دەسەڵاتبەدەستانی هەرێم، بیریان چووەتەوە کە ئەم میللەتە بۆ گەیشتن بە ئازادیی، بەهەموو سزایەک ئاشنابووەو لەهیچ قوربانیدانێک سڵی نەکردووەتەوە، ئەم میللەتە بەچاوی خۆی دووکەڵی خانوو، باخی سووتاوی خۆی بینیوەو پـارەی ئەو فیشەکانەی لێسەنراوەتەوە کە براو کەسوکاری پێ گوللەباران کـراوەو خۆی پەتی سێدارەی بەهوتاف کێشانەوە کردووەتە ملی‌و ئەمڕۆش بەهیچ جۆرێک دەستبەرداری ئازادییەکانی نابێت‌و بەهیچ نرخێک نایگۆڕێتەوە. لێرەوە دەمەوێت چەند پرسیارێک لە دەسەڵاتداران بکەم:

ئەم یاسایە بۆچی لەئێستادا، ئایا لەبەرئەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دروست بـووەو دەزانـن خەڵک لێتان بێزارەو لەکورسییەکانتان دەترسن؟ پێتان وا نییە کە رێگرتن لەخەڵک، لەوەی بەشێوازی مەدەنییانە ناڕەزایی‌و داواکارییەکانی دەربڕێت، دواجار ئەم ناڕەزاییانە لەدەروونی خەڵکدا پەنگدەخۆنەوەو بەشێوەی توندوتیژ دەتەقنەوەو ئەوسا بارودۆخەکە بەکەس کۆنترۆڵ ناکرێت؟

وەڵامی ناڕەزایی خەڵک، بەهەوڵدان بۆ دەم داخستنیان بە یاسایەک دەبێت، یان بەگوێلێگرتنیان‌و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان؟ ئەو غەرامەیەی لێمانی دەسێنن، دەچێتە سەر کام ژمارەی بانکی، ئەویش وەک ئابوونەی پێشمەرگە، خەڵاتی بەرپرسان دەکرێت، یان وەک پارەی فرۆشراوی نەوت، بەناڕۆشنیی دەمێنێتەوە؟ دواجار ئێوە کە دەبێت لەئایندەدا ٧٥٪ی خەڵکی ئەم هەرێمە بەند بکەن، پێمان بڵێن، لەکوێ بەندمان دەکەن‌و ژمارەی ئەو بەندیخانانە چەندن‌و لەکوێن، ئایا UN پێمان دەزانێت، یان وەک بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ، کەس نامان دۆزێتەوە؟

# خـەڵاتـەکـەم بـەدەسـتـهـێـنـا

محەممەد شێخ فاتح



لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا، کاک ئیحسان حەسیبی هاوڕێم کە نووسەرە لە بەشی ئابووریی کەناڵی KNN، پێیوتم «ئەمڕۆ هەواڵێک لە زۆرێک لە سایتەکاندا بڵاوبووەتەوەو باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوێکی ڕەسمیی ئەڵمانی، خەڵاتی باشترین ڕاپۆرتی ئابووریی دەکات، تۆ بەشداریی بکە، بێگومانم دەیبەیتەوە».

نزیکەی دوازدە ساڵە وەک پیشەو سەرچاوەی بژێویی، ڕۆژنامەنووسم، ماوەی شەش ساڵیشە خۆم یەکلاییکردووەتەوە بۆ ڕۆژنامەنووسی ئابووریی‌و هەمیشە چاوم لەو ڕۆژە بووە کە وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئابووریی خەڵات بکرێم.

خەڵاتی چاوی کراوە، لە مانگی ئابی ئەمساڵداو لەلایەن ڕێکخراوی «MCIT» کە ڕێکخراوێکی فەرمیی ئەڵمانییەو بە هاوکاریی کۆربەندیی ئابووریی عێراقی- ئەڵمانی‌و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕاگەیەنراو تیایدا بە مەبەستی هاندانی ڕۆژنامەنووسانی ئابووریی لە عێراقداو بۆ زیاتر بەرچاو ڕۆشنیی وەبەرهێنەران‌و سەرمایەدارانی ئەڵمانیا، ئەو پێشبڕکێیەی سازکردبوو.

لە ژمارەی(٥٩٥)ی ڕۆژنامەدا، ڕاپۆرتێکمان بە ناوی «داهاتێکی ونبوو» بڵاوکردەوە، لەو ڕاپۆرتەدا کە نزیکەی دوو مانگ سەرقاڵ بووم بە ئامادەکردنییەوە، هەوڵم دابوو بە پشتبەستن بە چەندین زانیاریی، باس لە وردەکارییەکانی پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ ئێران.

(١٠٤)ڕۆژنامەنووس لە عێراقدا، بەشدارییان کرد لەو پێشبڕکێیەداو دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی (١٠)کەسییەوە کە پێنجیان عێراقی‌و پێنجیشیان ئەڵمانی بوون، ڕاپۆرتەکان هەڵدەسەنگێنران، بۆ هەر ڕاپۆرتێک شەش خاڵ کرابوونە پێوەر کە ئەوانیش: لە (بەدواداچوون‌و شیکاریی، وردبینی، جۆراوجۆرێتی لە سەرچاوەکاندا، شێوازی ئامادەکردن، گرنگی بابەتەکەو هەروەها کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی) بوون.

دواتر، (٢٠) بابەت دەستنیشانکران‌و دوای ئەوانیش (٥)بابەت چوونە قۆناغی پێش کۆتاییەوە، کە سیانیان بوون بە براوەی خەڵاتەکە.

لە (١١/١٥)دا، ئیمەیلێکم لەلایەن بەرپرسی پرۆگرامەکەوە بۆ هات‌و پیرۆزبایی ئەوەی لێکردم کە بوومەتە یەکێک لە براوەکاتی خەڵاتی چاوی کراوە،

ئەگەرچی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە عێراق‌و هەرێمی کوردستان، خاوەن بودجەیەکی قەبارە گەورەن‌و کرانەوەو گەشەسەندنێکی ئابووریی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بەڵام بواری ڕۆژنامەنووسی ئابووریی کە بە بڕوای هەندێک لە ئاگایانی ئەو بوارە «قسەکردن لەسەر گەشەی ئابووریی بەبێ پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسی ئابووریی، کارێکی ئەستەمە»، تا ئێستاش وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، بەڵام بۆ وڵاتانێکی وەک ئەڵمانیا کە خاوەنی یەکەم گەورەترین ئابووریی ئەوروپاو سێیەم گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا، زۆرباش لەوە تێدەگەن کە عێراق لە سەرەتای گەشەیەکی ئابووریی گەورەدایەو دەبێت ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی کارای هەبێت لەو نێوەندەداو بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خۆیان، زۆر بە لایانەوە ئاساییە کە هەزاران یۆرۆ لە ڕۆژنامەنووسێکی ئەو وڵاتەدا خەرج بکەن، تا هانی بدەن لە بواری خۆیداو لە وڵاتی خۆیدا کار بکات.

ڕۆژی ٨ی ئەم مانگە، لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو ڤیەنناو لەوێشەوە بەرەو بەرلینی پایتەختی سیاسیی ئەوروپا کەوتمە ڕێ.

لە ڕۆژی ٩ی مانگدا، بە ئامادەبوونی ئەندریا میشێل، بەڕێوەبەری گشتیی کاروبارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و باکووری ئەفەریقیا، دکتۆر حسێن مەحمود خەتیب، باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیاو دەیان کەسێتی‌و ئامادەبووی تر بەشدار بوون لەو ئاهەنگەی کە یەکێک لە شتە سەرنجڕاکێشەکانی، بوونی چەند بڕگەیەکی گۆرانی بوو کە لەلایەن تیپێکی فرەڕەگەزەوە کە لە وڵاتانی ترەوە هاتبوون‌و لە لایەن کوردێکی خەڵکی سلێمانییەوە کە ناوی هیوا بوو، سەرپەرشتیدەکران‌و لە زۆرێک لە کارەکانیاندا دژ بە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بازاڕی ئازاد کاریان دەکرد.

لەو ئاهەنگەدا، دوای ئەوەی بە بایەخەوە وەک هەر کارو چالاکییەکی تری خۆیان، زۆر بەبایەخەوە باسیان لە گرنگی ئەو خەڵاتە دەکردو دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ ئەو خەونەم هاتەدی‌و وەک یەکێک لە باشترین ڕۆژنامەنووسە ئابوورییەکانی عێراق، خەڵات کرام کە ئەگەرچی چاوەڕوانییەکی زۆر بوو، بەڵام دواجار لەسەر ئاستی عێراق‌و لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا خەڵاتی «چاوی کراوە»م وەرگرت.

یەکێک لەو شوێنە فەرمییانەی کە میوانداریییان کردین، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بوو، لەوێ چاومان کەوت بە کلیمێنس سێمنەر، بەرپرسی بەشی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە کە زیاتر لە یەک کاتژمێر گفتوگۆمان کردو سکرتێری بەرپرسی بەشەکە پێیوتم: «بەخیلیتان پێدەبەین، چونکە ئێوە نەوتتان هەیە»، منیش وتم، «بەخیلیی مەبە، چونکە ئێمە ئاگامان لەو نەوتە نییە» بەڵام ئەو وتی: «ئێوە دەبێت بەردەوام بن لە هەوڵەکانتان بۆ چاککردنی ئەو بارودۆخە».

لە بەرلین، سەردانی هەندێک لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکانم کرد، کە دیارترینیان ڕۆژنامەی (بیلد سایتۆم) بوو، کە یەکێکە لە گەورەترین ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە، ئەو ڕۆژنامەیە پڕ بوو لە ئامارو ژمارەی سەرسوڕهێنەر، ڕۆژنامەی بیلدی تەمەن پەنجا ساڵ، لە باڵەخانەیەکی شووشەیی هەژدە نهۆمییەوە بە ئاسانی دەیانتوانی ڕوماڵی ئەو هەواڵ‌و دۆسییە گرنگانە بکەن کە لە دەرەوەو ناوەوەی ئەڵمانیادا هەیە، ئەوان لە ڕێگەی (٦٠٠) کارمەندەوەو بە سەرمایەی هەشت ملیارد یۆرۆ کە دوو ملیاردیان پارەی کاش بوو، توانیویانە فرۆشی ڕۆژنامەکەیان بگەیەننە چوار ملیۆن دانە لە ڕۆژێکداو مانگانەش دوو ملیارد کەس سەردانی سایتەکەیان دەکەن.

چەند ڕۆژێک بەرلەوەی ئێمە بگەینە ئەوێ‌و بەهۆی بوونی هەواڵێکی نهێنی لای وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا سەبارەت بە کوژرانی (١٢٠) هاوڵاتیی مەدەنی لە ناوچەی قوندوس لە ئەفغانستان لە لایەن هێزەکانی ناتۆوەو شاردنەوەی ئەو هەواڵەو بڵاوکردنەوەی لەلایەن ئەو ڕۆژنامەیەوە، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا دەستی لەکار کێشایەوە.

بەرلین کە بە بووکی ئەوروپا ناسراوە، لە جەنگەکانی جیهانیدا دووجار زیاتر لە نیوەی ئەو شارە تەختی زەوی بووەو سووتاوە، بەڵام ئیرادە بەهێزە شێنەییەکەیان وایکردووە، کە نەک کاریگەرییەکانی جەنگ‌و دیواری بەرلینی پێوە دیار نییە، بەڵکو بوونی چەندین کەنیسەی سەرنجڕاکێش‌و مۆزەخانە هەمەچەشنەکان‌و میترۆو ترام‌و پاس‌و ڕێگای ئۆتومبێلەکان‌و ئابوورییە بەهێزە دوور لە نەوتییەکەیان، پێمان دەڵێن کە ئێستا ئەو وڵاتە جگە لەوەی کە ڕێبەرایەتیی ئەوروپا دەکات، یەکێکە لە پنتە بەهێزەکانی جیهان‌و منیش زۆر خۆشبەختم کە لە پێگەیەکی ئاوها گرنگدا وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئابووریی خەڵات دەکرێم.

# کەلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی

د.محەممەد ئەمین عەلی عومەر*



لە دێر زەمانەوە گوتراوە، بە هێز تر ین سۆزی مرۆڤ، سۆزە بۆ (دەسەڵات‌و پارەو خزمایەتی) وەک خزمانی پلە یەک‌و دووو کەسە نزیکەکان، مەبەست‌و ئامانج لێی خۆشەویستیی خودی تاکە کەسە بۆ گەیشتن بەخۆشی‌و تێرکردنی ئارەزووەکان‌و گەیشتن بە ئامانجی دیکتاتۆرەکان، چ دیکتاتۆری بچووک یان گەورە، جا ئارەزووە مرۆڤایەتی یان ئاژەڵییەکەی بێت، ئەمەش بەپێی تێگەیشتن‌و هزرو فیکرو مێنتاڵتی ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕێت کە لە کۆتاییدا دەرچەکەی بە بارە خراپەکە بە دروستبوونی دیکتاتۆرییەت، یان فەوزای سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، یاخود بە بارە باشەکەی بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی تەندروستی دیموکراسی دەکەوێتەوە.

کۆمەڵگای زیندوو، هۆشیارو تێگەیشتوو زەمینە خۆشدەکات بۆ سیستمێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی دادپەروەر لەسەر بنەمای یەکسانی، بە هاوڵاتیبوونی هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی نەتەوەو ڕەگەزو دین‌و بۆچوون، نەک خزمایەتی‌و ناسیاوی‌و کەسایەتی، کۆمەڵگای دواکەوتووش بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆرییەت وەبەرهەمدەهێنێت‌و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرو دواوە دەگەڕێنێتەوە.

ئەوەی بەدیدەکرێت، ئەم سۆزە بۆ دەسەڵات‌و پارەو خزمایەتی کە ئارەزووەکانی مرۆڤ بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بووە بە دیاردە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی وڵاتانی جیهان خۆیان بەدوور گرتووە لەم دیاردەیەو بە گەورەترین هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی‌و تێکدانی بنەما دیموکراسی‌و سیاسی‌و یاساییەکانی دەوڵەت‌و نەهێشتنی دادوەریی کۆمەڵایەتی دادەنێن، سەرەڕای ئەم ڕاستییە زەقە، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و وڵاتە دواکەوتووەکان بەگشتی‌و بەتایبەتیش لە کۆمەڵگای کوردی، سۆز بۆ هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی لەدیاردە دەرچووەو بووە بە نەریت‌و کلتوور.

سۆزی خزمایەتی‌و خۆشەویستی کەسە نزیکەکان، سۆزی دەسەڵات‌و پارە لە کۆمەڵگای (کوردی باشوور) ئێمە لە دیاردە دەرچووەو بووە بە نەریت‌و کلتوورو ئەوندە ورد کراوەتەوە، بازنە لە دوای بازنە کە هیچکام لەم سۆزانە بۆ هاوڵاتی ئاسایی نەماونەتەوە، دوورو نزیکی لە بازنەکان‌و ئینتما بۆ سەرۆکەکان پێوەری دڵسۆزین، نەک ئینتما بۆ خودی مرۆڤ‌و نیشتمان‌و کارکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی، تا ئەو ئاستەی تیۆری ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەدرۆخراوەتەوەو ڕایەڵەی کۆمەڵگاکەمان لە کۆنترۆڵ دەرچووە، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە ڕەهایی ئینتیمای بۆ شتێکی دیاریکراو هەبێت، بەڵام دەیت لەم وڵاتەی ئێمە ئینتمای ڕەهات بۆ سەرۆکەکان‌و خزمەکانیشیان هەبێت.

بۆچوونە فیکری‌و ئایدۆلۆجی‌و کۆمەڵایەتییەکان بوونیان نەماوە، مێنتالتی پارتە سیاسییەکان لە بەها ئایدۆلوجی‌و فیکریەکان شۆراونەتەوەو باشترین بەڵگەش چەپڵەڕێزانی کۆنگرەکانن، سۆزەکە بووە بە سۆزی دەسەڵات‌و پارەو خزمایەتی‌و پارتە سیاسییەکان لە هەوڵی بەرژەوەندیی حیزب‌و سەرۆکەکانیانن، حیزب لە چەمکە باوەکەی دەرچووەو بووە بەکۆمپانیا، بەڵام چ کۆمپانیایەک! هیچ پێوەرە جیهانییەکانی تێدا نییە،خاوەنەکانیان پرۆفیشناڵ نین لەبواری کارکردنیاندا, پابەند نین بە ڕەوشتی پیشەیی کارەکانیان‌و بەمانایەکی تر ئاگایان لە ڕەوشتی پیشەیی کارەکانیان نییە, هەربۆیە ئامادەن ڕەش بکەن بەسپی‌و سپیش بکەن بە ڕەش لەپێناو بەتاڵانبردنی سامانە سروشتییەکانی وڵات، سامانە مرۆییەکەش (هاوڵاتی)، نەک هیچ بایەخێکی پێنەدراوە، بەڵکو هیچ سەنگێکیشی بۆدانەنراوەو لەم گێژاوەدا تووشی نەخۆشی دووفاقی کراوەو بووە ڕۆبۆت‌و کۆیلەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

بێگومان لەئەنجامی نەمانی بۆچوون‌و ئایدۆلۆجی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا بەگشتی‌و پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی، سامان‌و پارە بوونە ئامرازی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، بە واتایەکی تر بوونە ئامرازێک بۆ کرینی ویژدانی هاوڵاتی‌و گەیشتن بە دەسەڵات، ئەمەش لەڕێگای سامان‌و پارەی میللەت!.

هەر لەبەر نەمانی بۆچوون‌و ئایدۆلۆجی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە ناو پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی پارتە دەسەڵاتدارەکان، متمانەی نێو ئەندام‌و لایەنگران نەماوە، پەیوەندیەکان بوونە پەیوەندی بەرژەوەندیی تایبەت، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان لە بەرژەوەندیی خۆیان‌و لێپرسراوو سەرۆکەکانیان دەڕوانن، نەک میللەت‌و هاوڵاتی!.

لە سەروو ئەمانەشەوە، بازنەی خزمایەتییەکە وردتر کراوەتەوە بۆ ناوچە, خێڵ, عەشیرەت تا ئاستی بنەماڵە کە خاوەنی ڕاستەقینەی پارەو دەسەڵاتی ڕەهان لەناو حکومەت‌و حیزبدا تا ئەو ئاستەی بوونی حکومەت‌و حیزبیش بەمانا گشتییەکەی، یان باوەکەی نەماوە، بۆ لەدەست نەدانی دەسەڵات لەلایەن بنەماڵەکانەوە، پارە کراوەتە باشترین چەکی کاریگەر، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە، نانبڕینی هاوڵاتییە لەسەر بۆچوون‌و ئایدۆلۆجیای جیاواز کە لەسەردەمی ڕژێمێکی دیکتاتۆری وەکو بەعسیش نەکرابوو، لە ڕێگەی ئەم بازنە داخراوەوە (ڕێگەی خزمایەتی‌و کەسە نزیکەکان) پەرە بە سامان‌و پارە دەدرێت بۆ زامنکردنی گرتنەوەی دەسەڵات لەدەرەوەو ناوەوەی حیزب‌و حکومەتیش، تا پارەو سامانیان زیاتر بێت، دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت‌و تا دەسەڵاتیان زیاد تربێت، نەک پارەو سامانەکانیان زیاتردەبێت، بەڵکو دەست بەسەر هەموو سامانی وڵاتدا دەگرن، ئەگینا بە چ لێکدانەوەیەک کوردستان خاوەنی هەزارەها ملیاردێرە کە لەڕاستیدا خاوەنی کارگەو کشتوکاڵ‌و گەشت‌وگوزارو تەکنۆلۆجیای سەردەم‌و سامانی مرۆیی پرۆفیشناڵ نییە. بەڵا، بەم شێوەیە هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی ڕەگ‌و ڕیشە دادەکوتێ‌و کۆمەڵگا بەرەو جاهیلییەت‌و هەڵدێر دەبات، سەرەڕای ئەوەی سامانە سروشتییەکانی، وڵات ئەخاتە خزمەت دەسەڵاتداران‌و خزم‌و ناسیاوەکانیان, سامانە مرۆییەکەش کۆیلەدەکات‌و بەرەو جاهیلیەتی دەبات.

ئەم هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتییە، هەموو جومگە بنەڕەتییەکانی ژیانی گرتووەتەوە لەناو حیزب‌و حکومەت، بووە بە ترسناکترین هۆی دیاردەی گەندەڵی لە هەردوو کەرتی گشتی‌و تایبەت، بووەتە دیاردەیەکی زەق‌و شۆڕبووەتەوە بۆ خوارەوە، بێئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەربەستێک دابنێت بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارەساتە گەورەکەیەو هەرچەندە ماکەکانی ڕوون‌و ئاشکران لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان، سەرەڕای پەیمانی ستراتیژیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەم دیاردیە لەگەشەگردندایەو بووە بە کلتوورو خاڵی سەرەکیی پەیمانەکە هەریەکە لەسنووری دەسەڵاتی خۆی.

دورکەوتنەوە لە کلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و ئارەزووو خزمایەتی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی هەریەک هاوڵاتی بەپلەی یەکەم‌و ئینجا دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی دووەم لە ڕوانگەی پابەند بوون‌و پراکتیزەکردنی مامەفەکانی مرۆڤ لە هاوڵاتیبوونی هاوڵاتییەوە تا پرسە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و زانستییەکان بەبێ جیاوازی نەتەوەیی ئاینی مەزهەبی پیشەیی‌و خزمایەتی.

بڕواناکەم هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی، بەبێ فشاری جەماوەرو ڕۆشنبیران لە خودی خۆیەوە مافەکانی مرۆڤ‌و دادوەری کۆمەڵایەتی ڕەچاوکردبێت لە پرسە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و زانستییەکان هتد, بۆیە هاوڵاتی بەرپرسی یەکەمە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی‌و نادادوەری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە: ئەگەر دوور نەڕۆین‌و باسی سێکتەری تایبەتیش نەکەین کە بێگومان بنەماڵەکان بە بچوک‌و گەورەوە خاوەنین، بڕۆینە دەزگایەکی (گشتی) حکومی وەک بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشین‌و لێکۆڵینەوەیەک بکەین، بۆمان دەردەکەوێت لە ڕێگای هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی ژمارەیەکی زۆر خەیاڵی بەپلەی وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون‌و لەوانەشە زۆربەیان بڕوانامەیەکی ئەوتۆیان نەبێت بۆ ئەو پۆستە گونجاوبێت، بەڵکو زۆرێکیش لەمانە هەرکارمەندی حکومەت نەبوون, بەڵام لە ڕێگای حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە وەک مەکرەمەکانی سەید ئەلرەئیس بۆیان کراوە, سەیری ئەم ئەزمونە جوانەی حکومەتی هەرێم بکەن چەند دادپەروەرانەیە، هەر لەبەر خاتری خزمایەتی‌و ناسیاوی لەدەست نەدانی دەسەڵات، پارەوپول‌و سامانی گشتی بەهەدەردەدرێت‌و دەبەخشرێتەوەن لەبەرئەوەی خۆیان بەخاوەنی خاک‌و ئاوو هەواو سامانە سروشتییەکانی کوردستان دەزانن، ئەگەر وابڕوات، لەداهاتوودا بودجەی کوردستان بەشی ئەم پۆستە بەرزانە دەکات. بەبڕوای من، ئەگەر حکومەتێکی دادپەروەرو دیموکرات بێتەکایەوە، دەبێت پێش هەموو شتێک ئەم جۆرە گرفتانە چارەسەر بکات.

لەکۆمەڵگای بەرواڵەت دیموکراتی وەک کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و وڵاتە دواکەوتووەکان بەگشتی‌و بەتایبەتیش کۆمەڵگای کوردی، لە ڕێگای هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی، دەسەڵات بە شێوەیەکی بەناو دیموکراتی ئەو یاساو ڕێنمای‌و پرۆژانە پەسەند دەکات کە لە خزمەت کەسە موقەدەس‌و پارتە سیاسی‌و گەورە لێپرسراوو دەوڵەمەندەکانن, بەیاسا بەرژەوەندیی کەمینەیەکی دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندپێش بەرژەوەندیی گشتی دەخەن, بەم ڕێگایەش هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن پوچەڵدەکەنەوە.

وەکئاشکرایەکەهەرلەئێستاوەکاریگەری کلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردو کۆمەڵگا دەرکەوتووە، کاریگەیەکی زۆر ترسناکی دەبیێت لەسەر فەزای سیاسیی کوردستان وپرسە نەتەوایەتییەکان‌و بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی‌و تێکدانی بنەما دیموکراسی‌و سیاسی‌و یاساییەکانی دەوڵەت‌و نەهێشتنی دادوەری کۆمەڵایەتی.

سادەترین دوادیمەنی کلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی لە دەڤەری سەوز (سلێمانی)، شانۆگەرییەکی دڵتەزێن‌و پڕش‌ەرمەزاری‌و تراژیدیای پێشکەشکردین کە شاری سلێمانی کردە قوربانیی ململانێی دوو لە هەرە کاربەدەستە گەورەکانی دەسەڵات،تائەوئاستەی دامەزراوە حکومەتییەکانیشیان کرد بە چەند کەرتێکەوەو زەرەرمەندی یەکەم خودی شارەکەو هاوڵاتیی سادەو بێدەسەڵاتەکانی بووو براوەش پیاوە چاوچنۆک‌و هەلپەرستەکانی هەردوولابوون، لەکۆتاییدا هەر ئەوە ماوە بڵێم، لەسایەی ئەم دەسەڵاتەوە لەبری بەرهەمهێنانی عەقڵێکی نوێ‌و داهێنانێکی نوێ پەرە بەکلتووری هاوسەرگیریی دەسەڵات‌و سامان‌و خزمایەتی دەدرێت!.

*** پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەر.**

# وتارەکەی نوجەیفی لە هەولێر گوزارشتی لە چی کرد؟



مەحمود عەبدوسەمەد

پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی بەستنی (١٣)یەمین کۆنگرەی خۆی کە لە ٢٠١٠/١٢/١٣دا لە هەولێر میوانێکی زۆری بانگێشت کردبوو لەدەرەوەو ناوەوە کە زۆربەیان سیاسی بوون، وتاری زۆر خوێنرانەوە، بەندە زۆر مەبەستم بوو، گوێ لە وتاری تاقمی (العراقیە) بگرم کە (عەلاوی)و (نوجەیفی) خوێندیانەوە. عەلاوی، لەسەرخۆو نەرمەبڕ لە کورتی بڕییەوە، بەڵام بەڕێز نوجەیفی (سەرۆکی پەرلەمانی عێراق) کە لە ژینگەیەکی ئوروستوکراسی (پان عروبەوی- ئیسلامەوی- مەزهەبیدا) پـەروەردە بووەو هەرگیز ئوپۆزسیۆنی بەعس نەبووە، زەحمەتە لە ئازاری چەوساندنەوەی ئیتنی‌و دیموکراسی تێبگات، بۆیە وتارەکەی دەستپێکرد بە:-

(١) ئایەتی (واعتصموا بحبل الله...) کە نیازەکەی دیارو روون بوو.

(٢) زۆر بەخۆگرتنەوە (**تحفظ**) قسەی دەکردو وشەکانی (کورد، کوردستان، هەرێم، حکومەتی کوردستان )ی لەدەم نەهاتنەدەرەوەو لەباتی (کوردستان) فرێزی سـواوی (**شمال الوطن**) ی بەکارهێناو دوایی پینەی کردو وتی: (من سەرۆکی پەرلەمانی هەموو عێراقم، بە باکوورو باشووریەوە بەبێ جیاوازی (..؟)).

(٣) لەسەر قسەکەی رۆیشت‌و وتی: (لای ئێمە ئاشتەوایی نیشتمانی ئەولەویەتی هەیە: پێم وایە ئەو بڕگەیەی دوایی ئەم تەوەرو رەهەندانەی لێدەبێتەوە:-

أ- چەمکی (ئاشتەوایی) بۆ شەڕی ناوخۆ، خێڵەکی، دوو دەوڵەت ... بەکاردەهێنرێت. خۆ لەعێراقدا نەشەڕی ناخۆو نەدەرەوە لەئارادا نییە، هەتا بەڕێز نوجەیفی‌و هاوبیرەکانی شەڕەکە رابگرن‌و شەڕکەرەکانیش ئاشت بکەنەوە.

لەعێراقی ئەمڕۆدا: لەسەر گۆڕەپانی ئاسایشی نیشتمانی‌و سیاسی، ئەوەیە کە لایەنە سیاسی‌و مەزهەبی‌و ئیتنییەکانی ناوەندو باشوور (دەوڵەتی یاسا، رەوتی چاکسازیی، ئەنجومەنی باڵا، رەوتی سەدری... ) لەزووەوە لەناوخۆیاندا ئاشتەواییان کـردووەو هاوپەیمانن‌و پێکەوە لەهەولی دروستکردنی حکومەتدان‌و لەگەڵ کوردیش پەیوەندییان خراپ نییە، واتا پێداویستیان بە (ناوبژیوانی) کەس نەماوە تا ئاشتیان بکاتەوە.

ب- لەکوردستانیشدا: لایەنە سیاسییەکان (مەشهەد)ێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە پیشان دەدەن، بەشی ئەوەش ئارام‌و هێمنە کە هەرکەس لەهەرکوێی عێراق (کورد، ئاشوری، ئێزدی وەک ئاین ...) کە تاقمی ئاشتەواییە نیشتمانیەکەی (العراقیە) بیانخەنە بەردەم مەترسی تیرۆرو تەقاندنەوەو سەربڕینەوە، رووەدەکەنە کوردستان. بەپێی ئەم هاوکێشەیە، هەرێمیش پێویستی بە ئاشتەوایی نییە.

ج- ئەی باشە کێ ماوە لەدەرەوەی پرۆسەی سیاسی کە ئاشتەوایی نەکردووەو هەر بەلۆجیکی خۆسەپاندن بەزۆری چەک دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەسـت؟ ئەوانە هەر (بەعسی عەودە بۆ خوێنڕشتنەوەو تیرۆریستی هاوردەکراوو تاقمی هەیئەتولعولەماو قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامی‌و گرووپەکانی نزیک بە -العراقیە- ن) کە نزیکەی (٨) ساڵی رەبەقە خوێن‌و فرمێسکی ژن‌و منداڵی عێراقی تێکەڵ بەخۆڵ‌و تەپوتۆزی کەلاوە تەقێندراوەکانیان دەکەن، بێئەوەی تا ئێستا لە تاوانە لەئەژمار نەهاتووەکانیان هیچ پەشیمانییەکیان دەربڕیبێت.

ئێستا نوجەیفی، خەریکە دەستەی دادو لێپرسینەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، گوایە بۆ لەبیربردنەوەی رابردووە!!

هەروەها گێڕانەوەی ئەوانە بۆ سەردەسەڵات لەژێر چەتری لیستێکی دیاریکراودا.. ئەگەر بەڕێز نوجەیفی، چاوێک بخشێنێتەوە بە پەیوەندییەکان‌و بە رەفتاری سیاسیی (٧، ٨)ساڵی رابـردووی خۆی‌و هاوەڵەکانی ناو لیستەکەیدا، یەکسەر دان بەوەدا دەنێت، کە ئەوانە دوایین کەسن کە بۆیان هەبێت داوای ئاشتەوایی بکەن‌و گەلی ئێمە ئەزموونی تاڵی زیاتر لە (٥٠)ساڵی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە، بۆیە ستەمە سەرکردایەتیی کورد، هیچ پردێکی متمانەی سیاسییان لەگەڵدا ببەستێت.






کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# لە شەقامەوە... بۆ پەرلەمان

لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، بووم بە ئەندامی دامەزراوەیەکی شەرعی‌و بنەڕەتی لە سیستمی سیاسیی کوردستانداو نایشارمەوە کە دوای بڕینی سەختی‌و قۆناغێکی دژوار لە تێکۆشاندا، رام وابوو، باشترین سەکۆیە کە بتوانم دەربڕی خواستی زۆرینەی گەلەکەم بم‌و بەپێی تواناو روانگەی خۆم، بەشداریی لە جێبەجێکردنی ئەرکی فەرمیی ئەم دامەزراوەیەدا بکەم.

لەگەڵ تێپەڕینی زیاتر لە ساڵێک لە کارکردن، هەستی نائومێدیم هەڵدەکشێت، بەتایبەت دوای تێپەڕاندنی چەندین دەق‌و یاسا بە مەنتیقی زۆرینەو خواستی دەسەڵات‌و دەستهەڵبڕینی زۆرێک لە تێکۆشەرانی رۆژگارێک کە ئەمڕۆ لەژێر هەژموونی سیاسی‌و پەرچەکرداری ناو ململانێکاندا دەنگ بە پێشنیازێک، یان دەقێکی یاسایی دەدەن کە پێچەوانەی ماف‌و ئازادیی میللەتەکەیانە.

کورد، لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی ستەمدیدە بووەو لە سایەی نەبوونی ئازادیی‌و چەوساندنەوەدا، لە خەون‌و خەیاڵی هیچ لاویک‌و تاکێکی ئەم وڵاتەدا نەبووە، رۆژگارێک دێت، سەرەڕای ئەم هەموو تێکۆشان‌و هەوڵ‌و خەمانەی کە بۆ ئازادیی رشتونی، لە سایەی حوکمڕانیی کوردیدا، لە شەقامدا هاوڵاتییان‌و نەوەکانی ببینێ بە بەرزکردنەوەی تابلۆی نارەزایی لە بەرامبەر کۆت‌و بەندی یاسایەک کە (ئازادیی) لێ زەوت دەکات.

بە گوێنەدانی دەسەڵات بە ئیرادەو خواستی کۆمەڵانی خەڵک لە دەرکردنی یاسایەک کە کاری ماف‌و ئازادییان رێکدەخات، دروستکردنی دۆخێکی تەنگژاوییە لە کوردستاندا، تایبەت دوای واژۆکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە. هەر پرۆژەیەکی یاسایی ئامانجێکی دیاریکراوو روونی هەیەو یاسای خۆپیشاندانیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە، ئەگەر ئامانج رێکخستنی شێوازی نارەزایی‌و گوزارشتکردن لە رای گشتی‌و لە ئازادیی رادەربڕین بێت. پێوەری راستەقینە بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی یاساکە، کۆمەڵانی خەڵکە، لەگەڵ پەسەندکردنی یاساکەدا شەقامی کوردی نیشانیدا کە ئەمە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان نییە، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان قەدەغەکردنێتی‌و رەنگرێژکردنی خواستی دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردن‌و کۆت‌و بەندکردنی مافێکی سروشتی‌و یاسایی هاوڵاتییانی کوردستان، هەمیشەش لە کاتی دەرکردنی هەر یاسایەکدا، باشترین راپرسی ئیرادەو ویستی ئەم خەڵکانەیە کە یاساکەیان بۆ دەردەچێت.

خەڵکی کوردستان کە تینوی ئازادیی پاراستنی دەستکەوتە دیموکراتییەکانیەتی، راپرسی خۆی کردو نیشانیدا کە بەم یاسایە رازیی نییەو ئەگەر چاویلکەی دەسەڵات نایەوێت راستییەکە ببینێت، ئەوا شەقام‌و دەنگە نارازییەکان نیشانیاندان کە رازی نین بە یاسایەک کە مافەکانیان پێشێل دەکات‌و دانەرانی یاسا بیانەوێت یاسایەک بۆ توێژێک دەربکەن، توێژەکە نارەزایی لە بەرامبەر یاساکە هەبێت، دەبێت یاساکە چ سوودو سەمەرێکی بۆ ئەوان هەبێت، لەپێناوی چی‌و بۆ کێ دەریدەکەن؟! بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی‌و نەتەوەیی داوامان لێدەکات کە دەستبەرداری هەندێک خواستی بەرتەسکی حیزبی‌و کورسی‌و کەسیی بین لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانەکەمان کە رۆژگارێک بۆی تێدەکۆشاین‌و کەم خێزان هەیە لەم وڵاتەدا، بە جیاوازیی رەوتە سیاسییەکەنیانەوە، قوربانی نەدابێت بۆ ئازادییەک کە ئەمڕۆ خەڵکانێک هەبن بیانەوێت زەوتی بکەن، بۆیە ئەرکمانە لە نزیکترین دەرفەتدا، هەمواری ئەم یاسایە بکەین کە بەهەق بۆ بەرقەرایی ئازادیی‌و دیموکراتی بێت.

# منداڵ‌و چەمکی فەسادی سیاسیی



خالید ابراهیم

منداڵێک لە باوکی دەپرسێت؛ بابە فەسادی سیاسیی یەعنی چی؟

باوکی منداڵەکە لە پیاوە قەپۆز بەرزو بە فیشاڵەکانەو گاڵتەی بە پرسیاری منداڵەکەی دێت‌و پێیوایە کە نابێت منداڵ پرسیاری وەها بکات، بۆیە لە وەڵامدا پێی دەڵێت: رۆڵە ئەم بابەتە بۆ تۆ تێگەیشتنی قورسەو واز لەو شتانە بهێنە، بەڵام قەیناکات هەنێک شتت بۆ روون دەکەمەوە تاکو لێی نزیک ببیتەوە، مـن کـە خـەرجی ماڵ دەکێشم پێم دەڵێن سەرمایەدار، دایکت کە سەرقاڵی خزمەتکردن‌و رێکخستنی کـاروبـاری ناوماڵە پێی دەڵێن حکومەت، وە تۆش کە لەژێر سەرپەرشتی‌و دەسەڵاتی ئـەو دایـت، پێت دەڵـێـن گـەل، بـرا بچکۆلەکەشت کە ئومێدو هیوامانە پێی دەڵێن ئایندە، ئەو خزمەتکارەی کە لەگەڵماندا دەژی‌و خزمەتمان دەکات پێی دەڵێن هێزی زەحمەتکێش، ئیدی کوڕم بۆخۆت بـڕۆ بیری لێبکەرەوە دەگەیتە ئەنجام.

شەوێک منداڵەکە خەو نەچووە چاوی‌و لە دڵەڕاوکێدا بوو، گوێی لە دەنگی برا بچوکەکەی بوو دەگریا، بەدوای گریانەکەی ئەودا رۆیشت‌و چوو بۆ لای برابچوکەکەی، بینی میزو پیسایی کردۆتە ژێر خۆی، بەپەلە بۆ لای دایکی چـوو کە خەبەری بکاتەوە، سەیری کرد دایکی لە خەوێکی قوڵدایەو ئاگای لە هیچ نییە، لـەوەش سەیرتر بینی باوکی لەتەنیشت دایکیەوە نەخەوتووەو دیار نییە، ئەمجارەیان رۆیشت بە دوای باوکیدا بگەڕێت، لە کەلێنی دەرگاوە سەیری ژووری خزمەتکارەکەی کرد، دیتی باوکی لەپاڵ خزمەتکارەکەدا خەوتووە.

بۆ بەیانی کوڕەکە بە باوکی وت: بابە گیان زۆرباش تێگەیشتم فەسادی سیاسیی واتای چییە؟، باوکی وتی: ئافەرین رۆڵە، بەڵام ئادەی بۆ باوکی خۆشتی باس بکە، منداڵەکە وتی:

کاتێک سەرمایەداریی ئیشتیهای دەچێتە سەر هێزی زەحمەتکێش‌و حکومەتیش دەچێتە خەوێکی قوڵەوەو ئاگای لە هیچ نییەو گەلیش لە دڵەڕاوکێدایەو کەس گوێی لێناگرێت‌و ئایندەش لە گەندوگوی خۆیدا غـەرق دەبێت، ئـەوە پێی دەڵێن فەسادی سیاسیی.

گەلۆ ئەو منداڵە زۆر ژیکەڵەیە، با ئێمەش هەندێک بەرچاوروونی تری بدەینێ دەربـارەی چەمکی فەسادی سیاسیی، هەر کاتێک دادەیەکی پەرلەمانتارت بینی کە لەبەر خاتری خەبات‌و خوێنی بنەماڵەکەی خەڵک دەنگی پێدابوو، بەڵام کە لێدوانیدا لەسەر شاشەی تـی ڤـی‌و لەجیاتی شـێـوازی کارکردن‌و دەستکەوتەکانی خۆی روون بکاتەوە بۆ ئـەو رەش‌و رووتە، بە دەستی هێناوە لەبری ئەوەی جێ بە وتەبێژی حکومەت لێژبکات‌و بکەوێتە پیاهەڵدانی کارەکانی حکومەت‌و هیچ شتێک بۆ وتەبێژی حکومەت نەهێڵێتەوەو پێیوابێت کارەکانی حکومەت شەفافی عەیارە بیست‌و چوارن، ئەوە سیاسەت فەساد دەکات.

کـاتـێـک دەسـەڵاتـداریـێـک پرسەنەتەوەییەکان عەینەن تـریـاک‌و هـیـرۆیـن بـەردەوام فرێدەداتە ناو راگەیاندنەکان بۆ هۆشبردنی خەڵک‌و لەسەرزەمینی واقیعیشدا ئەوەی بیری لێناکاتەوە، ئەو بابەتەیەو ئەوەش سیاسەت فەساد دەکات.

هەر حیزب‌و گروپێک بەستنی کۆنگرە وەک ئامرازێک بۆ لێدانی هەندێکی بوێرو چاونەترس‌و هێنانەپێشی هەندێکی گوێڕایەڵ‌و پرۆگرامکراو بەکاربهێنێت‌و لەبری گۆڕینی فەلسەفەو میکانیزم‌و شـێـوازی کـاری رێکخراوەیی‌و خۆنوێکردنەوەی راستەقینە، گۆڕانکارییەکانی تەنیا بریتی بن لە گۆڕینی ناوو دەموچاوەکان، ئەمانیش سیاسەت فەساد دەکەن.

کاتێک بە هـەزاران کادیرو سەردەستەی هەر حیزب‌و گروپێک بە نوێژی نیوەڕۆ بە بەرچاویانەوە ناحەقی‌و ناعەدالەتی دەبینن، بەڵام قڕوقەپ لێی دادەنیش‌و بە (ئەزعەفولئیمانیش) هەست بەو ناعەدالەتییە ناکەن‌و لە ترسی بێبەشبوون لە کێکی دەسەڵات‌و لـە چـاوەڕوانـی بـڕیـنـەوەی خانەنشینیدا، بە باشترین شێوە خۆیان لەسەر هونەری گوێڕایەڵی رادێنن‌و بەگوێرەی بای سەرکردە شەنەدەکەن‌و بڕیار دەدەن لە هیچ شتێکی تر تێنەگەن، ئەمانیش بە هەرەوەزیی سیاسەت فەساد دەکەن.

کاتێک چالاکوانێکی ئۆپۆزسیۆن کە لە رابـردوودا پشکی شێری هەبووبێت لە سازاندنی زەمینەی ناعەدالەتی‌و دەمکوتکردنی خەڵکی نارازیدا، بەڵام ئەمڕۆ پێیوابێت تەنیا بە بەجێهێشتنی پۆستەکەی ئیدی بە حەوت ئاو شۆراوەتەوەو پێویستی بە دانپێدانان‌و داوای لێبوردنکردن لەو خەڵکە نییە کە رۆژێک لە رۆژان ئازاری داون، یاخود ئاسانکاری کـردووە بۆ ئـازاردانـیـان، ئەمیش سیاسەت فەساد دەکات.

باوکەکەم سیاسەت ئاوا فەساد دەکرێت.

# جیاوازیی نێوان پەرلەمانی بەغداو کوردستان

شـوان رابـەر*

ئەگەرچی کوردستان (١٤)ساڵ لەپێش عێراقی نوێ حکومەتی دیموکراتی پێکهێناوەو خاوەنی ئیدارەو پەرلەمانی خۆیەتی، لەم بارەیەوە بەغدا تازە(٥)ساڵێکە پەرلەمانی پێکهێناوەو ئەزموونیان کەمترە، بەحساب دەبێت پەرلەمانی کوردستان، لە هی بەغدا زۆر ئیداریترو دیموکراتیترو ئازادتربێت، وەلێ وێڕای هەموو ئیجابیاتەکانی، هێشتا هەندێک جیاوازیی لەگەڵ پەرلەمانی بەغدا هەن، بۆ وێنە هەندێک لەم شتانە لە پەرلەمانی بەغدا دەکرێن‌و لە هی کوردسان ناکرێن:

– قورئانخوێندن: قورئان کە خێرو بەرەکەت‌و بەرنامەی ژیانە، سەرەتای کردنەوەی کۆبوونەوە گرنگەکانی پەرلەمانی بەغدا، بە قورئانخوێندن دەستیان پێدەکرێت، کەچی لە پەرلەمانی کوردسان نییە، وێـڕای ئـەوەی قورئان سەرچاوەیەکی سەرەکیی دەستووری عێراقە.

– هەقگوتن: ئەوەندەی لەناو پەرلەمانی بەغدا رێگەی هەقگوتن بە پەرلەمانتاران دەدرێـت، بەئازادیی قسە لەسەر مەسەلەکان بکەن، لە کوردستان وانییە.

– ئازادیی‌و نەترسان: ئەوەندەی پەرلەمانی بەغدا کـراوەو ئـازادەو ئەندامان بەئازادیی‌و بوێری قسە لەسەر کێشەو پرسەکان دەکەن، لە هی کوردستان وا نییە، بەتایبەت ئەندامانی لایەنە دەسەڵاتدارەکان، زیاتر نەخشەو پلان‌و تەوجیهی حیزبیان جێبەجێ دەکەن.

– سەرۆک گۆڕین: تا ئێستا لەبەغدا، (٦-٧) سەرۆک پەرلەمان گۆڕدراون، کەچی لەکوردستان سەرۆک پەرلەمان تەنیا لەبەردەست پارتی‌و یەکێتییەو رێگە بەکەس نادەن ببێتە سکرتێریش.

– سـەرۆک پەرلەمانی بەغدا، (٢) جێگری هەیە، کەچی پەرلەمانی کوردستان یەک جێگرو سکرتێری هەیە، ئەوانیش پارتی‌و یەکێتین.

–لیژنەکانی پەرلەمانی بەغدا، لە هی کوردستان کـاراتـرن لە بـەدواداچـوون‌و لێرسینەوەی حکومەت.

– پەرلەمانی کوردستان فشارو حیزبایەتی بەسەردا زاڵترە، وەک لە هی بەغدا.

– پەرلەمانی بەغدا لەسەرو سیماو کردارو گوفتاردا، دەگاتە رێژەی ئەندامانی پیاوو ئافرەت‌و لەچاو هی کوردستان زیاتر مۆرکی ئیسلامییان پێوە دیارەو زیاتر بەرگریی لەماف‌و پرسەکانی ئیسلام دەکەن.

–پەرلەمانی بەغدا لەڕووی لایەن‌و پێکهاتەکانی نێویەوە، دەوڵەمەندترە لە هی کوردستان.

– پەرلەمانی کـوردسـتـان، زیاتر بەلای عەلمانییەتدا دەڕوات، لەبەر لایەنە دەسەڵاتدارەکان کە لەبەغدا وانییە.

– لایەنە ئیسلامییەکان لەپەرلەمانی بەغدا، زاڵترن لەچاو هی کورستان، بۆیە زیاتر بەرگریی لە ئیسلام دەکەن.

–بەگشتیی، زۆر شتی تری باش لە لەپەرلەمانی بەغدا دەکرێن، رەنگە لە هی کوردستان نەکرێن، یان رێگەیان پێ نەدرێت.

تێبینی: پەرلەمانی ئێستای کوردستان، لەهی جاران زۆر باشترو هەمەلایەنترو کراوەترە، لەبەرئەوەی لایەنی جیاوازو رکابەری تیایە، وێڕای ئەوەش کەموکووڕیی زۆرە.

* ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕیی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# ساڵی نوێ‌و ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتیی



فەرەیدون حەمەڕەشید

کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی، لە پێشوازیکردندایە لەساڵی نوێ‌و سپاردنی ساڵی (٢٠١٠) بەمێژوو. مرۆڤ هەمیشە بۆ سوککردنی باری شانی لەبەردەم نەهامەتییەکانی خۆیدا، بەئومێدو چاوەڕوانی قەدەری ژیانێکی باشتر، چاو دەبڕێتە ساڵی نوێ بۆ ژیان‌و گوزەرانێکی باشتر، دیاردەی ئاڵوگۆڕی ئاووهەوای جیهان‌و ڕووداوە سروشتییەکان‌و بەرزبوونەوەی نرخی گەنم‌و بەروبوومە خۆراکییەکان لەسەر ئاستی جیهان‌و نەخۆشییە کوشندەکان، بەشێکن لەو ئافاتە سروشتییانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان خستووەتە بەردەم قەدەرێک کە ملیۆنان مرۆڤ لەبەرامبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون‌و نەگوزەراندنی ژیانێکی ئاسایی لەژێر هێڵی سفرەوە، ژیان بگوزەرێنن.

جگە لەو ئافات‌و مەینەتییانەی سروشت لەگەڵ خۆیدا بۆی هێناوین، ئەمڕۆ ئەو جیهان‌و سیستەمەی پێی دەڵێین، مۆدێرنەو بەرهەمی خودی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتییە، کۆمەڵگاو ژیانی مرۆڤەکانی لەبەرامبەر مەرگی جەماعیدا ڕاگرتووە.

مەترسییەکانی سەر ژینگەو پابەندنەبوونی وڵاتە زلهێزەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژاپۆنی ئەوپەڕی دوورەدەستی قارەی ئاسیا بە پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ بۆ پاراستنی ژینگە، ململانێکانی چەکی ئەتۆمی‌و بازرگانانی بەقاچاغبردنی چەک لەلایەن مافیاکانی نزیک لە دەسەڵاتی هەندێک لەو وڵاتانەی خاوەنی پیشەسازیی‌و جبەخانەی چەکن، کاریگەریی گرووپە گەورەکانی مادەهۆشبەرەکان‌و گیرۆدەبوونی دەیان ملیۆن کەس بە نەخۆشییە کوشندەکانی وەک ئایدزو قەیرانی بەردەوامی مەجبورکردنی مرۆڤەکان بە کۆچکردنی نەخوازراو لەجێگەو ماڵی خۆیان، هەموو ئەم هۆکارە کوشندانە بەشێکن لەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتیی لەسەرئاستی جیهاندا، لە کەناری ئایندەیەکی پڕ لەناهامەتی‌و چارەنووسێکی ڕەشدا ڕاگرتووە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەندێک وڵاتانی جیهاندا، دیاردەی داگیرکردنی کورسی دەسەڵات‌و بەرداوامبوونی قەیرانی گەندەڵی‌و بیرۆکراتییەت، درێژەی هەیەو دانیشتووانی وڵاتەکانیانی لەبەردەم بێئیرادەیی‌و سەرکوتی سیاسیی‌و ئازادیی بیروڕادا ڕاگرتووە.

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی کەسانێک بۆ پەیداکردنی کاربێت، یان گەڕان بێت بەشوێن پەناگەی ئارامدا، دەکەونە ناو زریانی ئۆقیانووسەکان‌و دەبنە خواردنی نەهەنگەکان، یان دەکەونە بەردەم بەرداشی شەڕەکان‌و کەڵبەکانی دەستی تیرۆرو فتواکانی کوشتن‌و پیاوسالاریی، بەملیۆنانیش کە هەنووکە خۆیان بۆ ئاهەنگو شادییەکانی ساڵی نوێ ئامادەدەکەن‌و پێکی شادیی دەنۆشن، یان لەگۆشەیەکی ماڵەکانیاندا بەسادەیی وەک خەڵکی وڵاتەکەم دانیشتوون لەگەڵ دنیایەک خۆزگەو حەسرەتدا سواری ئەسپی خەیاڵن تا کەمێک لەو ستەم‌و ڕەنج‌و قەیرانانەی ئافاتەکانی سروشت‌و کۆتوبەندەکانی سیستەمی سەرمایەداریی بەسەریدا سەپاندوون‌و ژیانی مرۆڤایەتیی لەکۆیلایەتییەوە گۆڕیوە بە کۆیلەیەکی سەردەمی دیجیتاڵ‌و ڕاوەستان لەبەردەم چەند سەعات کاری تاقەتپڕوکێن‌و قەیرانی بێکاریی‌و نیشتەجێبووندان، لەوپەڕی حەسرەت‌و تامەزرۆییدان بۆ ژیانێک کە مرۆڤ وەک مرۆڤ بیربکاتەوە.

faraidun_73@hotmail.com

# شیکارییەک بۆ دەستپێشخەرییە نایاساییەکەی سەرۆک

ئاراس قادر *

من لەمێژە وتوومەو قەناعەتیشم وایە، لەکوردستاندا شتێک نییە بەناوی سەرکردایەتیی نیشتمانیی‌وکوردستانیی، بەڵکو ئەوەی هەیە سەرکردایەتیی حیزبییە. هەروەها تا ئێستا لەکوردستاندا دەزگایەک نییە مەرجەع بێت بۆ کورد بە پەرلەمانیشەوە، بەڵکو هەردوو سەرۆکی حیزبە گەورەکە لەدەرەوەی ئیرادەی کوردو یاسا، خۆیان تاکە بڕیاردەربوون بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەرو پەرلەمان.

لە ڕووی پراکتیکی‌و واقیعیشەوە، سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد هێشتا لەژێر ئەو پەندو گوتەیەدایە کە دەڵێت «ئەوەی کورد لەجەنگدا بەدەستی دەهێنێت، لەدانوستاندندا دەیدۆڕێنێت».

نامەوێت بەمێژووی ڕووداوەکاندا بچمەوە، دوایین ڕووداوی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم، نموونەیەکی بەرجەستەو نوێیە کە وتەکەی سەرەوەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

## سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان پەراوێز دەخات

بەپێی کارنامەی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، دەبایە بەر لەهەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ لایەنەعێراقییەکان، ڕەشنووسی ئەو ڕێککەوتنە بگەڕێتەوە پەرلەمانی کوردستان‌و بەر لە بڕیاری کۆتایی، پێویستە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکات وەکو تاکە مەرجەعی جەماوەری کوردستان، بەڵام سەرۆکی هەرێم پابەندی کارنامەکە نەبوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕۆڵی پەرلەمانی بێبایەخ کردو پەراوێزی خست. ئەمەش سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ سیستمی سەرۆکایەتیی‌و تاکڕەویی لەکوردستاندا کە من وەکو خۆم بڕوام بە سیستمی سەرۆکایەتیی نییە، تەنانەت بەپێی دەستووری عێراقیش، عێراق بەهەرێمەکانیشییەوە سیستمی سیاسیی پەرلەمانییە، نەک سەرۆکایەتیی، کەواتە خودی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم پێچەوانەی دەستوورەو سەندنەوەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمانەو کۆکردنەوەیەتی لەدەستی یەک کەسدا، ئەوەیش سەرۆکی هەرێمە.

## سەرۆک، نوێنەرایەتیی کورد ناکات

بەپێی ئەو یاسایەی لەکوردستاندا دایانڕشتووە، سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی کوردستان دەکات، بەڵام وەکو لە دەستپێشخەرییەکەیدا دەرکەوت کە بووە هۆی ڕێککەوتنی لیستی عێراقییەو هاوپەیمانیی نیشتمانیی، سەرۆکی هەرێم وەکو نوێنەری کوردستان مامەڵەی نەکردووە، چونکە کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق، کارنامەیەکی (١٩)خاڵیی خستبووە بەردەم ئەو دوو لیستە عەرەبە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت وەڵامی کوردیان نەداوەتەوە. دەبایە سەرۆک وەک نوێنەری کورد، ئەو (١٩)خاڵەی بکردایە بە بەشێک لە ڕێککەوتنەکە، نەک لەسەر حیسابی کورد، دوولایەن پێکبهێنێت. من پێموایە، ئەمە کارێکی شەخسیبوو وەک لەوەی وەک سەرۆکی هەرێم ئەرکەکانی جێبەجێکردبێت.

## دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک، دژی دەستوورە

سەرۆک، هەمیشە باس لەسەروەریی یاساو پابەندبوون بەدەستوورەوەدەکات، کەچی بەپێی ئەو دەستپێشخەرییەی کە کردوویەتی، یەکێک لەخاڵەکان بریتییە لە دامەزراندنی «ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان»، کە دەدرێت بەعەلاوی، وەکو مەرجێک بۆ بەشداریکردن لەحکومەت، بەڵام لەهیچ شوێنێکی دەستووری عێراقدا، ئاماژە بەوەها ئەنجومەنێک نەکراوە، کەواتە ئەم پێشنیازەی سەرۆک، پێشێلی یاساو پێچەوانەی دەستوورە، لەکاتێکدا ئەم ئەنجومەنە هیچ سوودێکی بۆکورد تێدا نییە. لەجیاتی ئەم ئەنجومەنە، دەبایە سەرۆک پێشنیازی دامەزراندنی «ئەنجومەنی فیدراڵیی» بکردایە، کە ئەنجومەنێکی دەستوورییەو لە بەرژەوەندیی کوردو زامنکردنی مافەکانیدایە.

## سەرۆک، هەوڵی گەڕاندنەوەی بەعسییەکان دەدات

هیچ تاکێکی کورد، ئەوەی لەبیر نەکردووە کە لەسایەی بەعسییەکاندا، کورد چی بەسەرهاتووە، هەر بەپێی پێشنیازو دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بێت، یەکێکی تر لەخاڵەکان بۆئەوەی لیستی عێراقییە ڕازی بێت‌و بەشداریی حکومەت بکات، بریتییە لە لێخۆشبوونی «سالح موتلەگ»و هاوڕێکانی کە بەر یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس کەوتوون، کە ئەمەش سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ گەڕاندنەوەی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم، ئەمەش دووبارە پێشێلکردنی یاسایە. هەر بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، وەکو حەیدەر مەولا، وتەبێژی لیستی عێراقییە ڕایگەیاند، دوای سێ مانگ دەبێت «دەستەی لێپێچینەوەو دادپەروەری» هەڵبوەشێتەوە. ئەو دەستەیەی کە تاکە دەزگای ڕێگرتنی بەعسییەکانە لە دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ سەر حوکم. ئەمە یەکەمجار نییە کە سەرۆک کاری لەمجۆرە دەکات، وەک چاوپۆشین لە مستەشارو جاشەکانی کوردستان، پێم وانییە ئەمە لەکارو دەسەڵاتی سەرۆکدا بێت، پێویستە پەرلەمان‌و لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەسەر ئەم کارەی سەرۆک وەدەنگ بێن‌و هەڵوێستوەربگرن.

## هەڵوێستەکانی لیستی عێراقییە بەرامبەر بە دەستپێشخەرییەکە

دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک کە لە (٦)خاڵ پێکهاتووە، هەمووی لەقازانجی لیستی عێراقییەدایەو بەهیچ شێوەیەک باس لەداواو مافەکانی کورد نەکراوە، کەچی لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، دوای ئەوەی کورد بێبەرامبەرو بێگرەنتی‌و ڕێککەوتنی واژۆکراو، دەنگی بە «ئوسامە نوجەیفی»دا بۆ سەرۆکی پەرلەمان، کەچی لیستی عێراقییە لەکاتی دەنگدان بە «مام جەلال» بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشت‌و داوای دواخستنی دەنگدانەکەیان کرد تا ئەو کاتەی سەرکردەکانی لیستی عێراقییە لەیاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس دەبەخشرێن، تەنانەت لەدانیشتنی (٢٠١٠/١٢/١٨) کاتێک ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان داوای دواخستنی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی کرد، کەچی «ئوسامە نوجەیفی» سەرۆکی پەرلەمان داواکەی ڕەتکردەوەو دەنگیان لەسەر پرۆژەیاسای بودجەکە دا، کە هەندێک لە بڕگەو مادەکانی دژی کوردن.

لێرەدا هەقی خۆمانە بپرسین، جەنابی سەرۆک، دەستپێشخەرییەکەی جەنابت جگە لەقازانجی لیستی عێراقییە، چ قازانجێکی بۆ کورد تێدایە؟ ئەگەر تا ساڵێکی تریش حکومەتی عێراقی پێکنەهاتبایە، کورد چ زەرەرێکی دەکرد؟ بۆچی لەکاتی ڕێککەوتنەکەدا (١٩) خاڵەکەی کوردت نەکرد بەمەرجی سەرەکیی‌و پێکهێنانی حکومەت؟ بۆچی دووبارە بەبێ گرەنتی‌و ڕێککەوتنی واژۆکراو بەشداریی حکومەتتان کردەوە؟

* مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین




# ژن، خاڵی لاوازی مەلاکان!!



ستارە عارف

* هەمیشە کە مەلاکان دێنەگۆ، بە تایبەتی ئەو مەلایانەی هێشتا بە عەقلیەتی سەردەمی دوورگەی عەرەبی‌و زیندەبەچاڵکردن قسە دەکەن، سەرتاپای ژیانی ژنان دەخەنە تەڵەزگەوە، ئاشکرایە ئەو کلتوورە سونەتیەی هەمیشە دەیلێین‌و بە ڕێگری بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی دادەنێین، لەم عەقلیەتەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچی کارو چەمکو کردەیەک سوودی ژنان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی تێدا بێت، ئەوان دژین.

* چەمکی جێندەر، هێندەی کار لەسەر بە یەکسانی بەشداریی‌و کارکردنی ژنان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە بوارە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، چارەکی ئەوە پەیوەندیی بە سێکس‌و زایەندی‌و هاوڕەگەزییەوە نییە، وەک مەلاکان ئاماژەیان پێکردووە.

* ڕۆژانە توندوتیژیی‌و کوشتن‌و سووتاندنی ژنان لەم کۆمەڵگەیەو کۆمەڵگەکانی تر لەسەر ژنان بەڕێوە دەچێت‌و مەلایەک ویژدانی نابزوێت‌و وتەیەکی دژ ناکات، هەرچی خراپەکارییە لەم کۆمەڵگەیەدا دەدرێتە پاڵ ژنان‌و مەلا قسەیەکی نییە، بۆچی لە دژی چەمکەکانی گەندەڵیی‌و فایلی بەرپرسەکان‌و هێندە تۆڕی سیخوڕی، کە لەم هەرێمەدا هەن قسەیەکیان نییە، هێندە کاڵای خراپ دێتە بازاڕەکانەوە قسەیەکیان نییە.

* بە دەگمەن بیستوومانە لە وتاری هەینیدا لە بارەی یەکێک لەو داگیرکاریی‌و ستەمە وتەیەک پێشکەش بە خەڵکی سادەی ئەم هەرێمە بکەن، کە کوردی پارچەکانی تری کوردستان دووچاری دەبنەوە، بۆچی دژی ئازادکردنی بکوژانی ژن نارەزاییەکیان نیشان نەدا، کە سەرۆکی هەرێم لە جەژنی قورباندا ئازادیکردن؟

* بۆیە من پێموایە؛ خاڵی لاوازی ئیسلامی سیاسیی‌و مەلاکان ژنە، ئەوان، نەک لە دژی تاوان‌و دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان نایەنە قسە، بەڵکو لەو کاتانەدا کە هەر بوارێکی تایبەت بە ژنان بێتە ئاراوەو لە ئێستاشدا لە دژی چەمکی جێندەر ئاستەنگ دروست دەکەن‌و نەک ناهێڵن خەڵک بە عەقڵ بیر بکاتەوە، بەڵکو جارێکیتر بۆ فشارو ئازاردانی ژنان هانیان دەدەن.

* با مەلاکان، ئەگەر دەتوانن دەست لە دۆزی ژنان بەردەن‌و بهێڵن وەک خۆیان بژین!، چەمکی جێندەر کەی کێشەی دروستکردووە، ئەگەر ئێوە نەیشێوێنن؟، لەناو هێندە ئاڵۆزیی سیاسیی‌و کارگێڕیی‌و گەندەڵیی بەرپرسان‌و جەنجاڵیی بازاڕو سەرقاڵیی خەڵک بە کێشەکانیانەوە، کەی کاتی هێنانە ئارای ئەم چەمکەو پێچەوانەکردنەوەیەتی، ئەگەر دەست، یان لایەنێکی لەپشتەوە نەبێت، بۆ لە ئێستادا دەیورووژێنن؟

*ئێستا لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا چالاکی دژ بە لەسێدارەدان هەیەو چەندین لاوی خەباتگێڕ لەژێر ڕەحمەتی پەتی سێدارەدان، ئایا جارێک بە خەیاڵیاندا هاتووە ڕیسوای بکەن‌و دڵنەواییەکی خەڵک بدەنەوە؟، دایکانی چاو بە فرمێسک، هانا بۆ هەرکەس‌و لایەنێک دەبەن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هاوکاریان بن‌و فشار لە دەوڵەت بکەن لاوەکانیان لە سێدارە نەدرێن.

* لە باکووری کوردستان دەوڵەتی تورکیا لە نوێوە بەڵێن تازە دەکاتەوە، کە یەک زمانی خوێندن هەیەو زمان‌و ناسنامەی کوردی قەدەغەیە، مەلایەک نەهاتە گۆ، هەرچەندە ئەم زوڵمە لە سایەی حکومەتێکی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەچێت.

* سەردەمانێک کورد لە هەر سێ پارچەکەی تری کوردستان ستەمی ڕۆژانەیان بەرامبەر دەکراو تورکیاو ئێران تۆپبارانیان دەکردین، مەلاو لایەنە ئیسلامییەکان ویژدانیان ئازاری نەدەدان، کەچی لەولاترەوە هاوکارییان بۆ کەرتی غەززەو فەلەستین کۆدەکردەوەو بۆیان دەناردن!

* ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتان چەندین جار لە بابەتە هەستیارەکانی تایبەت بە ژندا، هانایان بردووەتە بەر مەلاکان‌و داوایان لێکردوون، لەم بارەیەوە فەتوایەک بدەن بۆ نەفرەتکردن لە کوشتنی ژنان‌و خەتەنەکردنی کچان، ئەوان نەک گوێیان لێ ناگرن، بەڵکو ئەو کاتەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاماری خەتەنەکردنی کچانیان بڵاوکردەوەو تاوان خرایە ئەستۆی ئایینی ئیسلام، دەنگیان نەکرد.

* لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بە بەیاننامەیەک ڕەتیانکردەوە خەتەنە لە ئیسلامدا هەبێت، کەچی نەک قەدەغەو بە نەفرەتیان نەکرد، وتیان واجب نییە، بەڵام سوننەتە، بۆیە هێندەی تر کێشەکەیان لەناو خەڵکدا برەو پێدایەوە!!

* لەوڵاتێکدا کەس ناوێرێت ناوی ئایین‌و مەلاکان بهێنێت، یەکسەر ڕووبەڕووی سزای قورس‌و دادگا دەکرێتەوە، کەچی هێندە کوشتنی ژنان‌و ڕۆژنامەنووسان‌و هێندەی یاسای خراپ لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، هێندە نەهامەتی ڕۆژانەی بازاڕو گرانی نرخ ڕووبەڕووی خەڵکی هەژار دەبێتەوەو لە چوار دەورماندا سنوورەکانمان تۆپباران دەکرێن‌و کوردی پارچەکانی تری کوردستان زوڵمیان بەرامبەر دەکرێت‌و لە سەرەتاییترین مافیان بێبەشن، مەلا یان لایەنێکی ئیسلامیی سیاسیی هەڵوێست‌و قسەی نییە.

* لێ هێندەی هاتنە گۆ ژن وەک خاڵی لاوازیی خۆیان نیشاندەدەن‌و هێرشی نارەوایان دەکەنە سەرو ئاستی توندوتیژیی بە ڕەفتارەکانیان لە دژی ژنان برەو پێ دەدەنەوە.

* با وەزارەتی ڕۆشنبیریی خۆی بێتە قسەو ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوەو لە خەڵکی بگەیەنێت، کە بابەتەکەی ئەوان ئەوە نییە، کە مەلاکان چەواشەیانکردووە، بەبێ هیچ شەرم‌و موجامەلەیەک بۆ لایەنە ئیسلامییەکان.

Stare_arif@hotmail.com












# کێکی دەسەڵات



دلێر عەبدولخالق

ئەگەرچی ڕێککەوتنی ژێربەژێری سەرۆکی هەرێم «گـۆڕان»ی لە کابینەکەی نوری مالکی بێبەشکرد، بەڵام پێدەچێت تاکە هێزێک پەنجە پڕ میهرەکانی یەزدان لەناو زەلکاوی گەندەڵیی‌و بێسەروبەرەیی کارگێڕیی عێراق بپارێزێت، ئەو هێزە بێت؟!

بەدەر لەو رایەڵە سیاسییانەی بزووتنەوەی گۆڕان بە پرۆسەی سیاسیی‌و هێزە جیاوازەکانی عێراقەوە دەیبەستێتەوە، لەم سەرنجە ڕۆژنامەوانییەدا هەوڵدەدرێت پتر لەوەی «گۆڕان» وەک بزاوتێکی جەماوەریی‌و لە چوارچێوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو لێی بڕواندرێت، ئاماژە بەو شەقامە ڕاسترەوە بکرێت، وەک خەتی سێیەم مەترسیی لەسەر دەسەڵاتی بنەماڵەیی کوردی دروستکردووە.

ژمارەو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەریدەخات «خەتی سێیەم» لە پێشبڕکێی دیموکراسیدا «خەتی دووەم» یەکێتی نیشتمانیی تێپەڕاندووەو پارتی دیموکراتیش وەک «خەتی یەکەم» تەواو بێزارو مەلول کردووە.

فۆبیای ئەو جەماوەرە ڕامنەکراوە، هەرەمی دەسەڵاتی کوردی بەو ئاراستەیە پەلکێش کردووە، هەموو ڕێگەیەک بگرێتەبەر لەپێناو کزبوونی ڕووناکیی ئەو هێزە، لەپێناو نەگەیشتنی ئەو شەقامە لە هەولێرەوە بە بادینان، لەپێناو یەک بیرکردنەوەی خەڵکی، لەپێناو شەقامی بێ خۆپیشاندان، لەپێناو ڕۆژنامەی بێ ڕەخنە، لەپێناو بچووکیی هەمووومان بەرامبەر سەرۆک، لەپێناو چاوەڕێکردنمان تا هێزێک دەبێتە زۆرینەی ڕەها!

ئەستەمە، ئەو خەڵکەی موزایکی گۆڕانی پێکهێناوە، لەناو چوارچێوەیەکی سیاسیی قەتیسبکرێت، قەتیسناکرێت، چونکە سحری ئەو هێزە پتر لە دەرەوەی سیستمەکە، لە دەرەوە نەشونماو گەشە دەکات، لە دەرەوەی سیستم پەلوپۆی سیستم دەخاتە بەر ڕەخنە، لە ناشوێنی دەسەڵاتەوە بە چاوێکی تیژو گوێیەکی هەستیارو دەستێکی بزۆز مەوداکانی دەسەڵات دێنێتەوە یەک.

لەبەرئەوەی ئەم شەقامە بە لاڕێدا نابرێت، سەرسام نابین بەوەی سەرکردە کوردەکان هەموو هەوڵی خۆیان چڕکردەوە تا لە بەغدا ئیرادەی دەنگدەرانی گۆڕان لە حکومەت پەراوێز بخەن، بەم هەوڵەش گۆڕانیان پاراست تا تامی حەرام لەو «کێکە ئامادەکراوە»ی عێراقییەکان نەکات، کە حکومەتی مەرکەزیی لە دەوری کۆبووەتەوەو هەر لایەنە بەشێکی دەپچڕێت‌و بۆ قازانجی سیاسیی خۆی بەکاردەهێنێت.

وەک هاوڕێکەم، وتی: « لەم قۆناغەدا، تەنیا ئەو بەشەی گۆڕان ناشرینە، کە داوای دەسەڵات دەکات» ئەم تێڕوانینە بەشێکی فراوانی شەقامی دەرەوەی پارتی‌و یەکێتی دەگرێتەوە، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت گۆڕانە، نەک حکومەت. گۆڕانە، نەک پۆستی وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەرو سەفیر.

ئەم بیرکردنەوەیە لەبەر ئەوە نییە پۆستەکان گرنگ نین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەگەر «نەزیهترین مرۆڤیش» بێت‌و یەکێک لەو پۆستانەی تەسلیم بکرێت، نەک پاک‌و بێگەرد دەرناچێت، جەماوەرەکەشی ناچاردەکات ڕۆژانە خەریکی سازاندنی لیستێک پاساو بن بەرامبەر سلبیاتەکانی ئەو!

ڕاستە هەموو هێزێک پێویستە بگاتە دەسەڵات، بەڵام گەیشتنە دەسەڵات بە شکستی کارنامەی سیاسیی جگە لە نەگەیشتن بە دەسەڵات هیچی تر نییە، وردتر ناکرێت گەیشتنە دەسەڵاتی «گـۆڕان» لەسەر حیسابی ڕەوتی چاکسازیی هەرێم‌و کارنامە سیاسییەکەی بێت.

وەک چۆن چاودێرانی سیاسیی جەختدەکەنەوە حکومەتی بنکەفراوان، کابینەیەکی بێهێزە، قسەکانی نوێنەری عەلی سیستانی؛ گەورە مەرجەعی شیعە ناکارایی حکومەت وەک مانگەشەوی سەر لە ئێوارە دەبینێت.

عەبدولمەهدی کەربەلائی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا، دەڵێت: «پێکهاتەی حکومەت لە ئاستی چاوەڕوانی عێراقییەکان نەبوو، ئەوەی بڕیاربوو پۆستەکان لەسەر بنەمای تواناو شارەزایی‌و لێهاتوویی بێت، پێچەوانەکەی ڕاست بوو، پۆستەکان بۆ ڕازیکردنی لایەنەکان بوون‌و وەزارەتە گرنگەکان سەرکردەی کوتلەکان وەریانگرتووە».

هەرچەندە بەشدارینەکردنی گۆڕان ئیجباریی بووە، بەڵام ئامادە نەبوون لە کابینەیەکی لەو شێوەیە، مایەی خۆشحاڵییە، نەک ترس‌و سامناکیی ئەنجامەکانی، بەتایبەت ئەگەر بزانین ئامانجی دروستبوونی ئەو هێزە گەورەترە لە وەرگرتنی پۆستگەلێک!

نووسینەکانی «نەوشیروان مستەفا» کە لە کۆتایی (٢٠٠٨) لە «ڕۆژنامە»و سایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە، بریتییە لە لایەنە تیۆریزەکراوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، بە دیاریکراویی گوتاری ئێمەو ئەوان کێشەکانمان لەسەر چین؟ بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کێشەی ئەو هێزە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم پۆست‌و پلەو پارە نەبووە، بەڵکو سەرلەنوێ دارشتنەوەی واقیعێکی ترە.

ئەو واقیعە نوێیە، بە وەرگرتنی پۆستێکی وەزاری نایەتەدی، ئەوەی زەمینەی بۆ دەسازێنێت، قۆناغبەندیی پراکتیزەکردنی کارنامەی گۆڕانە، نەک چاوکزکردن بۆ بەشداریکردن لە ئیدارەیەکی شکستخواردوودا.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩